REMO H. LARGO

ساڵانی ساوایی

گەشە کردن و پەروەردەکردن لە چەند ساڵی سەرەتادا

وەرگێڕان: چراخان شیت بەرزنجی

ناوی کتێب : ساڵانی ساوایی
نوسەر : REMO H. LARGO
وەرگێڕان: چراخان شیت بەرزنجی
چاپی یەکەم: ٢٠٢٢
ژمارەی سپاردن : لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (١٦٠٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە.
تیراژ: ٥٠٠
لەسەر ئەرکی (دەزگای مرۆیی مام) چاپکراوە

Title: Baby Jahre
Author: REMO H. LARGO
Translation: Chrakhan Sheet Barzanji
Third Edition: 2022
Isbn:
Number: 500
Sponsored by: Mam Humanitarian Foundiation

پێڕست

دەربارەی ئەم پەرتوکە...٩
سەرەتا وشەی نووسەر...١١
سەرەتا وشەی وەرگێڕ ١٥
پێشەکی...١٧
پێداویستییە سەرەتاییەکان ١٨
منالآن چۆن گەشە دەکات؟ ٢١
هاندان چەند پێویستە بۆ منالْ؟ ٢٩
فێربوونی کۆمەڵایەتی...٣١
فێربوون لە ڕێی گەڕان و دۆزینەوە ٣٤
پەروەردەکردن...٣٦
بەهێزکردنی پۆزەتیڤەکان...٤٥
پشتگوێخستن..٤٥
بەهێزکردنی نێگەتیڤەکان. ٤٦
هیچ دایك و باوکێك پێرفێکت نی یە..............................٤٩
منالْ دەبێت چۆن چاودێری بکرێت ٥٠
داهاتوویەك بەبێ منالْ؟ ٥٨
پریۆرتی دانان (پێشخستن بەپێی گرنگی) ٥٩
پەیوەندییەکان ٦٧
ڕەفتاری پەیوەستبوون..٧١
وەرگرتن و داربڕینی سیگنالە (نیشانە) کۆمەڵایەتییەکان....٧٧
فێربوونی کۆمەڵایەتی..٨٩
درکی کۆمەڵایەتی...٩٣
چاودێری ٩٥

جووڵە ١٠١
بەررەنگار بوونەوەی هێزی کێشکردن.................. ١٠٣
دەستکردن بە گەڕان ١٠٤
ڕاهێنان یان وازهێنان تا پێگەیشتن ١٠٥
نوستن ١١١
نوستن چییە؟ ١١٤
خول و ریتمەکان ١١٦
ماوەی نوستن.. ١٢٥
نووستنی باش ١٢٧
گریان و قیژاندن... ١٢٩
بۆچی منالٌ دەقیژێنێت؟ ١٣١
قیژاندن بەبێ هیچ هۆیەکی دیار ١٣٥
چ شیکردنەوەیەك هەیە بۆ قیژاندنی بێ هۆ؟.......... ١٣٨
مامەڵەکردن لەگەڵ قیژاندن ١٤٢
چۆن منالێك کە دەقیژێنێت ژێردەکرێتەوە؟............. ١٤٦
دراوسێکانیش گوێیان لێیەتی.. ١٥٠
یاریکردن.. ١٥٣
یاری منالان هیچ مانایەکی هەیە؟ ١٥٥
یاریکردن چی یە؟... ١٥٨
بۆ منالٌ یاری دەکەن؟ ١٦٦
منالان هەموو وەك یەك یاری دەکەن؟ ١٧٣
کچ و کوڕ وەك یەك یاری دەکەن؟ ١٧٤
یاری... ١٧٦
پێکەوە یاریکردن ١٧٦

زمانگرتن ١٨٥
مانای پەیوەندی بۆ زمان ١٩٠
مەرجە بیۆلۆجییەکان بۆ زمانگرتن ١٩٢
زمان و بیرکردنەوە ١٩٨
ڕۆڵی دایك و باوك ٢٠٠
خواردن و خواردنەوە.. ٢٠٣
سێ شێوازەکەی خواردن... ٢٠٥
شیردان دیسان باوە ٢٠٧
شیری دایك یان شیری وشک؟ ٢٠٩
سەربەخۆیی... ٢١٤
نەریتەکانی سەرخوان ٢١٦
خوان و بۆنەکان ٢١٧
گەشەکردن ٢٢٣
جیاوازییەکان لە گەشەکردندا ٢٢٥
هەرمناڵەو خێرایی گەشەکردنی خۆی هەیە ٢٢٧
مناڵەکە باش گەشە دەکات؟................................... ٢٣١
گۆڕانی پەیکەری... ٢٣٣
خۆتەڕنەکردن و پاکڕاگرتن.. ٢٣٧
سەرچاوەکان ٢٣٩

دەربارەی ئەم پەرتوکە.

هەر منالّەو بەجۆرێك بێ هاوتایە. هەموو پلەكانی گەشەكردن و هەڵسوكەوتەكان لە منالّێكەوە بۆ منالّێكی تر جیاواز دەردەكەوێت. چ كاتەكەی و چ شێوازی دەركەوتنەكە لە منالّێكەوە بۆ منالّێكی دیكە جیاوازە. دایك و باوك چۆن بتوانن خۆیان لەگەڵ پێداویستی و ڕەفتاری هەرمنالّێكدا بگونجێنن؟ دەیان سالّە پرۆفیسۆری سویسری و پزیشكی منالاّن ڕێمۆ لارگۆ توێژینەوە لە بواری گەشەی منالّدا دەكات. لەم كارەیدا باس لە گەشەی منالّ لە چەند سالّی سەرەتایی ژیانیدا دەكات و شێوازە جیاوازەكانی دەخاتە ڕوو. مەبەستی نوسەر و چەمكی پەروەردەكردنەكەی بۆ هەموو منالّێكی تەندروست و ئاساییە مەبەست شێوازی نموونەیی نی یە. ئەم كارەی ئەم پزیشكە ناودارە یەكێكە لە پێداویستیە سەرەتایەكانی هەر تازە دایك و باوكێك.

سەرەتا وشەی نووسەر.

ساڵانی ساوایی لەسەرەتایی دەرچوونییەوە لە ١٩٩٣ خوێنەرێکی زۆری هەبوو لەناو دایك و باوکاندا و هەمیشە ڕوو لە زیاد بوون بوو. لەگەڵ ئەوەشدا دوای ١٥ ساڵ تازەکردنەوەیەکی بنەڕەتی پێویست بوو. چی تازەیە لەم بەرگەدا؟
ئەم بەرگە نوێ یە زیاتر تیشك دەخاتە سەر ئەولایەنە پەروەردەییانەی کە لە ئێستادا لەلایەن شارەزایان و دایك و باوکانەوە زیاتر گرنگی پێدەدرێت لەچاو سەرەتای ساڵی نەوەتەکان: زاڵبوون بەسەر بابەتی بەخێوکردن و چاودێری مناڵ لەپاڵ کارکردندا و دۆزینەوەی داینگەیەکی باش و ڕۆڵی باوکان لە چاودێریکردنی مناڵ و چۆنێتی ڕەفتارکردن لەگەڵ بەکارهێنانی میدیاکان. لەگەڵ بەلەبەرچاوگرتنی تازەترین دۆزینەوە زانستییەکان دەربارەی گەشەکردنی مناڵ کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا گرنگی زۆری هەیە. بۆنموونە دیاردەی توانای بیرکردنەوەو هەستکردن وەك مرۆڤێکی تر. ئەم دیاردەیە لە تەمەنی ٤ ساڵیدا سەرهەڵدەدات و مەرجێکی گرنگە بۆ رەفتارکردنێکی هەستیارانە. لەم بەرگەدا بۆئەوەی خاسڵەتەکانی ساڵانی سەرەتای گەشەی تەمەنی مناڵ بەباشی بخەینە ڕوو لە دوو ساڵەوە بۆ ٤ ساڵ زیادکرا. لە ساڵانی سەرەتای تەمەنی مناڵدا هەموو لێهاتووییەکی تایبەت دەتوانێت پەیدا بکات کە لە مرۆڤدا هەیە. بەڵام بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە گەشەکردنەکان لەم تەمەنانەدا کۆتاییان پێدەهێنرێت. لێهاتوویەکان چەندەها ساڵی تریان دەوێت تاکو بە

ئاشکرا دەربکەون، بەڵام منالّەکە لە ٤ ساڵی سەرەتای تەمەنیدا فێری لێهاتووییە بنەڕەتییەکان دەبێت.
بیرۆکەی پەڕتوکەکە پاش نوێکردنەوەکە وەك خۆی ماوەتەوە. مەبەستی پەڕتوکەکە ئەوە نی یە وەك ئامۆژگاری بۆ کاتی چارەسەرکردنی کێشەکان ڕۆڵ ببینێت. بەڵکو دەیەوێت زیاتر پشتگیری دایك و باوك بکات بۆ باشتر تێگەیشتن لە پێداویستییەکانی منالّەکە و تایبەتمەندییەکانی و ڕەفتارەکانی منالّەکە بەهەند وەربگرن بۆ ئەوەی بتوانن بەپێی ئاستی گەشەی منالّەکە ڕەفتاربکەن و ئامادەبن. بەشێکی گرنگی پەڕتوکەکە دەربارەی ئەوەیە کە هەر منالّەو لە گەشەکردندا جیاوازە لە منالێکی تر. ئەو جیاوازیانە لە ڕێی چەندەها هێڵکارییەوە لە هەموو بوارەکانی گەشەکردنی وەك چووڵە و زمان و خەوتن خراونەتە ڕوو.هێڵکارییەکان لە توێژینەوەی سویسرییەوە وەرگیراون کە تیایاندا توێژینەوە لەسەر گەشەی زیاتر لە ٧٠٠ منال لە کاتی لەدایك بوونیانەوە تا تەمەنی هەرزەکاریان کراوە. لە هێڵکارییەکاندا جیاوازییەکان بەتەواوی دەردەکەون وئەوەش دەریدەخات کە هیچ کلێشەیەکی گشتی نی یە کە بۆ گەشەی هەموو منالێك بگونجێت. ئەوەی گەورەکردنی منال بۆ دایك و باوك گران دەکات ئەوەیە کە خۆیان ڕابێنن لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی هەر منالێکیاندا.



بەشێکی گرنگی تری پەڕتوکەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە هەوڵ دەدات تیشك بخاتە سەر پێداویستییە دەروونی و جەستەییەکانی منالەکە بەپێی ئەو تەمەنی کە تیایدایە، بەمەبەستی گەشەکردنێکی دروست. بەتایبەتی لە بوارەکانی پەیوەندی نێوان منال و دایك و باوك و ئەزموونەکانی منالەکە لە گەڵ منالێتر و دەوروبەر و چاودێریکارەکانی.

بەشی سێیەمی گرنگی پەڕتوکەکە دەربارەی ئەوەیە کە پیشانی دایك و باوك بدرێت کە هەموو منالێك ئارەزوی گەشەکردن دەکات. بۆ ئەوەی بەو ئامانجەی بگات، دەبێت بواری بدرێت بە ئەزموونە پێویستەکاندا تێپەڕێت. بۆ ئەوەی دایك و باوك بتوانن پشتگیری منالەکەیان بکەن و منالەکەش بەباشی بتوانێت گەشە

بکات، دەبێت دایك و باوك فێربن بە باشترین شێوە لە ڕەفتارەکانی منداڵەکەیان تێبگەن و بیخوێننەوە.
پەرتوکەکە تەنها ناوەڕۆکەکەی دەستکاری نەکراوە بەڵکو شیوازی دەرەوەشی گۆڕاوە. لەیئاوتە رەنگاوڕەنگەکەی یارمەتی خوێنەر دەدات ئاسانتر خۆی تیا بدۆزێتەوەو هێڵکارییەکان باشتر تێبگات. وێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی کە لە ئەلبومی خێزانەکانەوە وەرگیراون هەموویان ژیانێکی ئاسایی ڕۆژانە دەردەخەن. جگەلەوە وێنەکان لە چەند گرتەیەکی فلمی دمەزراوەی توێژینەوەی سویسری وەرگیراون، چونکە لەو فلمانەدا چەند ڕەفتارێکی زۆر تایبەتی منداڵەکان بەباشی دەبینرێن.

تازەکردنەوەکەی "**سالانی ساوایی**" کاتێك جێی خۆی دەگرێت کە بزانین ئەم پەرتوکە هێشتا دەتوانێت دایك و باوك و شارەزایان لە بوارەکەدا لە سروشت و جیهانی منداڵ نزیکتر بخاتەوە و ئەوەیان تێبگەیەنێت کە سالانی گەشەی منداڵ چەند خۆش و سەرسوڕهێنەرە.

Remo H. Largo

ئۆتلیبورگ، جولای ٢٠٠٧

سەرەتا وشەی وەرگێڕ

لەیەکەم ڕۆژەوە کە "**سالآنی ساوایی**" م گرت بە دەستمەوە ووتم دەبێت ئەم پەڕتوکە وەربگێڕم بۆ کوردی. ئێستا بواری ئەوەم هەیە و دەست پێدەکەم.

"**سالآنی ساوایی**" بۆ من یارمەتی دەرێکی زۆر گەورە بوو، ئەگەرچی من ٢٠٠٥ تەنها بەرگی یەکەمیم لەبەردەستا بوو، بەڵام وەك تازە دایکێك کە نە دایکی من نە دایکی هاوسەرەکەم لەژیاندا مابوون زۆر پێویستم بەوە بوو یەکێك پێمبڵێت منالەکە بۆ وادەکات؟ چییەتی؟ ئاساییە؟ پێش من بە دوو ساڵ خوشکەکەم ئەم پەڕتووکەی بە دیاری بۆهاتبوو و سوودی زۆری لێوەرگرت بە ڕادەیەك منالەکەی چ ڕەفتارێکی دەکرد دەیگوت ئەوە لە "**سالآنی ساوایی**" دا نوسراوە کە بۆ وادەکات و مانای چی یە.

لەوانەیە ئێستا لەسایەی ئینتەرنێت و گۆڕانکارییەکان فراوانی میدیاکان و بەهۆی پەیدابوونی گۆڤار و بڵاوکراوەی کوردییەوە دایکان بواریان زیاتربێت لەچاو پێش ١٦ ساڵ یان لەوەوبەر، بەڵام بەڕای من پەرتوکێکی ئاوا کەلایەن پزیشکێکی شارەزاوە نوسراوە زیاتر جێگەی متمانەیە لە نوسراوێکی کورت. جگەلەوە فراوانی بوارەکانی کە نووسەر باسی لێوەکردون لە کەم سەرچاوەدا بەم شێوەیە باس دەکرێن. ولەئەزموونی خۆمەوە ئەزانم کە پەڕتوك بە پێچەوانەی ئینتەرنێت و میدیاکانی تر دەتوانیت لە هەر کات و شوێنێکدا بیگریت بەدەستەوە. ئایا لەکاتی شیردانبێت، کە منالەکە بەهێواشی و لەسەر ئارەزوی خۆی بە شێنەیی شیردەخواتەوە و دایکەکە لەچاوەڕێکردن زیاتر هیچی تری پێناکرێت و یان لەکاتی

بێکارەبایی بێت و یان لە دەرەوە و لەبەر تیشکی خۆر. شایەنی باسە بۆ من زۆر خۆش و چاوەڕێ نەکراو بوو کە نووسەر لەبەشێکدا لە یەکێك لە نمونەکانیدا ناوی کوردستان دەهێنێت. بێگومان میلەتێکی دێرینی وەك ئێمە ئەزموونمان زۆرە لەگەڵ جوان بەخێوکردنی منالڵدا. بەهیوای ئەوەی زانایانی ئێمەش زیاتر لەو بوارە بکۆڵنەوە و ئەو ئەزمونانە بەشێوەی زانستی لێکبدەنەوە و بڵاوی بکەنەوە.

شایەنی باسە "**ساڵانی ساوایی**" تەنها بۆ تازە دایك و باوك و نی یە بەڵکو لەبەر ئەوەی نووسەرەکە خۆی پزیشکێکی بەئەزموونی منالانە و توێژەری بواری گەشەکردنی منالە دەتوانرێت لە بواری توێژینەوە یان لەلایەن دایەن و داینگەکانەوە سوودی لێوەربگیرێت. وەك لە ووتەی نوسەردا باسکراوە ئەم بەرگەی پەڕتوکەکە باسی ٤ ساڵی سەرەتا دەکات بەڵام بەداخەوە و بەمەبەستی ئەوەی بەشێکی نوسینەکە بچێتە چاپەوە و چیتر دوانەکەوێت من لە پێشدا تەنها بەشی سەرەتای بابەتەکان، کە بەشێوەی گشتی باسی گەشەکردنی منالڵ دەکەن، بڵاو دەکەمەوە. بەشەکانی تر پشت بەخوا بەزوترین کات بەدوای ئەم بەشەدا دێن. دەمەوێت ئاماژە بەوەش بدەم کە ئەم پەڕتوکە بۆ قازانج نی یە. بەهیوای ئەوەی سودێك بە ئێوەی خوێنەر بگەیەنم و ئێوەش وەک من کاتێکی خۆش ولەیادنەکراو لەگەڵ تەمەنی ساوایی جگەرگۆشەکان بەرنەسەر.

وەرگێڕ: چراخان شیت بەرزنجی

درێسدن - جولای ٢٠٢٢

پێشەکی

سارا چەند کاژێرێکە هاتۆتە دنیاوە. کێشی ٣.٥ کیلۆگرامە. شێوەی سەری ئاساییەو ڕومەتەکانی و ڕان و قۆڵەکانی خڕن. بەهەموو توانای خۆی دەقیژێنێت و پەلەکانی ڕادەوەشێنێت. بە دوو چاوی گەش تەماشای دایك و باوکی دەکات.

دایك و باوکی سارا زۆر بەختەوەرن: مناڵیان بووە. تاماوەیەك دایك و باوکەکە هێشتا حەپەساون و سوپاسی خوادەکەن کە مناڵەکەیان بە لەشساغی لەدایك بووە. هەر تۆز نا تۆزێك سەیری دەکەن و دڵیان بە هەموو جووڵەیەکی خۆشە. بۆ ئەو دایك و باوکە لەم کاژمێرانەدا هیچ شتێك لە کچەکەیان گرنگترن نی یە.
لە چەند رۆژی داهاتودا لەگەڵ سارا دەگەڕێنەوە ماڵەوەو ئینجا بۆیان دەرەکەوێت کە ئیتر هەر خۆیانن و تەنها خۆیان بەرپرسیارن لە سارا بۆ نزیکەی ٢٠ ساڵ. ئایا دەتوانین باش بین بۆی؟ زیاترین ئەو پرسیارانەی کە لەلای دایك و باوکی دروست دەبێت:

- پێداویستیەکانی سارا چین؟ چۆن دابینیان بکەن؟ چەند نازی پێویستە؟ دەتوانین بەباشی چاودێری بکەین؟
- چۆن گەشە دەکات؟ چۆن بتوانین ئاگاداری گەشە کردنی بین؟ هیچ دەتوانین بکەین بۆ ئەوەی باشتر گەشە بکات؟
- چۆن پەروەردەی بکەین؟ کەی ئەو خۆی بڕیار بدات و تاکەی ئێمە بڕیاری بۆ بدەین؟

- مانای سارا بۆ خێزانەکەمان چی یە و چەند لە ژیانمان دەگۆڕێت؟



ئەوەی دایك و باوك ئاواتی دەخوازێت: منالێکی ڕوخۆش

لەم پێشەکییەدا هەوڵ دەدەین ئەو وەڵامانە بۆ ئەو پرسیارانە بدۆزینەوە کە بۆ منالەکە و گەشەکردنەکەی گونجاون.

پێداویستییە سەرەتاییەکان

بۆ ئەوەی منال بتوانێت باش گەشە بکات و ڕوخۆش و پەرۆشی فێربوون و چالاك بێت، دەبێت پێداویستییە سەرەتاییە جەستەیی و دەروونییەکانی دابین بکرێت. لە چەندین لێکۆڵینەوەدا سەلمێنراوە کە خراپی باری بژێوی و پشتگوێ خستنی دەروونی کاریگەری لەسەر ساوا و منالی بچوك هەیە. منال بۆ گەشە کردن پێویستی بە نزیکی جەستەیی و نازی دایك و باوك و کەسانی نزیك هەیە. ئەو منالانەی لە ڕوی دەروونییەوە پشتگوێ دەخرێن کێشەیان دەبێت لە گەشە کردندا. تەندروستی باش مەرجی ئارامی جەستەییە. برسێتی و تینوییەتی و پێداویستییە جەستەیەکانی تری وەك پاراستن لە سەرما و جلوبەرگی وشك و پاك بەهەمان شێوە

دەبێت دابین کرابن. تەنها ئەو منداڵانەی خواردنی باش و چاودێری باش و لەشساغن دەتوانن بە شێوەیەکی ئاسایی گەشە بکەن. هەواڵەکان لە وولاتانی جیهانی سێیەمەوە ڕۆژانە پیشامان دەدەن کە کاریگەری خراپی کەمی خۆراك و پشتگوێخستن و نەخۆشی چەند زۆرە لەسەر گەشەی منالانی ئەو وولاتانە.

دایك و باوك خۆشحاڵن بە باشی تەندروستی منالەکانیان. نەخۆشی ئەگەر تەنها سەرمابوونێکی کەمیش بێت نیگەرانیان دەکات. کاتێك ساوایەك شیر زۆر بخواتەوە یان منالیکی بچوك زۆر بخوات ئەوا دایك و باوك دڵخۆش دەبن و دەڵێن کەواتە بەباشی چاودێریمان کردووە. بەڵام منالێکی کەمخۆر دەبێتە هۆی ترساندنی هەموو کەسوکاری. بۆیە دایك و باوك دەکەونە پرسیار و دەڵێن: ساوا دەبێت چەند شیر بخواتەوە؟ لەکەیەوە دەست بکەین بە پێدانی شلەمەنی و خواردن بە منالەکە؟ بۆ وەلامی ئەو پرسیارانە ڕێنمایی هەیە، بۆ نموونە لەسەر پاکەتی شیری منالی ساوا. بەڵام ئەو ڕێنماییانە بۆ زۆربەی منالان ناگونجێن چونکە هەر منالەو پێداویستی خۆی هەیە. هەندێ ساوا تەنها نیوەی منالێکی هاوتەمەنی خۆیان دەخۆنەوە. هەر منالەو لە تەمەنێکی جیاوازدا ئامادەیە خوادنی مڵ و نەرم یان هاڕدراو بخوات. هەروەك چۆن بۆ گەشەکردن دەوترێت: منال کاتێك بە باشی گەشە دەکات کەدایك و باوك پێداویستییەکانی بەگوێرەی خودی منالەکە خۆی بۆ دابین بکەن، خۆراکیش بەهەمان شێوەیە. زۆر خواردن بەهیچ شێوەیەك باشترن نی یە لە کەم خواردن بەڵکو تەنانەت زیادەیە و زیانبەخشە.



ئارامی

تێگەیشتن لە پێداویستییە دەروونییەکانی مناڵ گرانترە لە پێداویستییە جەستەییەکان و هەربۆیە دابینکردنییان ئاسان نی یە. مناڵ دەبێت هەست بە دڵنیایی و مەیل بکات بۆ ئەوەی ئارام بێت. دڵنیابوون کەسانی نزیك دەتوانن پێی ببەخشن. مناڵ لە ساڵانی یەکەمی ژیانیدا ناتوانێت بەتەنیا بێت. پێویستی بە کەسێکی متمانە پێکراوە کە بتوانێت هەموو کاتێك نزیکی و یارمەتی و پاراستنی پێببەخشێت.

نازی دایك و باوك بەهەمان شێوەی خۆراك و چاودێری کردن گرنگە: مناڵ باشتر گەشە ناکات بەوەی نازی زیاتری پێ بدرێت. دابینکردنی پێداویستییەکان سنووری هەیە و تێپەڕاندنی کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر مناڵەکە. هەموو کەسێك دەزانێت بە پێدانی خواردنی زۆر مناڵ باشتر گەشە ناکات بەڵکو دەبێتە هۆی

چەوری دروستکردن. زیادەڕەوی لە خەمخۆریکردنیشدا بەهەمان شێوەیە: خۆشگوزەرانی پێ زیاد نابێت بەڵکو مناڵەکە پابەند و ناسەربەخۆ دەکات. مناڵی ناسەربەخۆ جۆریان هەیە، یان ترسنۆکن یان هار و شەڕانی دەبن و ئارەزوی ئەوە ناکەن خۆیان شت تاقی بکەنەوە.

پێداویستی نزیکی جەستەیی و نازهەڵگرتن لە مناڵێکەوە بۆ مناڵێکی تر زۆر دەگۆڕێت. لەوانەیە نەتوانرێت بە تیۆری بڕی ڕاست بۆ نزیکی و نازدان بە هەر مناڵێك دیاری بکرێت. بەڵام مناڵەکە خۆی بە هاڵسووکەوتی و باری دەروونی پیشانمان دەدات پێویستی بەچەند لە ناز و نزیکییە. ئەم پەڕتوکە دەیەوێت یارمەتی دایك و باوك بدات بە شێوەیەکی ڕاست مناڵەکەیان بخوێننەوە.

ئەرکی سەرەکی سەرشانی دایك و باوك ئەوەیە کە چاودێری مناڵەکەیان بەشێوەیەك ڕێکبخەن کە مناڵەکە هەموو کاتێك هەست بە دڵنیایی و ئارامی بکات. هەست بەوە بکات کە دەوروبەریان ئەویان پێ پەسەندە و ڕاتی ناکەنەوە. زۆربەی دایك و باوکان ئەم ئەرکەیان بە تەنیا بۆ ئەنجام نادرێت. پێویستییان بە پشتگیرییە بۆ ئەوەی بە باشترین جۆرێتی و بەردەوامی ئەم ئەرکەیان ئەنجام بدەن.

مناڵان چۆن گەشە دەکات؟

بەتەنها یەکەم ٤ ساڵی تەمەنی مناڵ بریتین لە چارەکێکی ژیانی مناڵی مرۆڤ. لەو چەند ساڵە کەمەدا نیوەی هەموو پرۆسەی گەشەکردن تێدەپەڕێنن. ساوا و مناڵ بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر گەشە دەکەن. لە شێوەی زیندەوەری بچوك و بێدەسەڵاتدا دێنە

دنیاوە، نە توانای جووڵەیان هەیە بەباشی نە توانای پەیوەندیکردن و بە ئاستەم کاریگەرییان لەسەر دەوروبەریان هەیە. بەڵام بە ٥ساڵی توانای جووڵە و تەنانەت جووڵەی وردیان هەیە و دەتوانن بە زمانێکی باش خۆیان لە بەرامبەر بگەیەنن. دەتوانن بە چوستی هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانی دەوروبەریان بکەن و شارەزایی لە بوارەکانی هۆ و شوێن و کات پەیاکردووە.

گەشەکردنی مناڵ چەند لەیەکچوونی تیادا بەدی دەکرێت ئەوەندەش جیاواز لەیەك تێدەپەڕێت. لە کاتێکدا کە قۆناغە یەك بەدوایەکەکانی گەشەکردن لە هەموو مناڵێکدا وەك یەك دێن. بۆ نموونە هەر مناڵێك لە زمانگرتندا لە سەرەتادا چەند دەنگێك فێردەبێت، پاشان چەند ووشەیەك و ئینجا دەست دەکات بە دروستکردنی ڕستەی دوو ووشەیی پاشان دەست دەکات بە ڕاستکردنەوەی ڕێزمانی ڕستەکانی تا لە تەمەنی ٤ تا ٥ ساڵیدا زۆربەی مناڵان دەتوانن بە ڕستەی دروست خۆیان دەربڕن.

تێپەربوون بەم قۆناغانەدا لە مناڵێکەوە بۆ مناڵێکی تر جیاواز دەبێت ئەگەر بە وردی لە دەستپێکردنی قۆناغەکە و گۆڕان لە هەڵسوکەوتی مناڵەکە بڕوانین. هەر لەسەرتاوە هەر ساوایەو کە دێتە دنیاوە کێشێك و درێژییەکی هەیە. هەیانە بە کەمتر لە ٣ کیلۆگرام لەدایك دەبن هەیانە سەروو ٤ کیلۆگرام کێشیانە. لە دەربڕینە میمیکیەکانی داموچاویشیاندا لەکاتی هاوارکردن یان جووڵاندا لەیەك جیاوازن. تا زیاتر گەشە دەکەن جیاوازییەکانیان زیاتر دەبێت. لەکۆتایی ساڵی یەکەمی تەمەنیاندا هەیانە ٨ کیلۆگرام و هەیانە تا نزیکەی ١٣ کیلۆگرام کێشێتی. هەندێك مناڵ بە ١٠ مانگی یەکەم هەنگاو دەنێت، زۆرینەیان لە نێوان ١٢ بۆ ١٦

مانگی پێدەگرن و هەشیانە پێش ١٨ مانگی پێ ناگرێت. منالٚ هەیە یەکەمین ووشەکانی نزیکەی کۆتایی سالّی یەکەمی تەمەنی دەدرکێنێت، زۆربەیان بە ١٥ تا ٢٤ مانگی زماندەگرن و هەیانە تا ناوەراستی ٣ سالّیش ئارەزوی قسەکردن ناکەن. هیچ ڕەفتارێك نییە کە لەهەموو منالّێکدا لەهەمان تەمەن و بەهەمان شێوە سەرهەلّبدات.
جگەلەوەی گەشەکردنی منالّێك تا منالّێکی تر جیاواز ڕوودەدات لە منالّێکیشدا گەشەکردن لە ڕوویەکەوە بۆ ڕوویەکی تر جیاوازن. بۆ نموونە لەوانەیەك منالّێك بە ١ سالّی بتوانێت بەباشی بەپێی خۆی بڕوات، بەلّام بە ٢٤ مانگی ئینجا فێری گووتنی یەکەمیین وشەکانی ببێت.
چۆن لەیەکچوونەکان و جیاوازییەکان بەیەکەوە کۆدەبنەوە لەم وێنانەی داهاتوودا دەردەکەون. هەموو منالّێك لەپێشدا بە دەم لە شتەکان دەکۆلّێتەوە، پاشان بە دەستەکانی ئینجا بە چاو. لەچ تەمەنێکدا ئەو رەفتارە لە منالّێکدا سەرهەلّدەدات و بەچ ڕادەیەك و بۆماوەی چەند لە منالّیکەوە بۆ منالّێکی تر دەگۆڕێت.



لێکۆڵینەوە لە تەنەکان بە دەم
و دەست و چاو

هەموو قۆناغەکانی گەشەکردن و چۆنێتی ڕەفتار لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر لە تەمەنی جیاواز و بە شێوازی جیاواز سەرهەڵدەدات. هەر منداڵەو بەشێوەیەکی تایبەت بەخۆی یونیك و بێ وێنەیە. چۆن دایك و باوك بتوانن خۆیان ڕابێنن لەسەر ئەو تاکایەتییەی منداڵەکە و ویستە تایبەتەکانی بەچێ بهێنن؟

زۆربەی ئەو کارانەی دایك و باوك ئەنجامی دەدەن، بەبێ پلاندارِشتن دەیکەن. لەخۆیانەوە لە ڕەفتاری منداڵەکەیان تێدەگەن. کاتێك دایکێك بەیانیان منداڵەکەی لە جێگەکەی دەردەهێنێت و دەیگرێتە ئامێز و بە ڕاوەشاندن ژیری دەکات. لەو کاتەدا بەبێ ئاگای خۆی لەدەرونیەوە ئەوکارە دەکات. دایکەکە هەست بەوە دەکات کە چەند زوو دەبێت منداڵەکە لەئامێزی بگرێت و کام

شێوازی هەڵگرتن ئارامی دەکات و چۆن بە ئاسانترین شێوە دەتوانێت ژێری بکات. ئەگەر ئەو توانا زگماکە سروشتییەی لە مرۆڤدا نەبوایە ولە ڕەفتاری ساواکە تێنەگەیشتینایە هیچ دایك و باوكێك نەیاندەتوانی منداڵەکانیان گەورە بکەن.
لەپاڵ ئەوتوانا زگماکە سروشتییە ئەزموونی منداڵیش ڕۆڵێکی دیار دەبینێت. دایك و باوك بەمناڵی هەستیان چۆن بووە و دایك و باوکی خۆیان چۆن دیوە ئەوە هەمووی جێکاری لەسەریان هەبووە و کاردانەوەی دەبێت لەسەر شێوازی پەروەردەکردنی منداڵەکانی خۆیان. تا منداڵەکە گەورەتربێت پەروەردە کردنەکە زیاتر بە هەڵوێستی باو و بۆچوونە پێوانەییەکان دەبێت. کەزۆربەشی لە کەسوکار و ناسیاو و میدیاکانەوە وەردەگیرێن. بۆ نموونە وا چاوەڕێ دەکەن کە مناڵ لە تەمەنی ٣ مانگیدا شەوان سەرانسەر بنوێت و بە ١ساڵی یەکەمین هەنگاوەکانی بنێت و بە ٢ ساڵی زمان بگرێت. ئەم بۆچوونانە بۆ هەندێ مناڵ دەگونجێن، بەڵام بەشێوەیەکی دەگمەن. لەبەر ئەوەی هەر منداڵەو جیاوازە لە گەشەکردندا لە مناڵێکی دیکە. بۆچوونە پێوانەییەکان دەبنە هۆی ئەوەی چاوەڕوانی دیاردەیەك بکرێت و کە دیاردەکە لەو کاتەدا دەرنەکەوت دەبێتە هۆی دروستبوونی ترس و دوودڵی دایك و باوك. بۆ نموونە چاوەڕێدەکەن مناڵێکی ١ ساڵان لە شەودا ١٢ کاژێر بنوێت. مناڵ هەیە ئەمەی لەگەڵدا دەگونجێت، بەڵام بۆ بەشی زۆری مناڵ ناگونجێت. بەشێك مناڵ زیاتر دەنوێت، کەمێکیان تا ١٥ کاژێر لە شەوێکدا دەنون، مناڵی تر هەیە تەنها ٩ تا ١٠ کاژێر لە شەوێکدا دەتوانن بنوون. چی ڕوودەدات کاتێك دایك و باوك منداڵەکەیان ٧ ی ئێوارە بخەنە جێگەکەیەوە بەو هیوایەی تا ٧ی

بەیانی بنوێت، بەڵام مناڵەکە تەنها ١٠ کاژێر بتوانێت بنوێت؟ ئەو یان ئێوارە خەوی لێناکەوێت، یان شەوان چەندین جار بەئاگادێت یان لە بەرەبەیانەوە بەئاگادێت. لە هەرسێ بارەکەدا دایك و باوکەکە ناخۆشی دەچێژن. ئەو مناڵەی تەنها ١٠ کاژێر خەوی لە شەوێکدا پێویستە، باشتر گەشە ناکات ئەگەر ١٢ کاژێر لە جێگەکەیدا بەزۆر بهێلدرێتەوە.

دایك و باوك چۆن بتوانن خۆیان دوربگرن لە بۆچوونە پێوانەیەکان و هەڵوێستە باوەکان و ئامۆژگارییە چەسپاوەکان؟ چۆن بتوانن خۆیان لەسەر خودی شێوازی گەشەکردنی مناڵەکە خۆی و پێداویستیەکانی ڕابهێنن؟ زانین دەربارەی چۆنێتی ڕۆشتنی پرۆسەی گەشەکردن و جۆرە جیاجیاکانی و ئامادەبوونیان بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری مناڵەکەی خۆیان و خۆ گونجاندن لەگەڵیدا یاریدەدەر دەبن بۆ دورکەوتنەوە لەو کلێشە باوانە. دایك و باوکێك کە دەزانن پێویستی مناڵ بۆ خەو لە مناڵێك بۆ مناڵێکی تر زۆر جیاوازە خۆیان نابەستنەوە بە بۆچوونە باوەکانەوە. مناڵەکەیان ئەگەر تەنها ١٠ کاژمێر خەوی بوێت ئەوا کاتی خەوی مناڵەکە بەو شێوەیە ڕێکدەخەن.

کام خاسیەت لە مناڵدا بۆماوەیین و کامیان پەیوەستن بە پەروەردەکردن؟ ئایا ڕەفتارەکانی مناڵ دەربڕین و کاردانەوەی ئەنجامی شێوازی مامەڵە کردنی ئێمە لەگەڵیدا؟ ئەم پرسیارانە کاتێك دروست دەبن کە مناڵەکە دەستبکات بە دروستکردنی کێشە و دایك و باوك وەك پەروەردەکەر هەست بە دوودڵی بکەن.

دایك و باوك لە پەروەردەکردندا بەشێوەی جیاواز رەفتار دەکەن بەپێی ئەوەی ئایا خاسیەتەکانی منالەکە بۆماوەییە یان پەیوەستە

به پەروەردەکردن و ژینگەی منداڵەکەوە. ئەگەر وا بۆی بچن کە خاسییەتەکانی داهاتووی منداڵەکەیان هەمووی بۆماوەیین و هەموو تواناکانی منداڵەکە لە باوباپیرانەوە بۆی ماوەتەوە ئەوا دەڵێن هەمووی قەزا و قەدەرە: سروشت هەمووی دەبات بەڕێوە. بەڵام ئەگەر لەوباوەڕەدابن کە تەنها ئەو ناوەندەی منداڵەکە تیایدا گەورە دەبێت بڕیاردەرە لەسەر ڕەفتار و گەشەکردنی ئەوا هەموو لێپرسراوێتیەك دەخەنە سەر شانی خۆیان: منداڵەکە تەنها دەرەنجامی شێوازی پەروەردەکردنەکەی ئەوانە. بەڵام زۆربەی دایك و باوك بەشێوەیەکی ڕاست بیردەکەنەوەو دەزانن کە بۆ گەشەی منداڵ هۆکارە بۆماوەییەکان و هەروەها دەوروبەرەکەی کە منداڵەکە تیایدا گەورە دەبێت مانای زۆریان هەیە. بەڵام ئایا چۆن بەیەکەوە کاریگەر دەبن؟

بۆماوەی و ژینگە بە پێچەوانەی یەکەوە نین بەڵکو تەواوکەری یەکترین. بۆماوەکان یان جینەکان منداڵ لە دایك و باوکییەوە وەریان دەگرێت و بەهام بڕی یەکسان. ئەم سیفەتە بۆماوەییانە هەڵگری پلانێکی گەشەکردنن هەروەها هەڵگری خاسییەتە جەستەیی و دەروونییەکانی نباڵەکەن. خاسیەتە تایبەتەکانی وەك بەرزی باڵا و ڕەنگی چاو و تەنانەت توانای جووڵە و توانای فێربوونی زمان هەمووی لە جینەکاندان. ئەم بنچینە جینیانە هەلی ئەوە دەڕەخسێنن منداڵێك دروست ببێت. بەڵام ئەمانە بەتەنها ناتوانن بوونەوەرێك دروست بکەن. بۆئەوە ژینگەیەك بەگشتی و بەشێوەیەکی تایبەت دایك و باوك پێویستن.

کاتێك کوڕە ٣ ساڵەکەی دایك و باوکێك لە پڕ هەڵدەچێت و توڕەدەبێت دایك و باوکەکە دەیانەوێت تێبگەن کوڕەکەیان بۆ وا

ڕەفتار دەکات و ئاواتی ئەوە دەخوازن ڕێگەیەکی گونجاو بگرن بۆ چارەکردنی. بۆ هەڵدەچێت؟ بەچی ئەم تووڕەیی و هەڵچوونە لەلای سەرهەڵدەدات؟ ئەمان چۆن ڕەفتاربکەن لەگەڵیدا؟

منداڵی بچوك زۆر ئاساییە کە لە کاتی بێزاریدا ڕەفتارێکی بەرپەرچدانەوەی توند و کەلەڕەقانەی هەبێت. بگرە ئەگەر منداڵ ئەو ڕەفتارەی نەبێت زۆر سەرنج ڕاکێشترە! بڕی ئامادەبوون بۆ بەرپەرچدانەوەی لەوشێوەیە لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر لە لەدایکبوونیەوە جیاوازە. هەروەك چۆن گەورەکان کەم تا زۆر لە کاردانەوەیاندا جیاوازن کاتێك هەواڵێکی خراپیان بەدەست دەگات. منداڵ هەیە کاتێك پێی دەوترێت بچۆرە جێگاکەتە و بنوو یەکسەر بەبێ بەرپەرچدانەوە دەڕوات و هەیانە یەکسەر هەڵدەچێت و نایەوێت بڕوات. لێهاتووترین دایك و باوك لە دژی ئەو جۆرە بەرپەرچدانەوە بەگوڕانە هیچیان پێ ناکرێت. بەڵام بڕی دووبارەبوونەوەی دیاردەی توڕەبونەکە لەسەر ڕەفتاری دایك و باوکەکە وەستاوە. ئەگەر دایك و باوکەکە هەموو جارێك کۆڵبدەن و بەدڵی منداڵەکە بکەن، ئەوا منداڵەکە بۆئەوەی خواستەکانی خۆی بەدەست بێنێت زیاتر ئەو ڕەفتارە دووبارە دەکاتەوە. ئەگەر دایك و باوك کۆڵنەدەن و لەسەر هەڵوێستیان سوور بن ئەوا منداڵەکە بەرە بەرە کەمتر هەڵدەچێت. دایك و باوك ناتوانن هیچ لە گوڕ و خرۆشی منداڵەکەیان بگۆڕن، بەڵام دەتوانن کاریگەربن لەسەر چۆنێتی ڕەفتارکردنی.

لە هەر بوارێکی گەشەکردن و ڕەفتارکردندا منداڵ چەند خاسییەت و توانایەکی دیاریکراوی هەیە. لەسەر مامەڵەی دایك و باوك و

کەسانی نزیکی وەستاوە مناڵەکە لەسەر کام ڕەفتار ڕایەت لەکاتی گەشەکردنیدا و بەردەوامدەبێت.

هاندان چەند پێویستە بۆ مناڵ؟

دایك و باوکی ئەمڕۆ کەمجار ٥ یان ١٠ یان بگرە زیاتر مناڵیان هەیە. یان مناڵێك یان دوانیان هەیە و کەمجار زیاتر. هەر یەکێك لەمانە بوونەوەرێکی زۆر بەبایەخە و دەبێت زیاترین بڕی خەونەکانی دایك و باوکیان بەدیبهێنن. هەربۆیە دایك و باوك دەپرسن: چۆن دەتوانین بە باشترین شێوە مناڵەکەمان هانبدەین؟ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئافرەتانی سکپڕ بەشداری کۆرسی تایبەت دەکەن کە لەوێ مناڵەکانیان لە سکیاندا گوێبیستی مۆسیقای کلاسیکی، بەتایبەتی پارچەکانی مۆزارت، دەبن. ئومێدی ئەوەیان دراواتێ کە مناڵەکانیان لە تەمەنی خوێندنی سەرەتاییاندا بەباشی گەشە بکەن. بەڵام مناڵ بەوەی زوتر هانبدرێت باشتر گەشە ناکات. هەروەك پەندێکی ئەفریقی دەڵێت: << گیا ڕایبکێشیت خێراتر گەشە ناکات>>.

لەم پەڕتوکەدا وادادەنێین کە هەرمناڵێك بەویستی خۆی دەیەوێت گەشەبکات. بەپەرۆشە بۆ فێربوون. کە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەکردنی بڕی، خۆی ئینجا دەیەوێت دەست بەرێت بۆ کەلوپەل و بڕوات و زمانبگرێت.

ئەم ئامادەییەی مناڵەکە لەلایەن زۆر دایك و باوکەوە وەك ئەوە دەبینرێت کە بارێك لەسەر شانیان کەمی کردبێت و بگرە وەك دیارییەك سەیری دەکەن. ئەوان ئیتر پێویستناکات هەموو تواناایان بۆ ئەوە بەکاربێنن کە مناڵەکە هەنگاوی نوێ بۆ گەشەکردن بنێت. پێویست ناکات هانی بدەن. مناڵەکە خۆی لە خۆیەوە گەشە

دەكات ئەگەر بوارەكانی بۆ رەخسابێت كە باری جەستەیی و دەروونی ئارام بێت و بواری هەبێت بە ئەزموونەكانی گەشەكردندا بڕوات. ئەركی دایك و باوك ئەوەیە ژیانی ڕۆژانەی منداڵەكە وا رێك بخەن كە بتوانێت ئەزموونی تیادا كۆبكاتەوە. مەبەست لێرەدا ئەوەنی یە كە منداڵەكە فێری شت بكرێت بەڵكو پێویستە بواری ئەوەی بۆ بڕەخسێنرێت كە پەرۆشییەكەی كە هەیەتی بۆ فێربوونی زمان و جووڵە و یاریكردن بتوانێت بەكاری بهێنێت بەشێوەیەك كە گونجاوبێت لەگەڵ ئاستی گەشەكردنی.

بۆ هەر هەنگاوێكی گەشەكردن كاتێكی دیاریكراو هەیە بە خودی منداڵەكە كە تیایدا منداڵەكە لە ناخەوە ئامادەیە بۆ ئەو هەنگاوە. كەی كاتی هەنگاوێك هات منالەكە خۆی بە ڕەفتار پیشانمان دەدات و دەبێت بە هەند وەربگیرێت. لە ٢ ساڵیدا بۆنموونە منداڵەكە دەیەوێت خۆی نانبخوات. ئەو تەمەنەی كە منداڵ لە ڕووی جووڵەو توانایەوە و لەڕووی دەروونیشییەوە ئامادەیە كەوچك بگرێت لە منداڵێكەوە بۆ منداڵێك دەگۆڕێت. هەیانە بە ١٠ تا ١٢ مانگی ئارەزوی گرتن و یاریكردن بە كەوچك دەكەن هەیانە بە ١٨ یان ٢٤ مانگی. ئەگەر دایك و باوك هەوڵبدەن پێش ئەوەی منداڵەكە خۆی لەناخەوە ئامادەبێت بۆ گرتنی كەوچك فێری بكەن، ئەوا ماندوی دەكەن و ئەگەر منداڵێك بیەوێت خۆی كەوچك بگرێت ڕێگەی پێنەدەن ئەوا كۆڵدەدات و بەتەمای ئەوە دەبێت كە هەمیشە خواردنی بكرێت بە دەمەوە. كە بەدڵنیاییەوە ئەوە مەبەستی دایك و باوكەكە نەبوو.

كە دایك و باوك هەستیانكرد منداڵەكە ئارەزوی گرتنی كەوچك دەكات و ڕێگەیان دا ئەزمونی خۆی لەگەڵ بەكارهێنانی كەوچكەكە

هەبێت بەو شێوەیە منداڵەکە دوو شتی گرنگ فێردەبێت: یەکەم خۆی توانی خۆی فێری کردارێکی نوێ بکات و دووەم ئێستا لە بوارێکی ژیاندا سەربەخۆبوو. کە هەردوو هەستەکە وای لێدەکات متمانە و باوەڕی بەخۆی زیاتر بچەسپێت.

لەیەکەم ساڵی تەمەندا دوو شێوازی سەرەکی لە فێربوون بەدیدەکرێن: فێربوونی کۆمەڵایەتی و فێربوون لە ڕێی گەڕان و دۆزینەوەوە.

فێربوونی کۆمەڵایەتی

مەبەست لە فێربوونی کۆمەڵایەتی تواناى فێربوونە لەڕێی لاسایی کردنەوەی ڕەفتاری کەسانی تر. لاسایکردنەوە توانایەکە کە تەنانەت لە منداڵی ساواشدا هەیە. ساوا لاسایی جووڵەی دەموچاو و دەنگەکان دەکاتەوە. لەڕێی لاسایکردنەوەوە منداڵ لە یەکەم ساڵی تەمەنیدا لە شیوازەکانی پەیوەندیکردنی مرۆڤ وەك جووڵانی دەموچاو و سەرجووڵاندن دەگات. زمان فێردەبێت لەڕێگەی گوێگرتن لە کەسانی تر و ووتنەوەی دەنگ و وشەکان و دووبارە کردنەوەی گفتوگۆ بەدەم یاری کردنەوە. لە ڕێگەی لاسایی کردنەوەوە فێر دەبێت کەلوپەلەکان بۆ چی بەکاردێن. لەسەر مێزی نانخواردن کە دادەنیشێت دەبینێت ئەندامانی خێزانەکەی چۆن کەوچك و چەتاڵ بەکار دەهێنن. دایك و باوك پێویست ناکات منداڵەکەیان فێری زمان بکەن یان فێری بکەن چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا بکات یان فێری بەکارهێنانی کەوچکی بکەن. ئەوانە هەمووی منداڵەکە دەیبینێت و دوبارەیان دەکاتەوە.

ئەگەر دایك و باوك یان کەسانی تری نزیکی ڕێگەی منداڵەکە بدەن بەشداری چالاکییە ڕۆژانەکانیان بێت و لەگەڵیاندا بێت ئەوا

مناڵەکە بە لاسایی کردنەوە فێری زۆربەی کردەوەو رەفتارەکان دەبێت. ئەگەر بهێڵن لە کارەکانیاندا لەناوماڵدا بەشداربێت ئەوا هەستی ئەوە پەیدادەکات کە بەشێکە لەوان و پێویستیان پێیەتی و دڵی بەخۆی خۆش دەبێت.

لە زۆربەی ووڵاتەکانی سەر ئەم زەوییە مناڵەکان هێشتا لە کۆمەڵگای قەرەباڵغدا گەورەدەبن. کۆمەڵگەیەك کە تیایدا گەورەو مناڵی تەمەن جیاواز پێکەوە هەڵدەستن و دادەنیشن. مناڵەکە بەوشێوەیە ڕۆژانە ئەزموونی جیاواز لەگەڵیاندا کۆدەکاتەوە. بەوشێوەیە زۆربەی داب و نەریتە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان فێردەبێت. لە کۆمەڵگەکانی رۆژئاوادا ساواکان و مناڵە وردەکان بەجیا و زۆر دوور ڕادەگیرێن لە کارە ڕۆژانەکانی گەورەکان. تادێت ژمارەی خوشك و برا کەم دەکات. پەیوەندیکردن بە مناڵی ترەوە هێندە بەربەستکراوە کە مناڵان ناتوانن وەك پێویست ئەزموونی کۆمەڵایاتی پەیدا بکەن. دایك و باوك دەتوانن مناڵەکانیان لە کۆمەڵگادا ڕابهێنن بەوەی بواریان بۆ بڕەخسێنن لەگەڵ کەسانی نزیك و مناڵانی تر تێکەڵ ببن. ئەم لایەنە لە ڕابردودا لە ڕۆژئاوا پشتگوێ خراوە. بۆ ئەوەی مناڵ توانا کۆمەڵایەتییەکانی گەشە پێبدات پێویستی بە ئەزموونە لەگەڵ مرۆڤی تردا. تەنها بەو ڕێگەیە تێدەگات کە گەورە و مناڵ هەریەك حەز و تایبەتماندی خۆیان هەیە. تەنها بە تێکەڵبوون توانای ڕەفتارکردنی تیا دروست دەبێت لەگەڵ ڕەفتارە جیاجیاکانی بەرامبەر و شێوازە جیاوازەکانی پەیوەندیکردنیان.

بۆ ئەوەی مناڵ بتوانێت ئەزموونی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری هەبێت پێویستی بە کەسانی نزیك و مناڵی تەمەنی ترە. لە ئێستادا

زۆربەی منالٚ لە خێزانە بچوکەکاندا بواری ئەوەی نی یە ئەو ئەزموونانەی بە شێوەی پێویست هەبێت.

کوڕی باوکی خۆیەتی

منالٚی بچوك دەتوانن خۆیان بەتەنها یاری بکەن، بەلٚام دەیانەوێت لەگەل منالٚی تردا بن. ئەگەر منالٚی تریان نەبێت هەولٚدەدەن تواناکانیان لەگەلٚ دایك و باوك یان کەسانی نزیکی تر تاقیبکەنەوە. ئەوانیش یان کاتیان نی یە یان زۆر بەگرانی پێیان دەکرێت هەموو داواکاری یەکانی منالٚەکە بەجێ بهێنن. بۆ گەورە زۆر ئاستەمە بتوانێت جێگەی منالٚیك بگرێتەوە. لەوانەیە ڕاستییەك هەیە تۆزێك گرانبێت لەلای دایك و باوك بەلٚام ڕاستییەکە ئەوەیە: دایك و باوك بە تەنها ناتوانن هەموو ئەزموونەکان پێشکەش بە منالٚەکەیان بکەن. منالٚ لەتەمەنی پێش قوتابخانەدا پێویستیان بە ئەزموونی بەرفراوان و جیاوازە لەگەلٚ گەورەدا و بەلٚام لەهەمان کاتدا لەگەلٚ منالٚی تردا.

فێربوون لە ڕێی گەڕان و دۆزینەوە
بۆ ئەوەی منداڵ لە جیهانی کەلوپەلەکان تێبگات دەبێت تیایاندا کات بەسەربەرێت. بەو شێوەیە بە ئاکتیڤانە مامەڵەیان لەگەڵدەکات و زانیاری دەربارەی پێکهاتەکانی ژینگەکەی کۆدەکاتەوە. لەڕێگەی یاریکردنەوە بە کەلوپەلەکان بەگوێرەی تەمەن و گەشەی خۆی لە سیفەتە فیزیاییەکانی وەك گەورەیی و کێش و شێوەیان تێدەگات. دایك و باوك ناتوانن جیهانی ماددەکانیان بۆ ڕوونبکەنەوە. منداڵەکە خۆی فێردەبێت. کاتێك بۆکسێك پڕبێت لە شت ئەگەر بەلادا بکەوێت شتەکان دەڕژێن. هیچ کەس ناتوانێت ئەمە بۆ منداڵەکە ڕوونبکاتەوە. تەنها لەڕێی ئەزموونی خۆیەوە دەتوانێت لە ڕووداوەکە تێبگات. دەبێت لەبەردەمیدا دیاردەکە ڕوبدات و ببینێت.
زانای سویسری و شارەزا لە پەروەردەکردنی منداڵان، پیاژێ، دەڵێت: "هەرچییەك فێری منداڵێك بکەین، چیتر خۆی ناتوانێت فێری بێت". بەمانای ئەوەی پێویست ناکات و باشترە خۆی ببینێت و فێرببێت. بە ئامرازێك یان کەلوپەلێك چەند شت دەتوانرێت بکرێت پێویستناکات دایك و باوك نە پیشانی منداڵەکەیانی بدەن نە فێری بکەن. منداڵەکە خۆی دەیەوێت و دەتوانێت بەدەم یاریکردنەوە هەمووی فێربێت. بەوشێوەیە ئەزموونەکەی لەکاتی تاقیکردنەوە و مامەڵەکردن بەو ئامرازە پەیدایکرد هێندەی فێربوون و ناسینی ئامرازەکە گرنگە. فێربوونی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بەدەستی خۆتە. نەك ئەوەی بە زۆرپێت دەکرێت. سەرنەکەوتن و نشوستی و بێزاریش هەمیشە بەشێکە لە پرۆسەی فێربوون، بەڵام لە کۆتایدا لەلات هەستێکی لەخۆڕازیبوون بە توانای خۆت دروست دەبێت و

دەڵێیت: خۆم کردم. ئەمە مانای ئەوە نییە کە دایك و باوك واز لە منداڵەکە بهێنن و چی بەردەستکەوت بیبات، نەخێر، ئەوان دەبێت ئامرازێك یان کەرەسەیەکی یاریکردنی بخەنە بەردەست کە بزانن هاندەردەبێت بۆ فێربوون و گونجاوە لەگەڵ قۆناغی گەشەی منداڵەکە. منداڵێکی ٦ مانگان بۆ نموونە پەرۆشی کەرەستەیەکە کە بە دەم و بەزمان هەستیان پێدەکات. لە ١٢ مانگیدا دەست دەکات بەوەی شت بخاتە ناو یەکتری و دەریان بهێنێت. لە ١٨ مانگییەوە زیاتر ئارەزوی ئەوە دەکات شتەکان لەسەر یەك هەڵبچنێت. لەلای منداڵ هەر کەرەسەیەك کە حەزی لێیە یاری یە. لەکاتێکدا بەپێی ئەو قۆناغی گەشەیەی منداڵەکەی تیادایە هەر کەرەسەیەك و لەوانەیە مانایەکی جیاوازی هەبێت بۆ منداڵەکە.

منداڵان زۆربەی جار بەشیوازێك خۆیان خەریکی ئامرازەکان دەکەن کە گەورە لێیان تێناگات. بۆ نموونە ساوایەك چی بەردەستبکەوێت دەیبات بۆ دەمی. بۆ وا دەکات؟ وا دەزانێت دەخورێت؟ دایك و باوك تەنها سەریان ناسوڕمێت لەو کردارە بەڵکو یەکسەر دەکەونە پرسیارکردن ئایا ئەوە پیس نی یە؟ منداڵەکە ناخنکێت ئەگەر هەموو شتێك بەرێت بۆ دەمی؟ ئەبێت نەهێڵن وابکات؟

ساوا شت دەبات بۆ دەمی چونکە بە دەم نەك بە چاو دەست دەکات بە ئاشنابوون بە شتەکان. بە لێو و بە زمان لێدان هەست بە شێوە و گەورەیی و ڕووی دەرەوەی شتەکان دەکات. دەم یەکەم ئۆرگانی هەستکردنە نەك چاو لە مامەڵە کردن لەگەڵ تەنەکانی دەوروبەردا. کەواتە بگرە زۆر پێویستە کە ساوا شت بەرێت بۆ دەمی بۆ ئەوەی ئاشنای پەیدا بکات لەگەڵ تەنەکان.

کە بەوشێوەیە لە ڕەفتارەکە بکۆڵینەوە وامان لێدێت بە ترسەوە سەیری نەکەین باڵکو بیربکەینەوە کام شتانە بخەینە بەر دەستی کە مەترسیدار نەبن و زۆرترین ئەزموونی لە هەستپێکردندا لێوە وەربگرێت.
زۆر ڕەفتاری تر هەیە کە گەوەرە تێناگەن بۆ مناڵ دەیانکات. کاتێك مناڵ لە تەمەنێکدا زۆر بە خرۆشەوە دەست دەکات بە فرێدانی شتەکانی بەر دەمی لە کورسی نانخواردنەکەیەوە بۆ سەر زەوی. یان هەرچی لەناو چەکمەجە و دۆڵابەکاندایە دەری دەهێنێتە دەرەوە. ئەمانە هەمووی مانای تایبەتی هەیە بۆ مناڵەکە ئەگەرچی گەورەکان لێی تێناگەن یان تەنانەت زۆر جار پێشی تورە دەبن. کاتێك نەمانتوانی لە مناڵەکە تێبگەین باشترە ڕێگەی بدەین بەردەوامبێت ئەگەر کارەکەی مەترسی دار نەبێت. دەتوانین هەمیشە وا بیربکەینەوە کە کردەوەکە بۆ خودی مناڵەکە سوودمەندە ئەگەر چی لەلای ئێمە بێ ماناش بێت.

پەروەردەکردن

دایك و باوکەکان شێوازی جیاوازیان هەیە لە بیرکردنەوە و تێگەیشتن لەوەی چۆن دەتوانن مناڵەکەیان پەروەردە بکەن. پەروەردە کردن لەوانەیە لەلای ئەوان بەمانای پشتگیری کردنی مناڵەکەبێت لە گەشەکردنی تواناکانی و ڕێ نیشاندانی بۆ فێربونی وردەکاری و زانینەکان. لەلای هەندێك دایك و باوکی تر بەمانای فێرکردنی یاسا و بەها کۆمەڵایەتییەکان دێت بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی باش و بتوانێت جێگەیەکی باش لە کۆمەڵگادا بۆخۆی بکاتەوە. پەروەردە کردن بۆ زۆربەی دایك و باوك بەمانای

بەڕێوەبردن و بڕیاردان بۆ منداڵەکە دێت. بەدەر لەوەی دایك و باوك کام شێوازی پەروەردە کردن هەڵدەبژێرن دەبێت منداڵەکە گوێڕایەڵیان بکات. بە ئەزموونترین دایك و باوك دەبێت سنوورێك بۆ منداڵەکانیان دابنێن. لێهاتووترین دایك و باوك منداڵەکانیان بە شێوای جیاواز گوێڕایەڵیان دەکەن. لەپاڵ شێوازی پەروەردە کردنەکاندا تەمەن و کەسایەتی منداڵەکەش ڕۆڵدەبینێت. منداڵ هەیە ماماڵەکردنیان ئاسانترە و چیان پێ بگوترێت دەیکەن. دایك و باوك پێویستیان زیاتر بە سنوور دانانە بۆ منداڵی تەمەن ٢ تا ٥ ساڵان.

بۆچی دایك و باوك چاوەڕێی ئەوەیە کە منداڵەکەی گوێڕایەڵ بێت هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتەرێك. لەپاڵ بۆچوونە کۆمەڵایەتی یە باوەکاندا گفتوگۆ لەگەڵ کەسوکار و خوێندنەوە و میدیاکان ڕۆڵی زۆر دەبینن. هەروەك ئەزموونی تەمەنی منداڵی خۆیان لەگەڵ دایك و باوکی خۆیان کە بەبێ ئاگای خۆیان تیایاندا ماوەتەوە. جگە لە بۆچوونەکانی کە لەڕێگەی ڕۆشنبیرییە ئاینیەکانەوە بۆمان ماونەتەوە کە گوێڕایەڵی هەمیشە ئامانج بووە تیایاندا.

لێرەدا چەند ووتەیەکی کەسایەتی ناسراو دەخەینە ڕوو کە باس لە گوێڕایەڵی دەکەن.

"ئەوەی منداڵەکەی خۆش دەوێت لە ژێر گۆچانەکەی دەیهێڵێتەوە و بۆئەوەی لەپاشان لێ ی بحەسێتەوە."

- بن سیراخ (٢٠٠ پ.ز.)

"بۆ پەروەردەکردن گوێڕایەڵی پێویستە، چونکە گوێڕایەڵی ڕێکخستن و ملکەچی بۆ یاسا دێنێت بۆ هزری مرۆڤ. ئەو منداڵەی ڕاهاتووە

لەسەر ئەوەی گوێڕایەڵی دایك و باوكی بێت، پاشان كە سەربەست بوو و بوو بەخاوەن بڕیاری خۆی، ملكەچی یاسا و ڕێساكانی ژێری دەبێت، چونكە پێشتر ڕاهاتووە تەنها بە ویستی خۆی هەڵنەسووڕێت. ئەم گوێڕایەڵی یە ئەوەندە گرنگە، كە لەڕاستیدا هەموو پەروەردەكردن بریتییە لە فێركردنی گوێڕایەڵی." - زولتسەر (١٧٤٨)

"دەبێت لە پێنج مانگییەوە دەستبكرێت بەوەی مناڵ لە مێرووی زیانبەخش پاكبكرێتەوە و بژاربكرێت." - دانیەل شرێبەر (١٨٥٨)
پابەندبوون (دیسیپلین) لە پەروەردەكردندا لە كۆمەڵگای ڕۆژئاوادا خەریكە دیسان هەستانەوە بەخۆیەوە دەبینێت. بەشێكی فراوانی دانیشتوان ئاواتی ئەوە دەخوازن كە لەمامەڵەكردن لەگەڵ مناڵدا دووبارە پابەندبوون نرخی پێبدرێت. لێرەدا وادیارە ئامانج خۆشگوزەرانی مناڵەكەنی یە بەڵكو ئەوەیە كە دایك و باوك و فێركاران بتوانن بە ئاسانتر مناڵەكان كۆنترۆڵبكەن و فێركارییەكان كاریگەرتر بن. بەڵام شێوازەكانی پەروەردەكردن تەنها بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ هۆكاریان نی یە بۆسەر ڕەفتاری مناڵەكە بگرە تەنانەت ئەنجانی درێژخایەنیشیان دەبێت.
منداڵ ئەگەر بە پابەنبوونەوە گەورە بكرێت ئەوا لە داهاتوودا كەمتر سەربەخۆ دەبێت، خاوەنی ڕای خۆی نابێت و لێپرسراویتی پێناكرێت و خۆی دەخاتە پاڵ هەموو دەسەڵاتێكی كۆمەڵایەتی و ئابووری، چونكە خۆی ڕای سەربەستی نی یە. ئایا هێشتا ئەمە ئامانجی پەروەردەكردنی ئەمڕۆمانە؟

منالآن چەند لاسار و ناگوێڕایەڵن؟ لە سویسرا ٢٠٠٣ ڕاپرسییەك کراوە دەربارەی بابەتی پەروەردەکردن لای ١٢٤٠ خێزان. زیاتر لە ٧٠٪ ی دایك و باوکەکان منالەکانیان لە تەمەنی ١ تا ٧ سالیدا بە لاسار دادەنێن. بەرزترین ڕادە لە تەمەنی ٢،٥ تا ٤ سالانن. ٥٠٪ ی دایك و باوکەکان گلەییان لە ڕەفتاری سەر خوانی منالەکانیان هەیە یان بێڕەوشتییان لە هەڵسوکەوتی کۆمەلایەتیاندا و لە پێش هەموو شتێکەوە هاوار کردن و پەرچدانەوەی کەلەڕەقانەیان کە داوای شتێك لە منالەکەیان دەکەن. سەرەڕای ئەوە لە سەرو تەمەنی ٢،٥ سالیدا گلەیی لە زۆر (٣٠٪) تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن دەکرێت. لە تەمەنی گەورەتردا لەوەی کە ناڕێك و پێکن (٤٥٪) و ئارەزوی خوێندن ناکەن (٢٥٪). ئەگەر وادابنێین کە دایك و باوکان لە سویسرا کەمتر لێهاتوو نین وەك لە ولاتانی تر، ئەوا لەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لاساری بەسەر پەروەردەکردندا زالە.

بە بۆچونی من ئەم دەرەنجامە هەڵەیە، چونکە من لەو باوەڕەدام کە منالان بەڕادەیەکی زۆر گوێڕایەڵن. ئەگەر وانەبوایە ئەوا پەروەردەکردنی منال زۆرگران دەبوو. لەوەئەچێت نەتوانین بیبینین کە منالان چەند گوێڕایەڵن و لەلامان وایە کە منال دەبێت دەقاودەق ئەوە بکات کە ئێمە دەمانەوێت. ئەگەر بەگوێمان نەکەن توڕەدەبین و بیرمان ناچێتەوە.

بۆ منال گوێڕایەڵن؟ زۆربەی جار هۆکەی ترس نی یە لە سزا دان بەلکو هۆی زۆر گرنگتر هەیە.

گرنگترین هۆ کە وادەکات منالەکە گوێڕایەڵ بێت ئەوەیە کە منالەکە ئەو کەسەی کە داواکاریەکەی لێی هەیە خۆشی دەوێت و

نایەوێت دڵی بشکێنێت. داواکانی بەجێ دەهێنێت چونکە نایەوێت لە ناز و خۆشەویستیەکەی لە کەمبکات. پەیوەستبونە سۆزدارییە پۆزەتیڤەکەیە وای لێدەکات گوێڕایەڵ بێت. کاتێك باوکێك لەگەڵ منداڵە ٤ ساڵە کەیدا دوانیوەڕۆیەك لە دەروە دەبن و پێکەوە کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن ئەوا ئێوارە کە گەڕانەوە باوکەکە زۆر بائاسانی دەتوانێت منداڵەکە پەشیمان بکاتەوە لەوەی سەیری تەلەڤزیۆن بکات. بەڵام ئەگەر باوکەکە بە هیلاکی و بێزاری ئێوارە لە کار بێتەوە و دەستبەجێ بە منداڵەکە بڵێت تەلەڤزیۆنەکە بکوشێنەرەوە، ئەوا منداڵەکە داواکارییەکە بە شێوازێکی تر وەردەگرێت و نایەوێت بەگوێی بکات. تا پەیوەندی نێوان منداڵ و کەسەکە باشتربێت منداڵەکە زیاتر ئامادەدەبێت بەگوێی بکات.

پەروەردەکردن لە چ بوارێکدا بێت، مەرجێکی سەرەکی هەیە بۆ ئەوەی کارەکان کاریگەربن: منداڵەکە دەبێت هەست بە وە بکات کە پەسەندکراوە لەلای بەرامبەر. ئەو پەیوەستبوونە سۆزدارییە پۆزەتیڤەیە کە وا لە منداڵەکە دەکات بەگوێی بەرامبەر بکات نەك بابەتە پەروەردەییەکە. بۆیە پێویستە دایك و باوك هەمیشە، ئەگەر چی کارێکی ئاسان نی یە، باری سۆزداری منداڵەکە ڕەچاوبگرن.

هۆیەکی تریش بۆ بەگوێ کردن ئەوەیە کە داواکاریەکەی دایك و باوکەکە وا لە منداڵەکە دەکات خۆی کردەوەیەك بکات و بەوە سەربەخۆ دەبێت. هەموو منداڵێك پەرۆشی ئەوەیە زوو سەربەخۆ ببێت. تەنانەت ساوا ئەگەرچی زۆر بەسنووردارانەش بێت هەوڵی ئەوە دەدات سەربەخۆ رەفتار بکات. دەیەوێت خۆی دیاری بکات چەند شیربخواتەوە و کەی بنوێت و کەی خەبەر بێت. هەر کە توانای شتگرتنی هەبوو خۆی دیاری دەکات چی دەوێت و یاری

بەو کەرەستەیەی دەستی دەکات. هەر کە توانای جووڵەی پەیدا کرد خۆی بڕیاردەدات ڕووەوکوێ گاڵگۆڵکێ بکات یان بڕوات.
ئەمە مانای ئەوە نی یە کە مناڵ لەسەرەتاوا خۆی دەیەوێت بڕیاردەربێت یان پێویستبێت خۆی بڕیاردەبێت، وەك ئەو بۆچوونە هەڵەیەی دەڵێت: "واز لە مناڵەکە بێنە چی ئەکات با بیکات، خۆی دەزانێت چی بۆی باشە." ئەم بۆ چوونە زۆر جار بۆ شیرپێدان باسدەکرێت. مناڵەکە خۆی بڕیاربدات کەی و چەند شیربخواتەوەو کەی نەیخواتەوە. هەندێ مناڵ لەوانەیە بەم شێوەیە زۆر باش گەشە بکەن و کێشەیان نەبێت، بەڵام هەندێك مناڵ هەیە لەخۆیانەوە ئامادە نین وەك پێویست شیربخۆنەوە. مناڵی تر هەیە بۆ چەند مانگێك شەو و ڕۆژیان لێتێکدەچێت نیوەشەو خەبەردەبنەوە و بێزارن و زۆر هاواردەکەن.
ئەو منالانە پێویستیان بە دایك و باوکیانە یارمەتیان بدات ریتمێکی ڕێکخراویان بۆ دروستبکاتەوە و بتوانن بەباشی بنوون.
لە شیر خواردنەوەبێت یان لە بوارەکانی تری گەشە کردن. مناڵە هاوتەمەنەکان لە گەشە کردندا زۆر جیاوازن لەیەك. لە خودی مناڵێکیشدا گەشە کردنی لە لایەنێکەوە لەوانەیە لاوازتر یان خێراتربێت لەچاو لایەنێکی تری. لەبەر ئەوە شێوازێکی پەروەردەکردنی تایبەت نی یە کە بۆ هەموو مناڵێك بگونجێت. هەیانە خێرا گەشە دەکات و دەتوانێت بزانێت چەند شیر دەخواتەوەو کەی دەیخواتەوە. بەڵام هەیانە ئەوەنە گەشەیان نەکردووەو دەبێت دایك و باوك یارمەتی بدەن. ئاسان نی یە بزانرێت مناڵەکە لە چ بوارێکی گەشە کردندا خۆی لێهاتووەو

دەتوانێت دیاری بکات چۆن ڕەفتار دەکات و لەکام لایەنی گەشەوە پێویستی بە یارمەتی دایك و باوکێتی.
ئەگەر مناڵەکە لەتوانایدا بوو ئەوا دەبێت بهێڵرێت خۆی ڕەفتار بکات. ئەگەر ڕێگری لێکرا و نەهێشترا خۆی ڕەفتارێك بکات کە لەتوانایدابێت ئەوا سستی دەکەن و دەبێتە هۆی ناسەربەخۆ بوونی. بەڵام ئەگەر منالەکە لە توانایدا نەبوو ئەوا دەبێت دایك و باوك یارمەتی بدەن.
ئەگەر دایك و باوك زۆر لە منالەکەیان بکەن ڕەفتارێك بکات کە لەو لایەوە هێشتا گەشەی نەکردووە، ئەوا ماندووی دەکەن. زۆرلێکردن و ڕێگری لێکردن هەردووکی کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت بۆسەر باوەڕبەخۆبوونی منالەکە.
پرسیارێك کە هەمیشە لە کاتی پەروەردەکردندا دووبارە دەبێتەوە: ئایا منالەکە بەڕاستی لاسارە یان ئێمەی گەورە بۆچوونەکەمان هەڵەیە؟ بۆچوونی هەڵە هەبووە و هەیە. نەوەکۆنەکانی باوباپیرمان لایان وابووە هاوارکردنی منال لە مانگەکانی سەرەتای تەمەنیدا لاساری یە. دەبوو بە خێرایی ڕابژەنرێت بۆ ئەوەی فێرنەبێت خۆی کەی ویستی هاوار بکات. لەمڕۆشدا هێشتا دایك و باوك لەو باوەڕەدان کە زۆر زووتر لە کاتی خۆی منال دەبێت ڕێکوپێکی بزانێت. چاوەڕێکردنی ئەو شتانە تەنها منالەکە ماندوو دەکات، بەڵام دایك و باوك وەك پاشماوەیەکی پیرۆزی کۆن لە پەروەردەکردندا سەیری دەکەن و بەڕاستی دەزانن. دایك و باوك دەبێت هەمیشە لەخۆیان بپرسن، ئەوەی لە منالەکەی داوا دەکەم لە توانای ئەو دایە و بۆ ئاستی گەشەی ئەو دەبێت؟

دەوترێت: "پەروەردەکردن بریتییە لە نموونە و خۆشەویستی، هیچی تر". زۆر شێوازی ڕەفتارکردن کە دایك و باوك هیوای دەخوازن لە منداڵەکەیان دەتوانن بە هەوڵێکی کەم دەستیان بکەوێت. تەنها ئەوەیان لەسەرە کە خۆیان وەك نموونە ڕەفتاربکەن لە پێش منداڵەکە. منداڵ توانایەکی بێڕادەی هەیە لە حەزکردن بە وەرگرتنی ڕەفتاری کەسانی پەیوەندیداری. کە دایك و باوك پێش نانخواردن لەبەر دەمی منداڵەکە دەستیان شت ئەویش زۆر بەئاسانی ئەو ڕەفتارە لێیانەوە فێر دەبێت و دەیکات. لەوانەیە مەرج نەبێت داوای لێبکەیت بیکات، خۆی لەخۆیەوە لەوانەیە بیکات. ئەگەر لە ماڵەکەدا زیاد لە ٣ کاژێر تەماشای تەلەڤزیۆن کرا، کە بەتێکڕای وایە، ئاسان نییە بۆ منداڵەکە تێبگات کە ئەو نابێت زۆر تەماشای بکات، تێناگات بۆ. بەڵام ئەگەر دەورووبەر کەمتر تەماشای کرد ئەوا بۆ ئەویش ئاسایی دەبێت.

ئەگەر منداڵ گوێڕایەڵ نەبێت، ئەوا دەبێت ڕێگەچارەی پەروەردەیی بگیرێت بۆ چارەکردنی. دەبێت لە ڕێگەی ئەنجامی ناخۆشی کردەوەکانییەوە وایلێبکرێت واز لەو ڕەفتارە بهێنێت. لە لێکۆڵینەوەکەی باسمان لێکرد دایك و باوکان هەڵوێستیان چۆن بوو بۆ سەپاندنی خۆیان؟

هەڕەشەلێکردن و قسە پێوتن کاردانەوەی دایك و باوکان بووە لە ٩٠٪ ی جارەکاندا. زۆربەی کات دایك و باوك وا کاردەدەنەوە بەرامبەر کردەوەیەکی نەویستراوی منداڵەکەیان. بەڵام ئەوەش تەنها لە بارێکدا کاریگەر دەبێت کە پێشتر منداڵەکە ئەزموونی ئەوەی هەبێت کە بەقسەنەکردنی دایك و باوك ئەنجامێکی نێگەتیڤی دەبێت بۆیان. هەڵوێستی تر کە دایك و باوك لە لێکۆڵینەوەکەدا

هاتووه بە ڕێژەی ٥٣٪ ئەوەیە کە هەڵدەستن بە قەدەغەکردنی تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن یان بەڕێژەی ٥٠٪ دەیاننێرنە جێگەوە یان ژوورەکەیانەوە یان قەدەغە کردنی شیرینی بە ڕێژەی ١٨٪ یان لێبڕینی نانی ئێوارە بە برسێتی نوستن کە بەڕێژەی ٥٪ دووبارە دەبێتەوە. ئەم کاردانەوانە هەمووی کاتێك دەتوانن کاریگەر بن، کە دایك و باوکەکە بەردەوامبن لەسەری. هێشتا ٢٠٪ ی دایك و باوك لە ڕێگەی جەستەییەوە سزای مناڵەکانیان دەدەن. مناڵی ووردی تەمەنی ٢،٥ تا ٤ ساڵ بەڕادەی زیاتر ڕووبەڕوی ئەوە دەبنەوە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو مەودای تەمەنە بەزۆری ئارامی دایك و باوك ناهێڵێت و خۆیان پێڕاناگیرێت بەرامبەر کردەوەکانیان. کێشان بە سمتی مناڵەکاندا بە ڕێژەی ١٥ تا ٢٠٪ هاتووە، کێشان بە لاڕوومەتدا بە ڕێژەی ٥ تا ١٠٪ هاتووە و قژڕاکێشان بە ڕێژەی ٢٪.

بۆچی دایك و باوك هێشتا ئەو ڕێگەیە دەگرنە بەر؟ تەنها ١٣٪ ی ئەو دایك و باوکانەی ئەو ڕێگە جەستەییە بەکار دەهێنن لەوباوەڕەدان کە شێوازێکی پەروەردەیی دروستە. سێیەکیان دەڵێن جار جار کێشانێك بە شوێنێکی مناڵدا زۆر ئاساییە و هیچ زیبانێکی نییە. بەڵام زۆرینەی دایك و باوکەکان هەست بە نیگەرانی دەکەن کە جارجار لەدەستیان دەردەچێت و خۆیان بۆ ناگیرێت. لە پاشدا دەچن دڵی مناڵەکە دەدەنەوەو داوای لێبوردنی لێدەکەن و لۆمەی خۆیان دەگرن و ویژدانیان ئازاریاندەدات و لەگەڵ هاوسەرەکەیان باسی دەکەن. زۆربەی دایك و باوکان دەیانەوێت خۆدووربگرن لە سزادانی جەستەیی. بەڵام کە بێدەسەڵات دەبن لەڕووی پەروەردەیەوە لە مناڵەکە دەدەن.

بۆ منداڵ گونجاوترین و کاریگەرترین ڕێگەجارە چییە؟ بەشێوەیەکی گشتی ٣ ستراتیجی لەبەر دەمی دایك و باوکدا هەیە بۆ ئەوەی وابکەن کە منداڵەکەیان گوێڕایەڵیان بێت:

بەهێزکردنی پۆزەتیڤەکان. واتە منداڵەکە بۆ ڕەفتارێك ستایش دەکرێت کە لەلای دایك و باوك وەك پەسەند سەیر دەکرێت. کاتێك منداڵێکی ١٨ مانگ لەسەر نانخواردن بە جۆش و خرۆشەوە هەوڵ دەدات خۆی بە کەوچك خواردنەکە بەرێت بۆ دەمی و دایك و باوك ئافەرینیان لێکرد ئەوا بۆ جاری داهاتوو زۆر بە پەرۆشتر هەوڵ دەدات کەوچکەکە بەکاربهێنێت. دایك و باوکی سویسری و ئەڵمانی زۆر کەمتر ستایشی منداڵ دەکەن لەچاو دایك و باوکی ئینگلیز. ئەوروپییەکانی ناوەندی ئەوروپا وا دەزانن ستایش کردن دەبێتە هۆی بە فرێودان و زیان پێبەخشین. تەنانەت لەناو گەورەکانیشدا بە دوودڵی و بەکەمی دەیکەین. بەداخەوە! چونکە ئەوەی ڕاستی بێت ستایش نرخێکی زۆر پۆزەتیڤی هەیە بە پێچەوانەی ڕێگەچارەکانی تر کە لەوانەیە دەرەنجامی نێگەتیڤیان هەبێت.

پشتگوێخستن. واتە دایك و باوك هیچ کاردانەوەیەك ناکەن بەرامبەر بە ڕەفتارێکی ناپەسەندی منداڵەکە. پشتگوێخستن لەوانەیە کاریگەرتربێت لە قەدەغەکردن. بۆ نموونە کاتێك منداڵەکە فێری جنێوێك بوو وە هەر کات ناکات و لە شوێنی زۆر ناپەسەنددا بەرامبەر هەموو کەس بەکاری هێنا. زۆربەی جار منداڵەکان هەرنازانن مانای جنێوەکە چی یە، بەڵام تێگەیشت کە جێکارێکی زۆری هەیە لە کۆمەڵگەکەی دەوروبەری. ئەگەر دایك و باوك

گوێی نەدەنێ و خۆیانی پێ قارس نەکەن ئەوا پاش ماوەیەك منداڵەکە خۆی تاقەتی دەچێت و بەکاری ناهێنێت.

بەهێزکردنی نێگەتیڤەکان. واتە منداڵەکە دەبێت واز لە ڕەفتارێکی نابەجێ بهێنێت بەوەی کە هەستێکی ناخۆش بچێژێت. دەبێت دایك و باوك هەڵوێستێکی گونجاو لەگەڵ تەمەنی منداڵەکە پێشتر دابڕێژن. ئەوە زۆر باشتر کاریگەر دەبێت وەك لە وەی لەپڕ لەکاتی تووڕەیدا هەڵوێستێکی ڕەقیان هەبێت. هەڵوێستەکە دەبێت لەگەڵ قۆناغی گەشەکردنی منالەکە بگونجێت و تەنها وەك هەڕەشەیەك نەمێنێتەوە، بەڵکو شیاوبێت بۆ جێبەجێ کردنیش. بەوشێوەیە منداڵەکە تێدەگات کە ئەوە ڕێگەچارەیەکی پەروەردەیی دایك و باوکێتی کە لە ئەنجامی کرداوەی ناپەسەندی دایگرنە بەر. پەروەردەکردنی کاریگەر پەیوەندی پتەوی بە پێشبینیکردن و پلانکردنەوە هەیە.

دایك و باوك دەبێت هەمیشە بیرلەوە بکەنەوە کە ئایا ڕێگەچارەکەیان لەلایەن منداڵەکەوە چ هەستێك دروست دەکات. ئایا نابێتە هۆی هەست بە نائومێدیی و ئەشکەنجە لەلای منداڵەکە؟ لەوانەیە هەست بە ڕەتکردنەوە بکات لە دایك و باوکی بەخۆی بڵێت ئەوان سزام دەدەن ی منیان خۆشناوێت. ئەم هەستە بەتایبەتی لەکاتی سزادانی جەستەییدا پەیدادەبێت و هەربۆیە هەرگیز ڕێگەپێدراو نی یە. لە وڵاتێکی وەك دانیمارك هەموو شێوازێکی سزادانی جەستەیی بەپێی یاسا تاوانێکی قەدەغەکراوە.

هەتا منداڵەکە زیاتر هەست بەوە بکات کە لەلایەن کەسی نزیکیەوە نەویستراوە هەستکردن بە ڕەتکردنەوە لەلای زیاتر دەبێت لە هەموو جارێکدا کە ڕێگەیەکی توندی سزادان بەرامبەری ئەنجام

دەدرێت. هۆی هەست بە ڕەتکردنەوەکە زیاتر لە کارەکەوە سەرهەڵنادات، بەڵکو لە شێوەی ووتن و جێبەجێ کردنەکەی لەلایەن دایك و باوکەکە. بۆ مناڵ زۆر جیاوازی هەیە ئایا دایك و باوك بە ڕووخۆشییەوە "نەخێر" دەڵێن یان بە تووڕەی و دەنگ بەرزکردنەوەوە. بەتایبەتی لەکاتێکدا مناڵەکە هەست بە ڕەتکردنەوەی تەواو دەکات کە نەك تەنها ڕەخنە لە ڕەفتارەکەی بگیرێت بەڵکو وتەی ناخۆش بەرامبەر خودی مناڵەکەش بوترێت. بۆیە دەبێت ڕێگەچارەکە بەهیچ جۆرێك نەبەسترێتەوە بە بڕیاردان لەسەر خودی مناڵەکە. کەواتە تەنها جۆری ڕێگەچارەکە گرنگ نی یە بەڵکو زیاتر چۆن ئەنجام دەدرێت.

ئەگەر بمانەوێت مناڵەکە لەسەر گوێڕایەڵییەکی کوێرانە گەورە نەکەین دەبێت ڕێگەی کەمێکی دیاریکراو لە لاساریش بدەین.

زۆر ئاساییە ئەگەر مناڵ هەندێ داواکاری بەدڵ نەبێت و دەست بەجێ ئەنجامی نەدات و دوای بخات. ئەگەر خۆمان لەبری مناڵەکە دابنێین زۆربەی جار دەتوانین تێبگەین کە بۆچی نایەوێت ئەو داواکارییە بەجێ بێنێت. بۆنموونە مناڵێك بە قووڵی چووەتە یارییەکەیەوە و دایکی داوای لێدەکات بڕواتە جێگەکەیەوە. مناڵەکە پێویستی بە تۆزێك کاتە تا دەست لە یاریەکەی هەڵگرێت و خۆی بۆ نووستن ئامادە بکات. باوکەکەش بەهەمان شێوە ڕەفتار دەکات کاتێك لەسەر کۆمپیوتەرەکەیەتی و دایکەکە بانگی دەکات بۆ نانخواردن. کاتێك مناڵێك بەتەواوی نەهێڵێت لە ڕووی پەروەردەوە هیچی لەگەڵدابکرێت پێویستە دایك و باوك و کەسە نزیکەکان پێکەوە بیر لەم خاڵانە بکەنەوە:

- ئایا ئەو ڕەفتارەی لە مناڵەکەی چاوەڕێدەکەین لە بنچینەدا لەگەڵ گەشەو تەمەنیدا دەگونجێت؟ زۆر نابێت بۆ منالەکە و پێی بێ ئومێد نابێت؟
- ئایا هەڵوێستە پەروەردەییەکانمان بەبەردەوامییە؟ منالەکە ئەتوانێت پێشبینی بکات کە لەسەر ڕێگەچارەکەمان بەردەوام دەبین یان نا.
- بەشی پێویست داواکاریمان لە منالەکە هەیە کە خۆی بتوانێت ئەنجامی بدات؟ منالەکە زۆر بەناز نەکراوە؟ زۆر پاداشتی ماددیمان کردووە؟ هەوڵدەدات بە لاساری بەهای پاداشتەکانی بەرزبکاتەوە و هەڵمان بخەڵەتێنێت؟ ئایا خۆمان فێری بەرتیلمان نەکردووە؟
- ئایا خۆمان زۆر بێ سۆزمان نەکردووە و هەست بە پشتگوێخراوی ناکات؟ ئایا لە داواکارییەکانمان وا تێدەگات کە ئێمە ڕەتی دەکەینەوە؟ ئایا دەیەوێت تێمانگەیەنێت کە هەست بەوە دەکات کە خۆشمان ناوێت؟ ئایا لەلای باشترە سەرنجمان ڕاکێشێت بەوەی تورەمان بکات؟ بەڕادەیەك ئەوەی لە پشتگوێ خستن لەلا باشترە؟
- ئایا لە ڕەفتارەکانیدا لاسایی ئێمە دەکاتەوە و هەر بۆیە لێشمان تێناگات؟

پێویستە گوێڕایەڵی ئامرازێك بێت بۆ بردنی منالەکە بە ئاڕاستەی ڕەفتاری بەمانا و بەسوود. ئەگەر گوێڕایەڵی بکرێت بە ئامانجی پەروەردەکردن ئەوا تەنها دەبێتە ئەنجامی سەپاندنی هێز بەسەر منالەکە و بێئومێد کردنی منالەکە. ئەوەش نابێت لەبیر بکرێت

لەلایەن دایك و باوکەوە کە هەر ڕێگەچارەیەك کە دەیگرن کاریگەری درێژخایەن لە ناخی مناڵەکەدا بەجێ دەهێڵێت. تەنانەت کاردەکاتە سەر شێوازی پەروەردەکردنی منالّی خۆی لە داهاتوودا. ڕەفتاری دایك و باوك هەمیشە دەبێتە نموونە بۆ منالّ. دایك و باوك دەیانەوێت کچەزا و کوڕەزاکانیان چۆن پەروەردەبکرێن؟

هیچ دایك و باوکێك پێرفێکت نی یە
مامەڵەکردنی منالّ بۆ دایك و باوك بریتییە لە هاوسانگی ڕاگرتن لە نێوان خەمخۆری کردن و سنووردانان و دەستبەرداربوون. لێهاتوویەکی زۆر پێویستە بۆ ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییە. بڕی پێویست لە هەریەکە لەو پێکهاتانەی پەروەردەکردن ناتوانرێت وەك پێوانەیەکی گشتگیر بەکار بهێنرێت. بڕەکان بەپێی منالّ و بەپێی باری گەشەکردنی لەو کاتەدا دەگۆڕێت.
دۆزینەوەی بڕی پێویست بۆ هەرمناڵێك ئەو ئەرکەیە کە دایك و باوك هەمیشە هەوڵی بۆ دەدەن و زۆرجار سەرکەوتوو نابن تیایدا. بۆ نموونە ئێوارە هەیە کە دایك و باوك ماندوون و کاتی ئەوەیان نی یە ڕوو بە منالّەکە بدەن. چونکە دایك و باوك خۆشیان پێویستیان بەوەیە ئاگاداری خۆیان و ئارەزووەکانیان و ژیانی هاوسەرییان بن. ئەگەر هێز و کاتیان بۆ خۆیان بۆ نەمێنێتەوە زیاتر و زیاتر بێزار و نیگەران دەبن و ئەوە دووبارە کاریگەری باشی بۆ سەر منالّەکە نابێت. هەندێك دایك و باوك بە کارەکانیانەوە یان بە کاری خێزانییەوە پابەندن کە ڕێگری ئەوەیان لێدەکات کە نەتوانن بەوشێوەیە خەریکی منالّەکەیان بن کە بەتەمابوون. بۆ

دڵدانەوەیان: سروشت چاوەڕوانی ئەوەناکەت کە دایك و باوك پێرفێکت بن. مناڵ توانای خۆگونجاندن و خۆڕاگری هەیە. سروشت چاوەڕێی ئەوەش نی یە کە دایك و باوك بەتەنها چاودێری مناڵەکەیان بکەن. ئەوەی لەسەر دایك و باوك پێویستە ئەوەیە کاتی پێویستیان بۆ مناڵەکە هەبێت و ئەوەی لەسەر کۆمەڵگاکەشیان پێویستە ئەوەیە پشتگیری دایك و باوکەکە بکات.

منال دەبێت چۆن چاودێری بکرێت

"بۆ گەورەکردنی مناڵێك یەك دێی تەواوت دەوێت" (ووتەیەکی ئەفریقی). لەم ڕۆژەدا چاودێری مناڵ بەتەنها بە دایك و باوك ناتوانرێت بکرێت بەبەردەوامی. وەکو جاران نی یە کە خێزانەکان بەیەکەوە لە یەك ماڵدا دەژیان. لەبەر ئەوە دایك و باوك پێویستیان بە یارمەتی کۆمەڵگاکەیە. لە ئەڵمانیا و سویسرا ژمارەی دەزگاکانی چاودێری مناڵ بە شێوەی پێویست نی یە و کوالیتیشیان پێویستی بە باشکردن هەیە. ئەو شوێنانەی کە هەن زۆربەیان کۆنن و پێویستیان بە نۆژەن کردنەوە هەیە بۆ ئەوەی مناڵەکان بەبێ زیان تیایاندا چاودێری بکرێن. ئەمانە کاتێك دەکرێن کە پایەی خێزان و مناڵ لە کۆمەڵگادا لە لایەن لایەنی پەوەندیدارەکانەوە چاوی پیابخشێنرێتەوە. بۆ ئەوەی وا لە کۆمەڵگا بکرێتە هاوەڵی مناڵ بێت دەبێت وەرچەرخانێك لە ئابووریدا ڕووبدات و ڕێگە بە باوکانیش بدات بتوانن کاتی کارکردنیان بەشێوەیەك ڕێکخەن کە کاتی ئەوەیان هەبێت بەشداربن لە چاودێری کردنی مناڵەکانیاندا لە پاڵ دایکاندا. نابێت مناڵ باوکەکەی نەناسێتەوە بەهۆی دووری باوکەکە لە ماڵەوە و سەرقاڵی بە پەیداکردنی پاروی ڕۆژانەی خێزانەکەیەوە.

هەروەها ئەوپیاوانەی کە باوکایەتی بە هێند دەگرن دەبێت لە شوێنی کارەکانیان پشتگوێ نەخرێن. دەبێت بواری ئەوەیان هەبێت بتوانن بە نیوڕۆژ کار بکەن هەروەك چۆن لە زۆر شوێنی کار ئەو بوارە بە ئافرەت و دایکان دەدرێت.
تادێت شێوازی جیاوازی خێزانەکان زیاد دەکات. خێزان هەیە بەیەکەوە دەژین خێزان هەیە لەیەك هەڵوەشاون. دەبێت شێوازی چاودێریکردنەکانیش بەپێی شێوازی خێزانەکان بگۆڕدرێت کە مناڵەکانی تیادا گەورە دەبن. ئایا دەتوانرێت هەموو مناڵەکانی ئەو خیزانە جۆراو جۆرانە وەك یەك جێگەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بکەنەوە؟
خێزانی تەواو. باوترین شێوازی خێزانە کە مناڵ تیایدا گەورە دەبێت. ڕێژەی ٨٠٪ لە گەنجان هەوڵ بۆ پێکهێنانی خێزان دەدەن، ئەگەرچی مەترسی جیابوونەوە گەیشتۆتە ڕێژەی ٤٠٪.
دایك هەیە کە مناڵەکانیان بە تەنها بەخێو دەکەن و زۆر هەست بە لەخۆ ڕازیبوون دەکەن بەهۆی ئەو ڕۆڵەی کە بۆ مناڵەکانیان دەتوانن بگێڕن. بەڵام لە ڕاستیدا زۆربەی دایکەکان ماندوون بەدەست ئەو لێپرساوێتییەی بەتەنها لەسەر شانیانە. لە پاڵ چاودێری مناڵەکان دەبێت کاریش بکەن. زۆربەی چار هەست بە دابڕان دەکەن لە کۆمەڵگا. ئەگەر باری دەروونی دایکەکان باش نەبێت ئەوا کاریگەری باشی بۆ سەر مناڵەکەش نابێت.
لەناو خەڵکدا هێشتا ئەو بۆچوونە باوە کە مناڵ لەناو خێزانی تەواودا باشتر پەروەردە دەبێت. هەر ئافرەتێك کە هەموو ژیانی لەپێناوی ماڵ و مناڵەکەیدا دادەنێت دەبێت دڵخۆش و بەختەوەر بێت. دایکێك کە کار بکات هێشتا بە نیگەتیڤی دەبینرێت. پێی

دەوترێت دەیەوێت خۆی پێش بخات پێداویستی مناڵەکە پشتگوێ دەخات و بەرژەوەندی خۆی پێش دەخات. ئەوەی بەوشێوەیە بیردەکاتەوە دەبێت بزانێت کە ئەو شێوازەی خێزانی نموونەیی لەم ٥٠ ساڵەی ڕابردودا بەهیچ شێوەیەك وەك پێویستی نەماوە و بگرە خەریکە دەگمەن دەبێت. لەوەدەچێت پێشتر هیچ سەردەمێك نەبووبێت کە تیایدا دایك بەتەنها ئەرکی بەخێو کردنی منالی لە ئەستۆدابووبێت. مناڵەکان پێشتر لەناو خزمان و دراوسێ دا گەورە دەبوون و ئەوان یارمەتی دایکەکەشیان دەدا. هەروەها خوشك و برا و منالی کەسوکار و دراوسێکان بەیەکەوە گەورەدەبوون یان ئاگایان لە یەکتر دەبوو. لەکاتی ئێستاشدا لە زۆر وڵات منال لەناو قەرەباڵغیدا گەورە دەبن.

دایك و باوکی خێزانی بچوك دەتوانن تاڕادەیەك بەخێو کردنی مناڵێك ئەنجام بدەن. بەڵام کەمیان دەتوانن بەبێ یارمەتی کاسانی تر تەواوی چاودێری کردنەکە بەتەنها ئەنجام بدەن. لەهەموو بارێکدا دەبێت مناڵەکە ئەزموون پەیدا بکات لەگەڵ گەورەی تر هەڵسوکەوت بکات و بەتایبەتی لەگەڵ منالی دیکە، تاوەکو توانا کۆمەڵایەتیەکانی وەك پێویست گەشە بکات.

زۆرکات دایك و باوك نیوڕۆژ کاردەکەن و پێکەوە چاودێری مناڵەکە دەکەن. ئەو شێوازە بۆ مناڵەکە باشە چونکە کاتی زۆر لەگەڵ هەریەك لە دایك و باوکەکە بەسەر دەبات. ئەو دایك و باوکانە کارێك دەکەن کە دەتوانن تیایدا نیوڕۆژ کار بکەن. بۆیە دەبێت لە ڕوی ئابوورییەوە ئەوە ڕەچاو بگیرێت و هەوڵ بدرێت لە هەموو بوارەکانی کارکردندا ئەو بوارە بڕەخسێنرێت بۆ خێزانەکان کە چ

باوك و چ دایکەکە بتوانن نیوڕۆژ کاربکەن. دەبێت نەهێڵرێت لە ڕووی مووچە و لەڕوی پلەو پایەوە زەرەرمەند بن.
لەکاتێکدا کە دایك و باوك هەردوکیان کار بکەن، باوکەکە ١٠٠٪ کار دەکات و دایکەکە بە نیوڕۆژ کار دەکات. لە سویسرا بە ڕێژەی ٣٠ تا ٥٠٪ ی ئەو دایکانەی کار دەکەن منالی تەمەنی پێش قوتابخانەیان هەیە و ٦٠ تا ٧٥٪ یان منالی قوتابخانەیان هەیە. دایکەکان کار دەکەن لەبەر ئەوەی لەڕووی ئابووریەوە ناچارن و دەبێت بیکەن یان لەبەر ئەوەی لە بوارێکدا خوێندنیان تەواوکردووە و دەیانەوێت کار تیادا بکەن.
بۆ دایکی خاوەن پیشە ئەرکەکە دەبێت بە دووهێند لەسەر شانی. خێزانەکە پێویستی بە کەسێك دەبێت بۆ چاودێری کردنی منالەکە. زۆرکات کەس دەست ناکەوێت یان زۆر گران دەبێت. لەو کاتەشدا منالەکە لەڕوی چاودێری کردن و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە زەرەرمەند دەبێت. ٤٠٪ ی منالانی سویسری کە دایکەکانیان کار دەکەن دوانیوەڕوان لە پاش قوتابخانە کەس نی یە چاودێرییان بکات.
بەخێوکاری تەنها. تادێت ژمارەیەکی زیاتر لە منالان تەنها لەلای دایك یان تەنها لەلای باوکیان گەورە دەبن. ئەو دایك و باوکانە زۆر دەناڵێنن بەدەست چاودێری کردنی منالەکە و زیاتر پێویستیان بەیارمەتی کەسانی ترە بۆ چاودێری کردنی منالەکە. زۆربەی کات منالەکان لەگەڵ منالی تر چاودێری دەکرێن و ئەوەش سودی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی منالەکە هەیە.
بەکورتی دەتوانین بڵێین:

- چاودێری کردنی مناڵ دەگۆڕێت بەپێی ژینگەی ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا چاودێریکردنەکە ئەنجام دەدرێت. لە هەموو بارێکدا دەبێت ئەوە بزانرێت کە منال پێویستیان بە کەسانی نزیك و بەتایبەتی منالی دیکەیە بۆئەوەی بتوانن لە کۆمەڵگەدا ڕابێن.
- دایك و باوك پێویست ناکات خۆیان بە کەمتەرخەم بزانن ئەگەر نەیانتوانی بەتەنها چاودێری مناڵەکەیان ئەنجام بدەن. پێویستە پێشوەخت هەوڵ بدەن کەسێك یان شوێنێك بۆ چاودێری مناڵەکە بدۆزنەوە بۆ ئەوەی خۆیان و چاودێری کردنی مناڵەکەش نەکەوێتە بارێکی ئاڵۆزەوە.

کێن ئەوانەی لە چاودێری کردنی مناڵدا یارمەتی دایك و باوك دەدەن؟

خزمان. لە توێژینەوەیەکی سویسری دا هاتووە کە نەنك و باپیر سالآنە ١٠٠ ملیۆن کاژێر چاودێری کوڕەزا و کچەزاکانیان دەکەن. لە ئەڵمانیا ١،٤ بلیار کاژێر دەکات. بەتایبەتی نەنکەکان ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەبینن لە چاودێری کردنی مناڵدا ئەمەش لە ڕوی ئابووریەوە بەهایەکی زۆری هەیە. لە داهاتودا ئەوانیش کەمتر بەردەست دەبن چونکە تابێت ڕێژەیەکی زۆر لەنەنکەکانیش کاردەکەن. خزمانی تری وەك پوور یان خاڵ و مام زۆر بە کەمی پەنایان بۆدەبرێت لەم بوارەدا.

ناسیاو. هەندێ خێزان تەنها پەنا بۆ خزمان نابەن باڵکو بۆ ناسیاو و هاوڕێکانیشیان بۆ چاودێری کردنی مناڵەکانیان و زۆرجار لەگەڵ

منالّی خۆیاندا ناسیاوەکان چاودێری منالّی ئامانیش دەکەن یان دەیان گەڕێنن. تا ژمارەی ئەو کەسانە زیاتربێت کە پەنایان بۆ دەبرێت بەردەوامبوون لەسەر چاودێرییەکە و ڕاهاتنی منالّەکە گران دەبێت، بەلّام لایەنی باش لەم شێوازە ئەوەیە کە منالّەکە تێکەلّی منالّی زیاتر دەبێت و ئەزموونی زیاتری دەبێت.

داینگە وەك تەواوکەری خێزان. لە ئەلّمانیا و سویسرا هێشتا بەشێکی زۆر خەلّك هەن کە باوەڕیان بە پەروەردەکردنی منالّ نی یە لە داینگە و باخچەی ساوایان و شوێنە گشتییەکان و دەلّێن کاسانی چاودێریکار (دادەکان) وەك دایك ناتوانن چاودێری منالّ بکەن و ناتوانن وەك منالّی خۆیان خۆشیان بوێت. دایك و باوك هەیە دەتوانن بەشێوەیەکی نایاب چاودێری منالّەکەیان بکەن لە مالّەوە و پێویستیان بە تەواوکەرێکی خێزانەکە نی یە بۆ ئەو بابەتە. ئەی ئەو دایکانە چی بکەن کە دبێت بۆ پەیداکردنی پاروی ڕۆژانەیان کاربکەن؟ ئێستا و لەداهاتووشدا ژمارەی ئەو خێزانانە لەزیادبوون دەبێت کە پێویستیان چاودێریکارە وەك تەواوکەری خێزانەکەیەن.

داینگە کارەکەی تەنها پشتگیری کردن و بار سوککردنی دایك و باوك نی یە لە چاودێریکردندا بەلّکو لەپالّ ئەوەشدا دادەکە دەبێت شارازابێت لە بواری پەروەردەکردنیشدا. لەم سالّانەی دوایدا پێویستی منالّ بۆ تێکەلّ بوون بە کۆمەلّگا ئەزموون پەیداکردن لە مێدیاکانیشدا بە هێند دەبینرێت. توێژینەوەکان دەیسەلمێنن کە ئەو منالّانەی لە سەردانی داینگە دەکەن لە باخچەی ساوایان لێهاتووترن لە ڕوی کۆمەلّایەتی و گەشەکردنیان، بەتایبەتی لە ڕوی زمانەوە لەچاو ئەو منالّانەی چەندسالّی سەرەتایان تەنها لە ناو خیزانێکی

بچوكدا بەسەر بردووە. كاریگەری ئەزموونی چەندساڵی سەرەتای تەمەنی مناڵ لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەدا دەردەكەوێت لەسەر باری ئاسودەیی مناڵەكە، لەسەر ئاستی توانای فێربوونی و لەسەر ڕەفتاری. گەشەكردنە پۆزێتیڤەكانی منالی داینگە دەكرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەم چەند فاكتەرە:

ئەو منالانەی سەردانی داینگەیان كردووە

- ئەزموونی فراوانیان لەگەڵ منالی هاوتەمەن و كەمێك گەورەتر پەیدا كردووە كە هەموو پێكەوە لە ناو گروپێكدا كۆكراونەتەوە؛
- توانیویانە بەپێی پێویست ئەزموون لەگەڵ كەسێكی پەیوەندیداری وەك دادە پەیدابكەن؛
- هەلی ئەوەیان بۆ ڕەخساوە سوود لەو چالاكیانە وەربگرن كە بۆیان ڕەخسێنراوە بەپێی ئاستی گەشەی خۆیان، بۆ نموونە شوێنی یاری و ئیشی دەست و گەشتكردن بۆ سروشت و هتد.

تووێژینەوە ناوبراوەكان دەریشیان خستووە كە لەكاتی پەنابردن بۆ داینگە وەك تەواوكەری خێزان دایك و باوك وەك كەسی هەرەگرنگ مناڵەكە دەمێننەوە. باری ئاسودەیی مناڵەكە لەم كاتەشدا هەر پابەندە بەوەی دایك وباوكەكە چەند ڕوو بە مناڵەكەیان دەدەن و داینگەكان نابنە چێگر بۆماڵەوە.

داینگەكان كەواتە مەرج نی یە خراپ بن بۆ مناڵ، بەڵام لەهەمانكاتدا هەمیشە باش نین. بۆ ئەوەی مناڵەكە باش گەشە بكات دەبێت داینگەكان لەڕووی كوالیتییەوە زۆر باش بن.

خاسییەتەکانی داینگەی کوالیتی بەرز ئەوەیە: دادەکان بە پەرۆش بن بۆ کارەکەیان و لێهاتووبن تیایدا، لەبواری پەروەردەیدا خوێندنیان تەواو کردبێت و بە بەردەوامی خولی فێرخوازی ببینن. داینگەکە بەباشی ڕێکخرابێت و ژوور و شوێنەتایبەتەکان و شوێنی یاریکردنەکانی بە شێوازێکی گونجاو بۆ تەمەنی مناڵەکان دروستکرابن. یەکێك لە مەرجەکان کە دەبێت لە داینگەیەکی باشدا هەبێت بەردەوامی کارمەندەکانێتی، واتە کەمترین گۆڕان لە کارمەندەکاندا و بوونی ژمارەی پێویست لە کارمەندان بەشێوەیەك کە پەیوەندیەکی کەسێتی و متمانە پێکراو لە نێوان دادە و هەر منداڵێکدا دروست ببێت.

زۆربەی دایك و باوك کاتێك دایەنێکیان دەست دەکەوێت یان جێگەیەکیان لە داینگەیەك بۆ منالەکەیان دەست دەکەوێت لەخۆشیا بیریان نابێت یان بگرە ناوێرن پرسیار لەسەر کوالیتییەکەی بکەن یان داوای هیچ شتێك بکەن. بەڵام زۆر پێویستە ئەوە بکەن چونکە ئەوان منالەکە تەنها بۆ ماوەیەکی کەم نادەن بەوان بەڵکو دەیدەنە دەست کەسانێك و لەلایان دەمێننەوە. چاوەڕێی چاودێری کردنێك دەکرێت لێیان کەلەگەڵ پێداویستی منالەکەدا گونجاوبێت. مافی دایك و باوکەکەیە بزانن منالەکەیان چۆن چاودێری دەکرێت و لەڕووی گەشەکردنەوە چ بوارێکی بۆ دەڕەخسێت بەتایبەتی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە. دەبێت شێوازی بینای داینگەکە بەباشی ببینن و دانیشن و گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێوبەری داینگەکە بکەن. باشتر وایە لەگەڵ دایك و باوکی منالی تر گفتوگۆ بکەن کە منالەکەیان پێشتر لەو داینگەیە داناوە و بپرسن چۆنە.

داهاتوویەك بەبێ مناڵ؟

زۆربەی دایك و باوك دەڵێن مناڵ بەبێ یارمەتی گەورە بکەیت زۆر گرانە. ئەو باری نارەزاییەی کە زۆربەی دایك و باوکان هەیانە لە چاودێریکردنی مناڵەکانیان هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگەو باری خێزان تیایدا نەك بۆ خراپی دایك و باوکان. دایك و باوك پێویست ناکات لەخۆیان پەستبن ئەگەر هەست بکەن دەرەقەتی چاودێری کردنی مناڵەکەیان نایەن بەتەنها. باو و باپیرانیشیان جاران بە تەنها نەیانتوانیوە، بەڵام جاران مناڵ لەناو خێزانی گەورەدا گەورە دەبوو و هەموو یارمەتی یەکتریان دەدا. ئەمڕۆش دەبێت کۆمەڵگا پشتگیری بێت بۆ چاودێری کردنی منال. ئەو پشتگیرییەی جاران خێزانە گەورەکان و دەوروبەر بۆ خیزانەکان هەیان بوو دەبێت ئەمڕۆ کۆمەڵگا وا بگونجێنرێت کە خێزان و منال ئاسودەبن تیایدا. جێگەی داخە بەڵام لە ڕاستیدا: ئەگەر کۆمەڵگا ئەو بەربەستانە چارەسەرنەکات باری خێزانەکان و منال قورس دەکات و هەلی داهاتوویەکی بەنرخمان لەکیس دەچێت.

بۆچی گەنجان تابێت کەمتر ئامادەن بۆ پێکهێنانی خێزان؟ جاران منال زۆر هەڕەمەکی و تەنانەت بەبێ خواستی دایك و باوك دەهاتنە دنیاوە. لە ٣٠ ساڵی ڕابردودا و بەهۆی ئامڕازەکانی ڕێگرتن لە سکپڕییەوە داتوانرێت منال دروست بوون کۆنترۆڵ بکرێت. هەبوونی منال لە ڕۆژی ئەمڕۆدا بڕیارێکی خۆویستە و چیتر بەبێ دەسەڵات دروست نابێت.

لە ئەروپا باس لەوە دەکرێت کە کیشوەرەکەمان کۆتای دێت. ئەڵمانیا و سویسرا کەمترین ڕێژەی منال بوونیان تیادایە. بۆ ئەوەی دانیشتوانمان بە جێگیری بهێڵینەوە دەبێت ساڵانە ٤٠٪ زیاتر منال

بهێنرێته دنیاوه. له وڵاته ئیسکه‌نده‌نافیه‌کان و هۆڵه‌ندا و فه‌ره‌نسا ڕیژه‌ی مناڵ بوون زۆر زیاتره. له‌و ووڵاتانه دایك و باوك هاوکاری ماددی ده‌کرێن بۆ ئه‌وه‌ی ناچار نه‌بن کاربکه‌ن. ئه‌گه‌ر ‌مانه‌وێت مناڵی زیاتر له‌دایك بن ده‌بێت تێڕوانینه‌کانی کۆمه‌ڵگا و ئابووری له خێزانه گه‌نجه‌کان به ڕوونی به‌ره‌و باشی بگۆڕێت. ئه‌گه‌ر خێزانه‌کان له داهاتوودا به‌پێی پێویست پشتگیری بکرێن ئه‌وا زیاتر ئاماده ده‌بن بۆ دامه‌زراندنی خێزان و ئاسوده ده‌بن.

پریۆرتی دانان (پێشخستن به‌پێی گرنگی)

وه‌ك هه‌ر دایك و باوکێکی تازه‌ی تر دایك و باوکی سارا چاوه‌ڕوانی زۆریان هه‌یه له مناڵه‌که‌یان و له خۆیان. ده‌یانه‌وێت باشترین شت بکه‌ن له چه‌ند ساڵی داهاتوودا بۆ مناڵه‌که‌یان:

- مناڵه‌که ده‌بێت هه‌ست به خۆشه‌ویستی و ئارامی بکات
- مناڵه‌که ده‌بێت هه‌ست بکات که ئێمه و که‌سه نزیکه‌کانی تر هه‌موو پێداویستییه‌کانی بۆ به‌جێ دێنین
- ده‌بێت بزانێت که گوێی لێده‌گرین و کاریگه‌ری هه‌یه له‌سه‌رمان
- له‌هه‌ڵسوکه‌وتیدا له‌گه‌ڵ که‌لوپه‌ل ده‌بێت فێربێت خۆی ئه‌زموون په‌یدا بکات و ده‌وروبه‌ری بگۆڕێت.
- بۆ ئه‌وه‌ی باوه‌ڕی به‌خۆی به‌هێز ببێت ده‌بێت بۆی هه‌بێت له‌و بوارانه‌ی توانای هه‌یه خۆی ئیشی خۆی بکات. ده‌بێت هه‌ست به‌وه‌بکات که خۆی به‌توانایه و هه‌ست به بێده‌سه‌ڵاتی نه‌کات.

بەم هەموو چاوەڕوانییەوە دایك و باوك خۆیان ڕووبەڕوی بەرەنگارییەکی زۆر دەکەنەوە. لە چەند ساڵی داهاتوودا مناڵەکە لە دایك وباوکییەوە پێویستی بە ووزەی زۆری پڕ لە هەست و سۆز و خۆشەویستییە و کاتی زۆرێش. ئەگەر دایك و باوك بیانەوێت هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە بە ئەنجام بگەیەنن، دەبێت زۆر شت لە ژیانیاندا بگۆڕن و گرنگی پێدانەکانیان بگۆڕن و پریۆرتی دابنێن بۆ بوارەکانی ژیانیان. پریۆرتی دانان واتە گرنگی بە هەندێ شت زیاتر بدەن و پێشەی بخەن و هەندێ شت کەمتر کاتی بۆ تەرخان بکەن یان دوای بخەن.

وەك ئامادە کارییەك بۆ ڕۆڵی دایکایەتی یان باوکایەتی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لەوانەیە سوودمەند بن:

- منالەکە چەند لە کاتی منی پێویستە؟
- من خۆم چەند کاتم بۆ دەمێنێتەوە بۆ:
  - هاوسەرەکەم
  - کارەکەم
  - ئیشی ناو ماڵ
  - پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان
  - میدیاکان
  - دەست بەتاڵی
  - وەرزش
  - شتی تر؟

پریرۆرتی دانان و واز هێنان لە خووەکان و حەزو ئارەزوەکان ئاسان نین، دایکی واهەیە لە سروشتەوە بۆ ئەوە نەکراوە واز لە

ئارەزووەکانی خۆی بهێنێت و بۆیە مناڵ بوون دەبێت بە ئەرکێکی قورس لەلای. لا کۆنیشدا دایکەکان وازیان لە هەموو شتێك نەهێناوە لە پێناوی گەورەکردنی مناڵەکانیان بگرە لا پاڵدا جووتیاریان کردووە، لەماڵداریا هاوکاری کەسانی تریان کردوە لە کۆمەڵگەکەیاندا یارمەتی کەسانی تریان داوە، خواردنیان دروست کردوە نانیان کردوە، خەریکی باخداری بوون ئاژەڵیان بەخێوکەدووە و ئیشی دەستیان کردووە.

پۆلیتیکی فێرکردن لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا هەلی ئەوەی ڕەخسان کە ئافرەتان پەرە بدەن بە لێهاتوویەتیان و کارکردن. لە بواری خوێنندا یەکسانییەکی تەواو بۆ کوڕ و کچ بەرپا بووە. ئەگەرچی لە بواری کارکردندا هێشتا یەکسان نین، بەڵام بێگومان ئەوەش دەگۆڕێت. چونکە زۆرینەی ئافرەت دەیانەوێت کار بکەن و بازاڕی کاریش لە ئەوروپا پێویستی بە ئافرەتی خاوان بڕوانامەو شارەزاییە. ئەو هەنگاوە ڕوەو سەربەستی لە خوێندن و کاردا و دورکەوتنەوە لەوەی ئافرەت تەنها لەماڵەوە دانیشێت و مناڵ بەخێوبکات لەلای هەندێك دایك دەبێتە هۆی هەستکردن بە قەرزارباری. بەڵام ئەو بۆچونی دایکایەتییە لەناو ئافرەتاندا ڕوەو کزبوون دەچێت. بەڵام پیاوان هێشتا لەو باوەڕەدان چ لەسەرکاربێت یان لە پۆلتیك یان لە شوێنە ئایینیەکان. لەکاتێکدا کامیان زۆرتر باس لە باشگوزەرانی مناڵ دەکەن بەڕادەیەکی زۆر کەم بەشدارە لە چاودێری مناڵدا.

خۆش بەختی ئەوەیە باوکێکم هەیە کە داری کریسمسم لە دارستان لەگەڵدا دێنێتەوە ماڵەوە



خۆش بەختی ئەوەیە دایکێکم هەیە کە لەگەڵمدا بەدەوری ئاگرێکدا سەمادەکات

قبوڵکردنی ئافرەتانێك کە فرە توانان مانای ئەوەیە باوەڕمان بە دایکانێکە کە دەیانەوێت چاودێری مناڵەکانیان بکەن و لەهەمانکاتدا دەتوانن لە ڕوی منداڵیشەوە پێداویستیەکانیان دابین بکەن. کارکردنیان دەبێت لە لایەن کۆمەڵگاوە باوەڕپێکراوبێت. بەهەمان شێوە دەبێت ئەو دایکانەش باوەڕپێکراو بن کە لەپاڵ بەخێوکردنی مناڵەکانیان چالاکی تریان هەیە و نایانەوێت دەستبەرداری بن. چونکە ئەگەر ڕێگریان لێبکرێت دڵشکاو دەبن و خۆیان بە کەم دێتە بەرچاو. زۆربەی کاتیش دایکەکان لە ناچاریدا دەبێت کاربکەن بۆی لە ڕوی ئابوریەوە دەرامەتی بەخێوکردنی خێزانەکانیان هەبێت ئەگەرچی حەزیان بەوەش بێت کاتی زیاتر لەگەڵ خێزانەکەیان بەسەر بەرن.

بەهەمان شێوەی دایکان باوکانیش فرەلایەنن لە کار و چالاکییە تایبەتەکانیاندا و جیاوازن لە ڕادەی بەشداریکردنیاندا لە کاری خێزانی و بەخێوکردنی منداڵدا. هەندێك باوك دەیانەوێت کاتی زیاتر لەگەڵ خێزان و منداڵەکانیان بەسەربەرن، بەڵام بژێوی کارەکانیان ڕێگەیان پێنادات. زۆر پیاو دەیانەوێت پریۆرتیاکانیان بەشێوەیەکی تر ڕێکبخەن کە بوون بە باوك. ئەگەر وا بکەن زۆر بەباشی پاداشت دەدرێنەوە، چونکە ئەو ئەزموونەی لەیەکەم ساڵی تەمەنی منداڵەکە لەگەڵ منداڵەکەیان پەیدایدەکەن هەستکردنێکی زۆر دەگمەنە. هەست کردن بە نزیکی و متمانە هەبوون بە باوکەکە دەبەخشێت کە کاریگەری باشی دەبێت بۆ پەیوەندی لەگەڵ منداڵەکەی لە داهاتوودا. ئەو پشکەی لە بەخێوکردنی منداڵدا باوکان دەیبەخشن کاریگەری لەسەر باری خێزانیشیان دەبێت. چونکە زۆربەی دایك چاوەڕوانی ئەوەن کە هاوسەرەکەیان بەشێکی هێز و کاتیان بۆ خێزان و منداڵەکانیان تەرخان بکەن. ئەو چاوەڕوانییە لە ڕاستیدا مافێکی ڕەوای خۆیانە.
هەرچۆنێك دایك و باوك پریۆرتییەکانیان دابنێن پێکەوە لە کۆتایدا بەشی هەرە گەورەی ئەرکەکەیان ئەوە دەبێت چاودێریکردن و بەخێوکردنی منداڵەکەیان بە باشترین شێوە ئەنجام بدەن. گرنگ ئەوەیە ژیانی ڕۆژانەی منداڵەکە بەشێوەیەك ڕێکبخرێت کە منداڵەکە بواری ئەوەی هەبێت بە هەموو ئەو ئەزموونانەدا تێپەڕێت کە بۆ گەشە کردنی پێویستی پێیەتی. هەمیشە دایك و باوك با ئەوەی لە بیربێت: بەنرخ ترین شت کە بتوانن وەك دایك و باوك پێشکەشی منداڵەکەیان بکەن کاتی خۆیانە.

به کورتی	
١	منداڵ لە ناخییەوە هەڵپەیەکی تیایە بۆ ئەوەی گەشە بکات. دەیەوێت گەورەبێت و خۆی بە توانا بکات و فیری شت بێت.
٢	گەشەکردنی منداڵ بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت کە یەك بەدوای یەك لە هەموو منداڵێکدا وەك یەك دێت. بەڵام لەلای هەرمنداڵێك لە تەمەن و کاتێکی جیاوازدا دەتوانێت سەرهەلبدات و کەم تا زۆر بەشێوەیەکی جیاواز دیاربدات.
٣	لەبەر ئەوەی گەشەکردن ئەوەندە جۆراوجۆر لە منداڵدا دیاردەدات باشتر وایە دایك و باوك ئاگاداری ئەو قۆناغەبن کە منداڵەکە ئێستا پیایدا تێپەردەبێت و پێویستییەکانی بۆ دابین بکەن. بۆچوونە باوەکان و ئامۆژگاری کەسانی تر مەرج نی یە لەگەڵ پێداویستیەکانی خودی ئەو منداڵەدا ناگونجێت.
٤	گەشە کردن پێکدێت لە تێکەڵەیەك لە هۆکارە بۆماوەییەکان و هۆکارە ژینگەیەکان. لە جینەکاندا پلانی گەشەکردن و خاسڵەتە جەستەیی و فیزیکیەکان دارێژراون. پاشان ژینگەی گەشەکردنەکە و دایك و باوك رێگەخۆشکەردەبن بۆ گەشەکردنی منداڵەکە و پەیداکردنی خاسڵەتە تایبەتەکانی و تواناکانی.
٥	ئارامی جەستەیی و دەرونی منداڵەکە مەرجی سەرەکین بۆ گەشەکردنێکی ئاسایی منداڵەکە. بۆئەوەش منداڵ پێویستی بە بڕی پێویست لە خواردن و چاودێری و دڵنیای و نازهەڵگرتنە.
٦	گرنگترین دوو شێوازی فێربوون لە ساڵانی سەرەتایی تەمەندا فێربوونی کۆمەڵایەتی و فێربوون لەڕێگەی گەرانەوەیە.

٧	فێربوونی کۆمەڵایەتی لەسەر توانای لاسایی کردنەوەی منداڵەکە وەستاوە. منداڵەکە پێویستی بە هاندان و مامەڵەکردنە لەگەڵ کەسانی ئاشنا بۆ لە کۆمەڵگادا ڕابێت، فێری زمان بێت و لەڕوی دەروونیشەوە گەشەبکات. باشترین و گونجاوترین ڕێگا بۆ برەودان بە گەشەکردن لە ڕووی کۆمەڵایەتی و زمانەوە تێکەڵ کردنی منداڵەکەیە بە ژیانی ڕۆژانەی خێزانەکە و ڕێگەپێدانی بە هاوکاری کردنی کەسانی نزیك و خوشك و براکانی.
٨	لەکاتی یاریکردنی منداڵ بە کەلوپەلەکان زانیاری کۆدەکاتەوە دەربارەی شتەکانی دەوروبەری (فێربوون لە ڕیگەی گەڕان). بۆ هەر تەمەنێکی قۆناغی گەشەکردن کەلوپەلی دیاریکراو هەیە کە بەباشی لەگەڵ تەمەنەکەیدا دەگونجێت.
٩	بۆ هەر قۆناغێکی گەشەکردن کاتێکی دیاریکراو هەیە کە منداڵەکە تیایدا لە ناخەوە ئامادەیە دەستبکات بە فێربونی لێهاتوویەکی نوێ. منداڵەکە خۆی بە ڕەفتار پیشانمان دەدات بۆ چ شتێك ئامادەیە. ئێمە ئەوەی لەسەرمانە ئەوەیە کاتەکە بناسینەوەو هەڵوێستمان گونجاو بێت.
١٠	منداڵ لە ناخەوە گوڕێکی تیایە بۆ فێربوون و سەربەخۆ کردنی خۆی. دایك و باوك دەبێت لەو بوارانەی کە منداڵەکە تیایاندا لێهاتووە ڕێگری لێنەکەن و نەیشکێنن. گەشەکردنی متمانە بەخۆبوونی لەسەر ئەوە وەستاوە کە بزانێت ئەتوانێت چەند سەربەخۆ ڕەفتار بکات.
١١	بنەمای پەروەردەکردن دروستکردنی پەیوەندییەکی بەسۆزی پۆسەتیڤە لە نێوان منداڵ و کەسە نزیکەکانی. گرتنەبەری ڕێگەی پەروەردەیی بەمانای وەك ستایش کردن بۆ پتەوکردنی لایەنە

	پۆزەتیڤەکانی و پشتگوێ خستن و ڕێگرتن بۆ پتەوکردنی لایەنی نیگەتیڤ. هەموو شێوازێکی سزادانی جەستەیی نەخوازراوەو دەبێت ڕەتیکەینەوە. هەموو ڕێگەچارە پەروەردەییەکانی دەیگرینە بەر دبێت لەگەڵ تەمەنی منداڵەکەدا گونجاو بن و بەشێوەیەکی بەردەوامبن. ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و بەهەندوەرگرتنی دەوروبەر منداڵ لەڕێگەی کەسانی نزیکییەوە فێری دەبێت کە وەك نموونە سەیریان دەکات.
١٢	چاودێری کردن لەلایەن دایەن یان داینگەوە دەبێتە یاریدەدەر بۆ برەودان بە گەشە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵەکە. مەرج ئەوەیە ئاگاداری کوالیتی چاودێرییەکە بین و لەڕووی پەروەردەییەوە شیاو بێت.
١٣	ئەگەر دایك و باوك بیانەوێت فریا بکەون هەموو پێداویستیەکانی منداڵەکەیان بەجێ بهێنن دەبێت پریۆرتی کارەکانیان بگۆڕن و ئەوە بزانن کە گرنگترین شت کە بیانەوێت بیدەن بە منداڵەکەیان دەبێت کات بێت.

پەیوەندییەکان

دایك و باوكەكە لەگەڵ كچە ٦ مانگەكەیان سواری پاس دەبن. لاورا لەسەر كۆشی باوكی دانیشتووەو گروگاڵ دەكات بەدەم خۆیەوە. ئافرەتێكی پیر پێدەكەنێت بە ڕوویەوەو دەیدوێنێت. مناڵەكە زۆر بە وردی دەڕوانێت لە ئافرەتەكە. ئافرەتەكە تەمەن و ناوی لاورا لە دایك و باوكی دەپرسێت.

دەروناسی بەناوبانگ ڤاتسلاڤیك دەڵێت كاتێك مرۆڤەكان چاویان بە یەك دەكەوێت شێوازێك لە شێوازەكانی پەیوەندیكردن دروست دەبێت تەنانەت ئەگەر بیانەوێت یەكدی پشتگوێش بخەن.
پەیوەندیكردن و پاراستنی پەیوەندییەكان پێویستییەكی بنچینەیی مرۆڤانەیە. لەبەر ئەوە پەیوندیكردن بەشێكە لە ژیانی مرۆڤ كە ناتوانێت دەستبەرداری بێت. ئێمە لە بنچینەوە بوونەوەرین حەزمان بە بە كۆمەڵایەتبوونە: بۆ ئارامی دەروونمان پێویستمان بە كەسانی ترە. بەتایبەتی منداڵ ئەم پێویستییەی زۆرە.
منداڵ پێشوەخت لە سكی دایكیدا بوونەوەرێكە ئارەزوی بەكۆمەڵایەتی بوونی هەیە، ئەگەر چی بە شێوەیەكی زۆر سنووردارە. بۆ ئەوەی گەشەكردنی ڕەفتاری پەیوەندییەكان تەواو ببێت هەموو كاتی منداڵی دەوێت. هەر بەشێك لە تەمەن و مانای خۆی هەیە بۆ گەشەكردنی پەیوەندییەكان. لەهەر ماوەیەك و ڕەفتاری جیاواز دەردەكەوێت. بۆ نموونە دیاردەی شەرمكردن لە خەڵك دیاردەیەكە لە كۆتایی یەكەم ساڵی تەمەن. دایك و باوك دەیانەوێت كە دەگەن بە شێوازێكی پەیوەندی لەگەڵ منداڵەكەیان بەبەردەوامی وەك خۆی بمێنێتەوە و نەگۆڕێت، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ منداڵ بەبەردەوامی لە گۆڕاندایە. منداڵەكە بە بەردەوامی

پیشانمان دەدات کە گەشە دەکات و ئێمەش دەبێت - بە ئەرك نەبێت - جۆرێکی تر مامەڵەی لەگەڵ بەکەین. بەهیچ جۆرێك ئاسان نییە بۆ دایك و باوك بە بەردەوامی ئاگاداری ئەوەبن کە ئایا ئێستا چ مامەڵەکردنێك دروستترینە لەگەڵ منالّەکە و ئاستی گەشەکردنی. پەیوەندییەکان لە نێوان مرۆڤەکاندا لە ژیانماندا ئەوەندە ڕەگیان داکوتیوە کە ئەرکێکی ئاسان نی یە بیریان لێبکەینەوە. چەندەها پەرتوك دەربارەی دەروناسی و ئامۆژگاری بۆ ژیان هەن کە وەك یارمەتیدەر ڕۆڵ دەبینن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ چەند مەبەستێتی لە پەیوەندییەکانی و لە ژیانی خۆی تێبگات. تیۆرییەکان دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ کە لەلایەن دەروونناسەکانی وەك زیگموند فرۆید و ئێریك ئێریکسن دۆزراوەنەتەوە بوون بە بیرکردنەوەی گشتی کە بۆمان ماونەتەوە؛ ئایا چەند کاریگەریان لەسەر پەیوەندییە ڕۆژانەکانمان هەیە ئەوە پرسیارێکی کراوەیە.

ئارۆن ٨ مانگە و سڵ لە کەسانی نەناس
دەکاتەوە

لەم بەندە پێشەکییەدا لەسەر گەشەکردنی پەیوەندییەکانی مناڵ دەمانەوێت هەوڵبدەین تادەتوانین دوور لە تیۆری بین و تەنها ئەو لایەنانە لە پەیوەندییەکان بخەینە ڕوو کە لە ئەزموونی ڕۆژانەی خۆمان و هەڵسوکەوتمان لەگەڵ مناڵان ئاشنای بووین. زیاتر تیشك دەخەینە سەر چوار لایەن کە بەشێوەیەکی زۆر ڕەفتاری مناڵەکە دیاری دەکەن: ڕەفتاری پەیوەستبوون (پێویستی بە دڵنیایی و ناز)، پەیوەندیکردن بەبێ ووشە (زمانی جەستەیی، وەرگرتن و دەربڕینی سیگناڵە کۆمەڵایەتییەکان)، فێربوونی کۆمەڵایەتی (فێربونی رەفتار و بەهاکان) و ناسینە کۆمەڵایەتییەکان (هۆشیاربوون بەرامبەر هەست و بیرەکانی خۆی و کەسانی تر). لەکۆتایشدا خەریکی

ئەوپرسیارە دەبین کە ئایا چاودێرییەکی گونجاوانە بۆ مناڵ لەو بوارەدا چۆن بەدی بهێنرێت باشە.

ڕەفتاری پەیوەستبوون

ناوەڕۆکی هۆکاری پەیوەستبوونی مناڵ پێویستییەتی بە هەستکردن بە دڵنیایی: مناڵەکە ناتوانێت بە تەنها بێت. بۆ ئەوەی دڵنیابێت و ئارامبێت پێویستی بەوەیە لە کەسێکی متمانە پێکراوی نزیك بێت. ئەو پێویستییە بە دڵنیایی دەربڕینە لە ڕەفتاری پەیوەستبوون کە ئێمەی مرۆڤ وەك زۆربەی گیانەوەری تر هەمانە.

بۆچی منال بەشێوەیەکی دیار ڕەفتاری پەیوەستبوونیان تیادایە؟ هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ جەند خاڵێکی یەك بەدوای یەك:

- منال تا ١٥ ساڵ یا زیاتر پێویستیان بە خەمخۆری دایك و باوك و کەسانی نزیکیان هەیە. بەبێ ئەوە بەرگە ناگرن. منال دەیانەوێت خواردنیان پێبدرێت، پاک ڕابگیرێن و بپارێزرێن.
- بۆ ئەوەی منال بتوانن خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگادا ڕابهێنن، بۆ ماوەی چەند ساڵێك پێویستیان بە دایك و باوك و خوشك و برایە وەك نموونەیەك.
- بۆ فێربوونی تەکنیکە کەلتورییەکانی وەك خوێندنەوەو نووسین و بەشێك لە زانین کە لە کۆمەڵگەی سیڤیلی ئەم سەردەمەدا. پێویستە بزانرێن منال پێویستیان بە فێرکاری شارەزایە کە لەڕێگەی پەیوەندی بەردەوام هەوڵیان لەگەڵدا بدات و لەسەر ئەو تەکنیکانە ڕایانبهێنێت.

بۆ ئەوەی بەکۆمەڵگا کردن و فێرکردن شانبەشانی یەك بڕوات و لەگەڵ تایبەتیەکانی مناڵەکەش گونجاوبێت، پێویستە مناڵەکە بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر بەشێوەیەکی هاوسەنگ و پەسەند بەسترابێت بە دایك و باوك و کەسانی تر و هاوتەمەنی خۆی.
هەروەك سروشت چۆن بۆ گیانەوەرەکانی تری دیاری کردووە بۆ مرۆڤیش بەهەمان شێوەیە (بۆلبی ١٩٦٩): مناڵەکە بە پەیوەستبووی دەمێنێتەوە بە دایك و باوکەوە، نەك تەنها دایك، و کەسانی نزیکییەوە تا ئەوکاتەی خۆی دەتوانێت بەتەنها بەرگەی ژیان بگرێت. کاتێك مناڵەکە قۆناغەکانی گەشەکردنی لە تەمەنی هەرزەکاری تەواوکردن و لەتوانایدا بوو خۆی خەمخۆری خۆی بێت، بەرەبەرە زیاتر و زیاتر دەتوانێت دوورکەوێتەوە لە دایك و باوکی و کەسەکانی تا ئێستا نزیکی بوون. بەو مانایەی کە پەیوەستبوونەکە بە ئەنجامی خۆی گەیشت.
پەیوەستبوون چۆن پەیدا دەبن؟ لەلای باڵندە و شیردەرەکان بەستنەوەکە لە نێوان دایك و بەچکەکانیدا لەسەرەتادا لە ڕێگەی چەندین میکانیزمی هۆرمۆنی و دەرونییەوە پەیدا دەبێت. بەچکەکان بۆ ماوەیەکی کاتی دیاریکراو بە دایکەکەوە دەبەسترێتەوە. ئەو میکانیزمانە لەلای مرۆڤ تەنها ڕۆڵێکی ناوەندی دەبینێت. بەستنەوەکە لە مرۆڤدا لە نێوان مناڵ و دایك و باوك و کەسانی تر زیاتر لەڕێی ئەزموونی هاوبەشەوە دروست دەبێت. لە هەفتەکان و مانگەکانی سەرەتای ژیانیدا مناڵەکە بەو کەسانەوە دەبەسترێتەوە کە خەریکی دەبن و بەو شێوەیە ئاشنایان دەبێت. لەلای ئەو کەسە نزیکانە مناڵەکە بەدوای نزیکی و ناز و پاراستندا دەگەڕێت. لە یەکەمساڵی تەمەنیدا لەلای مناڵەکە بەستنەوەیەکی

سۆزدارانەو جەستەیی بۆ ئەو کەسانەی نزیکی لەلا درویست دەبێت کە بە ڕەفتاری جیاکەرەوەی وەك گەڕان بەدوای نزیکی و ترسان لە تەنهایی و شەرمکردن لە کەسانی تر دەری دەبڕێت.

مناڵ جەند بە دایکییەوە یان بەکاسانی تری نزیکییەوە بەستراو دەبێت، کەوتۆتە سەر ئەوەی مناڵەکە چەند کات لەگەڵ ئەو کەسانە بەسەردەبات. زۆر دایك و باوك هەن دەیانەوێت بزانن، ئایا چەند کات دەبێت لەگەل مناڵەکەیان بەسەر بەرن بۆ ئەوەی مناڵەکە وەك پێویست پێیانەوە بەستراو بێت. لێرەدا ناتوانرێت بڕێکی دیاری کراو لە کات بوترێت، چونکە زیاتر لەسەر ئەوە وەستاوە ئایا دایك و باوکەکە لەو کاتەی لەگەڵ مناڵەکەدا بەسەری دەبەن چی دەکەن پێکەوە. مەبەست دەبێت تەنها بەستنەوەی مناڵەکە نەبێت بەڵکو بەمەست ئاسوودەیی مناڵەکەبێت. بۆ بەدەست هێنانی ئاسوودەیی مناڵ بڕی کاتەکە گرنگ نییە بەڵکو چۆنێتی پەیوەندیەکەی نێوان مناڵ و دایك و باوکەکە گرنگە. لە کۆتایی ئەم بەندە زیاتر باس لەم بابەتە دەکرێت.

پەیوستییەك کە لە مناڵیدا دروست دەبێت نامێنێتەوە بۆ هەموو تەمەنی منالی، بەڵکو منال بە بەردەوامی لە گەشەکردندایە و پێداویستییەکانی و پەیوەندییەکانی لەگەڵیدا دەگۆڕدرێن. لەبەر ئەوە دەبێت پەیوەندییەکان لەگەڵ کەسە نزیکەکاندا بە بەردەوامی تازەبکرێنەوەو مناڵەکە ئەزموونی نوێ پەیدابکات لەگەڵ ئەو کەسانە.

منال لەگەڵ دایك و باوکی زۆر بە ئاسانی پەیوەستی پەیدادەکات. بۆلبی باس لە پەیوەستییەکی نەژادی دەکات. مناڵەکە پەیوەست دەبێت بە دایك و باوکەکەوە بەبێ ئەوەی سەیربکات ئایا دایك و

باوکەکە بەسۆز و خەمخۆرین یان نا. ئەگەر دایك و باوك مناڵەکەیان پشتگوێش بخەن ناتوانێت پەیوەندیەکەی لەگەڵیاندا نەهێڵێت. کەواتە پەیوەستیەکە لەسەر چۆنێتی پەیوەندییەکە نەوەستاوە، بەڵام ئاسوودەیی منالەکە زۆر لەسەر چۆنێتی پەیوەندییەکە وەستاوە- وەك ئێستا زیاتر باسی دەکەین -. هیچ منالێك لە تەمەنی پێش قووتابخانەدا واز لە پەیوەندی دایك و باوکی ناتوانێت بهێنێت و بگەڕێت بۆ دایك و باوکێکی تر. منال بەبێ مەرج پەیوەستی دایك و باوکیانن و دەسەڵاتی هیچیان نی یە. ئەبێت ئەوەمان هەمیشە لەبیربێت. منال ئێمەی خۆش ناوێت تەنها لەبەر ئەوەی دایك و باوکێکی زۆرباشین. هەر لە لەدایك بوونیەوە منال بە مەیلێکی درێژخایەن و جێگیر دەمانبەخشێت.

منالەکە لە دووسالی سەرەتای تەمەنیدا تابێت و ئامادەتر دەبێت بۆ پەیوەستبوونی بە دایك و باوکییەوە، بەڵام دوای ئەوە بەرەبەرە کەمتر دەبێتەوە. زۆر منال لە تەمەنی قوتابخانەشدا بەشێوەیەکی پەسەند هەر پەیوەستن بە دایك و باوکیانەوە. لە تەمەنی ووردیدا منال دەست پێدەکەن پەیوەستبن بە کەسانی تری نزیکیشەوە وەك نەنك و باپیریان یان دراوسێکانیان. لە تەمەنی قوتابخانەدا لەوانەیە پەیوەستبن بە مامۆستاکانیانەوە. پەیوەستبوونی توند لەوانەیە لەگەڵ خوشك وبرا ڕووبدات یان لە قوتابخانەدا لەگەڵ قوتابی تر لە شێوازی هاوڕێیەتیدا. لە تەمەنی هەرزەکاریدا پەیوەستییەکە بە دایك و باوکەوە ئەوەندە کز دەکات کە گەنجی تازە پێگەیشتوو دەتوانن دایك و باوکیان جێبهێڵن بۆ ئەوەی دەست بکەن بە گەڕان بەدوای پەیوەندی نوێ و بەردەوام. لەڕێگەی دابڕینەکەوە لە دایك و باوکیانەوە منالەکان لەڕوی سۆزەوە سەربەخۆ نابن. بەڵام

ئامادەباشیان بۆ پەیوەست بوون ڕووەو کەسانی هاوتەمەنی خۆیان دەبێت. بۆ دایك و باوك کەمبوونەوەی سۆزداری مناڵەکەیان وەك لێکردنەوەی پارچەیەکە لێیان چونکە بۆ ئەوان زیاتر بەستراویشە بە لەدەسدانی خۆشەویستی و دەسەڵاتەوە.

پەیوەستبوونی مناڵ نەك بەبەردەوامی گەشە دەکات بەڵکو لە هەر مناڵێکیشدا جیاواز دیار دەدات. مناڵ هەیە پێویستییەکی زۆری بە نزیکی و دڵنیایی هەیە. مناڵێك کە زۆر بە نابەدڵییەوە لە کەسانی نزیکیان دووردەکەونەوە و ئارەزوو بە کەسانی نەناسراو ناکەن ئێمە پێیان دەڵێین شەرمن. لەلایەکی ترەوە مناڵیش هەیە زۆر زوو دەتوانن لەڕووی سۆزەوە سەربەخۆبن لە دایك و باوکیان. پێداویستی پەیوەستبوونەکەیان کەمترە. ئەم مناڵانە زۆر زوو هەر لە ساواییەوە دەتوانن پەیوەندی دروست بکەن بە کەسانی تری وەك نەنك و باپیر و دراوسێ و دادەی داینگەکەیان. هەندێك مناڵ ئامادەن زۆر لە سەرەتاوە پەیوەندی لەگەڵ هاوتەمەنی خۆیان ببەستن لە شێوازی هاوڕێیەتی دا.

ئاسوودەیی دەروونی مناڵەکە لەسەر چۆنێتی و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی دایك و باوك و کەسانی نزیك وەستاوە بۆ پێداویستی مناڵەکە بە دڵنیایی و مەیل پێدان. مناڵەکە تەنها کاتێك دەتوانێت لە ڕووی دەرونی و جەستەییەوە ئاسوودەبێت کە هەموو پێداویستییەکانی بەجێهێنرابن. ئەوەش چۆن دەکرێت لە بەشی "چاودێریکردن" باسی دەکەین.

پەیوەستی بەسۆزی مناڵ بە کەسە نزیکەکانییەوە تەنها بنەمایەك نییە بۆ ئاسوودەیی دەروونی مناڵەکە بەڵکو -هەروەك لە پێشەکییەکەشدا باسکرا – بنەمایەکیشە بۆ پەروەردەکردنی. مناڵێك

کە هەست بە ئاسوودەی و خۆشەویستی بکات گوێڕایەڵتریش دەبێت بۆ کەسانی نزیکی، چونکە خۆشی دەوێن و نایەوێت بەرپەرچیان بداتەوە. ئەو پەیوەستییە بەسۆزە لەپاڵ پەروەردەکردنێکی بەردەوامی گونجاو وا لە مناڵەکە دەکات دوای کەسە نزیکەکانی بکەوێت.

باوکێك کاتی لەدایك بوونی مناڵەکەی: لەخۆشیدا نازانم چی بکەم، بەدەست خۆم نییە دەبێت مناڵەکەم خۆشبوێت. تەنها مناڵەکە خۆی پەیوەست ناکات بە دایك و باوکییەوە بەڵکو دایك و باوکەکەش خۆیان پەیوەست دەکەن بە مناڵەکەوە. پەیوەست بوونەکەی دایك و باوك وەك ئەوەی مناڵ بێ مەرج نی یە بەڵام زۆر بەهێزە. دایك و باوك هەر لە کاتی لەدایك بوونی مناڵەکەوە لە ناخەوە ئامادەن مناڵەکە وەربگرن و خەریکی بن. ئەگەر پێویست بکات بەدرێژایی چەند ساڵێك واز دەهێنن لە چەند شتێك و خۆیان بێبەش دەکەن لەپێناوی مناڵەکەیاندا.

ئەوەی مناڵەکە دەگرێتەوە بەهەمان شێوە دایك و باوکەکەش دەگرێتەوە: پتەوی پەیوەستییەکە بەستراوە بەوەی دایك و باوك و مناڵەکە چ ئەزموونێکیان هەیە پێکەوە. دایك و باوکی بایۆلۆجی مناڵێك بیت ڕاستە مەرجێکی باشی بەسۆزییە بەڵام گەرەنتی نی یە بۆ دروستبوونی پەیوەستی. دایك و باوك چەند پەیوەستی مناڵەکەیان دەبن بە پلەی یەکەم بەستراوە بەوەی چەند کات لەگەڵ مناڵەکەیان بەسەر دەبەن. لەبەر ئەوە زۆر گرنگە دایك و باوك ئامانجیان ئەوەبێت لە چەند هەفتە و مانگی سەرەتای مناڵەکەیانەوە کاتی لەگەڵدا بەسەر بەرن بۆ ئەوەی ئاشنابن لەگەڵی. کاتی پێوانەیی، نی یە بۆ ئەم مەبەستە. ناتوانرێت بوترێت

بۆ نموونە بەلایەنی کەم ئەوەندە کاژێر لە ڕۆژێکدا دەبێت لەگەڵ منداڵەکەت بەسەربەریت، پێوانەیەکی لەو بابەتە نە بۆ دایك و باوکەکە نە بۆ منداڵەکە نی یە. تەنها پێوانە بڕی ئەو متمانەیەیە کە لەنێوان منداڵەکە و دایك و باوکی دروست دەبێت. ئەو کاتەی پێویستە دایك و باوك لەگەڵ منداڵەکە بەسەری بەرن لەسەر کەسایەتی منداڵەکە و کەسایەتی دایك و باوکەکە و باری پێکەوە ژیانیان وەستاوە. مرۆڤ تا بیڵێتەوە کەمە: کات بەنرخ ترین شتە کە دایك و باوك بتوانێت بیبەخشێت بە منداڵەکەیان.

وەرگرتن و داربڕینی سیگناڵە (نیشانە) کۆمەڵایەتییەکان

پەیوەندییەکان لەنێوان منداڵ و دەوروبەری لە یەکەمین ساڵەکانی تەمەنی منداڵیدا بە پلەی یەکەم پشتەبەستێت بە نیشاندان و زمانی جەستەیی یان نازارەکی. لەگەڵ گەشەکردنی منداڵەکە زمانیش بەمانا دەبێت. بەڵام زمانی جەستەیی هەموو تەمەنی منداڵی و تەنانەت زۆر جار تا گەورەییش – وەك لە خوارەوە دەخرێتە ڕوو- هەر گرنگی دەبێت.

ئافرەتێك بە تەنها لە شەمەندەفەرێکدا دانیشتووە. لە وێستگەی داهاتوو پیاوێك سەردەکەوێت بۆ فارگۆنەکەی ئافرەتەکە. ئەگەر پیاوێکی تۆزێك لەتەمەن بێت بە جل و بەرگێکی پۆشتە و کڵاوێکەوە ئافرەتەکە بە چاوێکی تر سەیری دەکات لەچاو ئەوەی ئەگەر کوڕێکی گەنجی جل و بەرگ شێواو و سەروقژ شێواو بێت. وە هەروەها جل و بەرگ و ڕووخساری ئافرەتەکەش کاریگەری دەبێت لەسەر پیاوەکە. هەروەها ڕەفتاری ئافرەتەکەش بەپێی ئەوە دەگۆڕێت، ئایا پیاوەکە دوای سڵاوکردنێك بە سەر لەقاندن بە

هێواشی دێتە فارگۆنەکەوە یان کوڕەکەیە و با هەنگاوی گەورەو باڵی فشکراوەوە خۆی دەکات بە ژووردا. ئایا ئافرەتەکە خەریکی گۆرەوی چنینە یان دەخوێنێتەوە ئەوەش بە شێوە جیاواز سەرنجی پیاوەکە ڕادەکێشێت. پیاوەکە بڕیاردەدات لە نزیك یان زۆر دوور لە ئافرەتەکەوە دابنیشێت. ئەوەش مانایەك لەلای ئافرەتەکە دەبەخشێت. لەوانەیە ئافرەتەکە بیەوێت سەیر بکات پیاوەکە چی دەکات و چۆن کەل و پەلەکانی دەردەهێنێت یان لەوانەیە ڕووبکات بەودیودا و سەیری دەرەوە بکات لە پەنجەرەکەوە یان ڕۆژنامەیەك بخوێنێتەوە. هەرچییەك بکات پیاوەکەش دەتوانێت لەوەوە بخوێنێتەوە ئایا ئافرەتەکە بەرامبەر پیاوەکە بەپەرۆشە یان هیچ پەرۆشیەکی نیە یان تەنانەت ڕەتی دەکاتەوە بیناسێت. شێوازی دانیشتنی پیاوەکەش دووبارە مانای تایبەت دەدات، ئایا بە هێمنی لە شوێنی خۆی دادەنیشێت یان هەناسەیەك هەڵدەکێشێت و قاچی بڵاودەکاتەوە. ئافرەتەکەش لەوانەیە قاچی لەسەر قاچ دانێت و ڕێك دانیشێت و چاکەتەکەی تۆزێك داخات.
ئەم دوو مرۆڤە تا ئێستا هیچ ووشەیەکیان بەیەکەوە نەوتووە بەڵام پەیوەندییشیان کرد بەیەکەوە. هەر لەیەکەم چرکەکانی چاوبەیەك کەوتنیاندا لە یەکتریان گەیاند کە کێن و چاوەڕێی چ هەڵسوکەوتێك لە یەکتری دەکەن. ئەگەر ئێستا سلاویش لەیەك بکەن ئەوەی زیاتر بە مانایە تۆنی دەنگیانە کە چۆن سڵاو دەکەن نەك وشەکانی سڵاوەکە.
ئێمەی مرۆڤ پەیوەندییەکانی نێوانمان زیاتر بە زمانی جەستەمان دروست دەکەین وەك لەوەی بە ووشەکان، کە پێشی دەوترێت پەیوەندی کردنی نازارەکی. زمانی جەستەیی لەکاتە سەرەتاییەکانی

گەشەکردنی بوونەوەرەکانەوە سەریهەڵداوە هەر لەو کاتەوەی کە بوونەوەر پەیدابوون کە شێوازی پێکەوەژیان تیایاندا هەبوو. زمانی جەستەیی زۆر دێرینەو زۆر لە زمانی گفتووگۆ بەماناترە.

چەند ئێلیمینتێکی زمانی جەستەیی دەخەینە ڕوو:

ڕوخسار. باوەڕ بکەین یان نا: گەورەیی جەستە و جل و بەرگ زۆر دەدرکێنن لەسەر کەسایەتی تاکەکان و کاریگەر دەبن لەسەر هەڵوێستمان بەرامبەریان. وەك یەك نی یە لەلامان ئایا ئەوەی بەرامبەرمانە لە ئێمە زۆر بەرزترە و سەرهەڵدەبڕین بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکەین یان ئەو سەرهەڵدەبڕێت بۆ ئەوەی سەیرمان بکات. جل و بەرگ لەوانەیە سەرنجمان بە پۆزەتیفی ڕاکێشێت و سۆزدارییەك لەلامان بەرامبەر ئەوکەسەر دروستکات لەوانەشە هەستێکمان بداتێ کە نەمانەوێت لەو کەسە نزیبکەوینەوە. جل و بەرگ هەندێك لەسەر باری کۆمەڵایەتی مرۆڤیش دەدرکێنن و پێمان دەڵێت کە ئەو کەسە دەیەوێت چۆن سەیری بکەین.

ڕوخساری مناڵی ساوا و منالی ورد سەرنجی گەورە زۆر ڕادەکێشێت: ڕوخساری منالی بچوك و بێچووی زۆربەی شیردەرەکانی تریش زۆر سەرنج ڕاکێشە. جیاکەرەواکانی شێوەی مناڵ لە پێکهاتنی سەری دایە کە لەچاو گەورەدا سەرێکی گەورەتر لە لەشی هەیە بە ناوچەوان و ڕوومەتێکی گەورەو دوو چاو لە دەمووچاوێکی ووردداا.

ڕوخساری مناڵ

ئەوڕوخسارە منالآنەیە لە جیهانی بازاڕدا زۆر بەکار دەهێنرێت بۆ نموونە لە بواری ڕیکلامدا یان لە کۆمیکس و فیلمەکاندا. شارەزایانی ئەو بوارانە بۆیان دەرکەوتووە کە بەهۆی ئەو کاریگەرییە دەروونییەی کە ڕوخساری منال لەسەر مرۆڤ هەیەتی ئەو ڕیکلام و فیلمانەی منالیان تیادایە زۆر سەرنجراکێشن بۆمان.

ڕەفتاری جەستەیی. کاتێك ماندووین، شانەکانمان دادەکەون. کاتێك تەواو هۆشیارین، جەستەمان گورج و ڕێکە. کاتێك شەڕانی و توڕەین باڵەکانمان فشدەکەینەوە. بە ڕەفتارە جەستەییەکانمان زۆر جار بەبێ ئاگای خۆمان بۆ بەرامبەری دەردەبڕین کە لە چ بارێکی دەرونیداین. گرنگی بە کەسێك بدەین تەنها بەهەست دەری نابڕین بەڵکو بە جەستەش دەری دەبڕین. ئەگەر گرنگیەکەمان بەو کەسە زیاتربێت ئەوا لەوانەیە ڕەفتارە جەستەییاکانی ئەویش وەربگرین و بۆ نموونە ئەو چۆن دانیشتووە وەك ئەو بەرامبەری دانیشێن.

ساوایەکی چالاک

ئەو ساوایەی لەسەر پشت کەوتووە و پەلەکانی دەچوڵێنێت، زۆر بێدەستەڵات دیارە و لەراستیشدا وایە و هیچی بۆ ناکرێت، هەر بۆیە ڕەفتارە جەستەییەکەی هەستێکمان دەداتێ کە یەکسەر بەزیمان پیایدا بێتەوە.

جوڵەی جەستە. زۆرجار بە جووڵەیەکی تایبەت بارێکی دەرونی دەردەبڕین. بۆ نموونە لاکاتی بێزاریدا لە دانیشتندا لە کورسیەکەدا خۆمان داخلیسکێنین و ڕیك دانانیشین، یان قاچەکان و پێکانمان دەجووڵێنین یان یاری بە جلەکەی بەرمان دەکەین. سەربازەکان بە ڕۆشتنێکی ڕێك و چوولەیەکی ڕێکخراو دەری دەبڕن کە چەند بە بڕواو دیسپلینەوە ئەرکەکەیان دەوێت بکەن. بە هەڵپەڕکێ هەستکردن بە خۆشی دەردەبڕین.
هەروەك روخسار و ڕەفتارە جەستەییەکان، جووڵەی مناڵیش کاریگەری لەسەرمان هەیە. کاتێك ساوایەك باڵەکانیمان بۆ درێژ دەکات، خۆمان بۆ ناگیرێت: دەبێت بیکەینە باوەش. مناڵێکی ٣ ساڵان کە وڕك دەگرێت و خۆی دەدات بە ئەرزا و بە چوارپەلی

دەكێشێت بەملاو لای خۆیدا، بێداسەڵاتمان دەكات و دەبێت بچین بە دەمییەوە. لە شوێنی یاریكردندا مناڵ هەرچی هێز و ووزەی خۆی هەیە دەری دەپەڕێنێت.

دەربڕینەكانی دەموچاو. دڵخۆشی و دڵنیگەرانی و نادڵنیایی وحەپەساوی و ترس: هەموو ئەم هەستانە دەتوانین لەسەر ڕوومان دەربڕین. لەڕێگەی دەم و چرچیەكانی دەموچاومان و لوت و ناوچەوان و برۆ و چاوەكانمان و بەتایبەتی باری ڕاگرتنی سەرمانەوە ئەو دەربڕینانە درست دەكەین. هەر بەشێكی دەموچاومان لەو دەربڕینانەدا مانایەك پەیدا دەكات. بۆ نموونە لەم وێنەیەی خوارەوەدا دەبینین چاوەكان بەپێی شوێنیان چی دەردەبڕن و چ مانایەك دەدەن بە بەرامبەر. (A) و (B) تەنها دوو خاڵن كە هەریەكەو بەشێوەیەك دانراون، (C) بەڵام یەكسەر وەك دووچاو دێتە بەرچاومان.

كام خاڵانە تەماشامان دەكەن



شوێنی برۆكان بارێكی دیاریكراوی مێشك و بیرمان بۆ دەردەبڕێت. لە كاتی غەمباریدا برۆكانمان شۆڕدەبوە (D)، لە سەرسوڕمان و حەپەساویدا برۆكان بەرزدەبنەوە (E)، لە توڕەیدا لەناوەوە دەدرێن بەیەكدا و لەدەروە بەرزدەبنەوە (F). بمانەوێت شتێك ڕەتكەینەوە پێڵووەكانی چاومان دادەخەین و ئەگەر بشترسین چاومان گەورە دەكەینەوە.



بڕۆکان
لەکاتی
دەربڕیندا

هەست بە شتێکی قێزەوەن بکەین، لوتمان هەڵدەقرچێنین. لە حەپەساندا دەممان دادەچەقێنین. لە دوودڵیدا لچ هەڵەقرچێنین، دڵمان خۆشبێت گۆشەکانی دەمان بەرزدەبنەوە.
بە جوڵاندنی زیاتری بەشەکانی دەموچاومان و تێکەڵکردنی دەربڕینەکانی سەرڕوومان دەتوانین زیاتر و قووڵتر لە هەستەکانمان دەرببڕین. بۆ نموونە تێڕوانینێکی تیژ و دەممان وەك هێڵێك لێبکەین و برۆمان بەینبەیەکدا ئەوا تووڕەیەییەکی زۆر دەردەبڕین. یان لە غەمبارییەکی زۆردا گۆشەکانی دەم و پێلوەکانی چاومان و برۆکانمان هەمووی شۆڕدەکەینەوە.

تێڕوانین. دوو کەس بۆ کاتێکی زۆر و بەتیژی لەیەك دەڕوانن. ساتێکی زۆر باو نی یە. یان دایکێکیە کە ساواکەی دەدوێنێت، یان دوو کەسن کە یەکتریان خۆشدەوێت و خۆیان لە چاوی یەکتریدا ون دەکەن یان دووکەسن کە زۆر لەیەکتری توڕەن. ئێمەی مرۆڤ زۆر بە وردی هەڵیدەبژێرین لە کام ساتدا چۆن سەیری بەرامبەرەکەمان بکەین. ئەڵمان دەڵێت: سەیرکردن هێندەی پەڕتوکێك دەڵێت. ئەگەر سەیری چاوی کەسێك بکەین بۆ یەك تروکەی چاویش بێت ئەوە چەندین شتمان بەو کەسە ووتووە. ئەگەر قسە بەکەین بەڵام تەماشای بەرامبەرەکەمان نەکەین و

سەیری سەر زەوییەکە بکەین ئەوا ئەگەر وشەکانیشمان بتوانن باوەڕپێکەر بن، بەڵام بەرامبەرەکەمان هەر دەتوانێت هەست بەوە بکات کە ئارەزوی بینینی ناکەین یان ئەوەندە گەورەیە کە ناوێرین سەیری بکەین.

تێڕوانینێکی پڕ توانج

تازەلەدایك بوو و منالّی ساوا دەتوانرێت بۆ ماوەیەکی زۆر سەیری چاویان بکەین. بەڵام بۆ منالّی تازە لەدایك بووش زۆر دەبێت ئەگەر زۆر سەیری بکەی، چاویان تەواو دەنوقێنن یان ڕوو دەکەن بەولادا. تا منالّەکان گەورەتر بن، سەیرکردنەکانیان زیاتر دەردەبڕن و تێڕوانینی ئێمەش بۆیان بە مانا تر دەبێت لەلایان. بۆ هەر منالّێك و لە هەربارێکدا بڕی گونجاو هەیە بۆ سەیر کردن و ڕووکردن بەولادا.

دەنگ. دەنگی مرۆڤ یا ناسك و نەرمە یان سارد و گڕە. کە لەگەڵ یەکێك گفتوگۆ دەکەین ئەوەنەی شێوازی وتنی ووشەکان و دەنگمان گرنگە ئەوەندە ناوەڕۆکی ڕستەکانمان بۆ بەرامبەر کاریگەرنین. کاتێك کەسێکی پۆلیتیك ووتارێك دەڵێت بە دەنگێکی زووڵاڵ هەستی زۆرکەس دەهەژێنێت لەکاتێکدا لەوانەیە ئەگەر

خۆمان ووتارەکەی بخوێنینەوە بۆمان دەربکەوێت کە هیچ ماناياكی ئەوتۆ نابەخشێت. لە کاتێکدا پرۆفێسۆرێك چەندین زانیاری گرنگ باس دەکات کە ئەنجامی توێژینەوەی زۆر گرنگن، بەڵام لەوانەیە بە دەنگێکی مۆنۆتۆن پێشکەشی بکات بە جۆرێك کەس تاقەتی نەبێت گوێی لێبگرێت و باوەڕی پێنەکات. ئەگەر مانای وتراوەکە و دەنگەکە گرنگ نەبێت ئەوا شێوازی وتنەکە زیاتر باوەڕ پێکەر دەبێت. ئەگەر بە دانگێکی نەرم و نیان و پڕ خۆشەویستییەوە بڵێین: "هاروهاج!" دەبێتە ووتەیەکی پڕ سۆز. لە کاتێکدا دەنگێکی سارد و سڕی بێ سۆز جوانترین ووتە بێتام دەکات.

زۆربەی مناڵ لە ساڵی یەکەمی تەمەنیدا لە مانای وشە ووتراوەکانمان تێناگەن. بەڵام شێوازی گوتن و دەنگمان هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتاوە بەمانان بۆیان. کاردانەوەیان دەگۆڕێت بەپێی بەرزی دەنگمان یان لەسەر شێوازی دەربڕینەکانمان: ئایا بە ئاسایی بێت یان بە ئاوازەوە. مناڵ لەکۆتایی ساڵی یەکەم دا دەست دەکەن بەوەی لە مانای وشەکان تێبگەن کە ڕۆژانە بەکار دەهێنرێن. بەڵام هێشتا بڕی هەستیاری دەربڕینەکانمان کاریگەرترن وەك لە ناوەڕۆکی ووشەکان. بە تۆنی دەنگدا مناڵەکە تێدەگات دایکی دڵیخۆشە یان نا یان باوکی چی دەوێت. کە بچێت بەلای شتی خوشك یان براکەیدا و دەستی بۆ بەرێت بە هاوارەکەدا دەزانێت کە توڕی کردووn، لە مانای هاوارەکە تێناگات کە بەسەریا کراوە.

خۆدورگرتن. هەموو مرۆڤێك وەك هەموو گیانەوەرێکی تر بە دەوری خۆیدا سنوورێکی نەبینراوی هەیە کە بە باشی دیاریکراوەو بۆ خۆپاراستن بەکاری دەهێنێت. کەسێکی نەناسراو ئەو سنوورە ببەزێنێت ئەوا یان تورەیی دروست دەکات یان هەڵاتن. ڕۆژانە دەیەها جار مەودای نێوان خۆمان و دەوروبەرمان ڕێکدەکەینەوە بۆ نموونە لەگەڵ فرۆشیارێك یان لەگەڵ سەرکارەکەمان یان لە پاسدا لەگەڵ تەنیشتمان یان لەگەڵ کەسوکارمان یان لەگەڵ کەسانێك ئارەزوو بە بینینیان ناکەین هەریەکە لەمانە و بەپێی دوور و نزیکیمان لێیان لەگەلیاندا مەودای نێوانمانیان دەگونجێنین.

مەوداکە خۆمان دیاری دەکەین و دەمانەوێت بەرامبەرەکەشمان ڕێز لەو سنوورە بگرێت کە دەمانەوێت بەدەوری خۆماندا هەمانبێت. فراوانی مەوداکە بەپێی بار و بڕی متمانەمان بەو کەسە دەگۆڕدرێت. ئەگەر مەوداکە نەخوازراوبێت لەلامان زۆر بە هەستیاری کاردەدەینەوە. ئەگەر لە شوێنێکی تەواو چۆڵ بین و لەپڕ کەسێك لە دووری ١٠ مەترەوە دەرکەوێت هەست بە نائارامی دەکەین. ئاخۆ چی بوێت لێمان، ئاخۆ کەسێکی باش بێت یان خراپ! بەڵام لە پاسدا لەلامان ئاساییە ئەگەر نەناسراوێك لە کاتی قەرەباڵغیدا لەتەنیشتمانەوە دابنیشێت. لەو کاتەدا بە هەست مەودا دروست دەکەین و ناهێڵین هیچ تێڕوانینێك لە نێوانماندا ڕوبدات هەرچەند ڕێگەکە دوور بێت.

تێڕوانین لە
کۆترەکان بە
پاڵپشتی دایکەکە

بەبێ هیچ شەرم و لاری بوونێك دەست دەبەین بۆ منداڵێکی تازە لەدایك بوو یان ورد و دەیگرینە ئامێز. ڕەفتاری منداڵەکە فێرمان دەکات کە خۆدوورگرتن لە منداڵەکەدا هێشتا گەشەی نەکردووە. ئێمەش لەدوای ٢ مانگ یان ٣ مانگ ئینجا چاودێری هەستی منداڵەکە زیاتر دەکەین. هەستی پێدەکەین کە چۆن نزیك بوون و دوورکەوتنەوەمان کاریگەری دەبێت لەسەر ئاسوودەیی منداڵەکە. لە دوای تەمەنی ٦ مانگییەوە منداڵەکە زۆر بە ئاشکرا کاردانەوەی دەبێت کاتێك هەست بکات کەسێکی نەناس پێ ی ناوەتە بوارە تایبەتییەکەی ئەوەوە. کاتێك کەسێکی نەناسراو بە هێواشی لە منداڵەکە نزیك دەبێتەوە منداڵەکە بە پەرۆشەوە سەیری دەکات، لە خاڵێکی دیاریکراودا پەرۆشی منداڵەکە دەگاتە ئەوپەڕی. ئەگەر کەسەکە ئەو خاڵەی بەزاند ئەوا پەرۆشییەکە دەگۆڕێت بۆ ڕەتکردنەوە.

دایك یان کەسی چاودێریکەری منداڵەکەش بە ڕەفتاری کاریگەر دەبێت بۆ سەر بواری منداڵەکە لەگەڵ دەوروبەریدا. بۆ نموونە ئەگەر دایکەکە لەگەڵ کەسێك، کە لەلای منداڵەکە ناسراو نییە، خۆی

مەودایەکی زۆر بەجێبهێڵێت و لێی نزیك نەبێتەوە ئەوا منداڵەکەش دوودڵ دەبێت یان ئەو کەسە ڕەتدەکاتەوە، بەڵام ئەگەر دایکەکە لەو کەسەنزیك بێتەوە ئەوا منداڵەکەش ڕێگە بەکەسەکە دەدات زیاتر لێی نزیك ببێتەوە. بەڵام ئەگەر دایکەکە زۆر نزیك ببێتەوە لە کەسەکەی تر ئەوا لەوانەیە منداڵەکە هەست بە پشتگوێ خراوی بکات. غیرە دەکات و کەسە نەناسراوەکە ڕەتدەکاتەوە.

هەر سیگناڵێك (هێمایەك) لە پەیوەندی نازارەکی مانایەکی تایبەتی هەیە و ئاماژە دەدات بە قۆناغێکی گەشەکردن. لە توێژینەوەیەکدا کە لەلایەن نۆڤیکی و دوك کراوە توانیویانە دەریبخەن کە خوێندنەوەی دەربڕینی نازارەکی لە نێوان ٥ساڵان بۆ ٢٠ ساڵان چۆن گەشە دەکات. لە توێژینەوەکەدا ٢٤ جووت وێنە خرایە بەردەمی منداڵەکان، هەر جووتە وێنەیەك دوو منداڵی لەسەر چاپکرابوو بە دەربڕینێکی دەموچاوی جیاواز، بۆ نموونە کوڕێکی دلخۆش و کچێکی دڵتەنگ. لە منداڵەکان دەپرسرا کامیان دڵخۆش یان کامیان دڵتەنگن. توانای ناسینەوەی دەربڕینە نازارەکییەکە لە تەمەنی باخچەی ساوایانەوە زیای دەکرد و لە تەمەنی گەورەبووندا دەگەیشتە ئەوپەڕی. لە هەر تەمەنێکدا جیاوازی زۆر هەبوو. منداڵ هەبوو لە تەمەنی ٧ ساڵیدا لە ٨ جووت وێنە کەمتریان بەڕاستی وەڵامدەدایەوە، لەکاتێکدا منداڵی تر هابوو لە هەمان تەمەندا ٢٠ جووت وێنەیان بە ڕاستی دەناسییەوە لە کاتێکدا ئەم ڕادەیە لە ڕێژەی تێکڕایی گەورەکانیش زیاتر بوو. لە ناسینەوەی دەنگیشدا ئەنجامی هەمان شێوە تۆمار کراون. بەمەدا دەردەکەوێت کە دەربڕینیش و خوێندنەوەی دەربڕینەکانیش لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر زۆر جیاواز گەشە دەکات.

هەموو مناڵێك لە لەدایك بوونەوە لێهاتوویی سەرەتایی تیادایە بۆ دەربڕینی نازارەکی. ئایا هێما کۆمەڵایەتییەکان لەپاشدا چۆن بەکاردێن ئەوە مناڵەکە لەگەڵ کاتدا لە دایك و باوك و کەسە نزیکەکان و مناڵی ترەوە فێردەبێت. بۆ نموونە تەماشاکردن لە کاتی سڵاوکردندا ماوەو چۆنێتی تەماشاکردنی بەرامبەر سیفەتێکی بۆماوەیی نییە بەڵکو مناڵ چاو لە دەوروبەری دەکات و لە ڕێگەی "فێربوونی کۆمەڵایەتی" فێری دەبێت. لە ئەوروپای ناوەند بۆنموونە بە بێڕێزی دادەنرێت ئەگەر لەکاتی سڵاوکردندا سەیری چاوی بەرامبەرەکەت نەکەیت. لە کلتوری ڕۆژهەڵاتی دوور و ناوەڕاست ئەم ڕەفتارە بە پێچەوانەوەیە. کەواتە هەر کۆمەڵگایەوە هێماکان بە شێوەیەك لێکدەداتەوەو بەکاری دەهێنێت. بۆ ئەوەی منالێك بتوانێت بەڕاستی بە ماناتایبەتییەکانی پەیوەندییە نازارەکییەکانی کەلتوری کۆمەڵگاکەی ئاشنا ببێت پێویستی بە تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی و ئەزموونە.

فێربوونی کۆمەڵایەتی

لەلای هەموو دایك و باوکێك بابەتێکی گرنگە کە مناڵەکەیان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کراوە بێت. چونکە دەزانن کە قبوڵ و سەرکەوتنی لە قوتابخانە و گۆمەڵگادا تاڕادەیەکی زۆر لەسەر ئەوە وەستاوە کە مناڵەکە چۆن لەگەڵ مناڵی تر هەڵدەکات. مناڵەکە چۆن خۆی لەگەڵ هەڵوێستەکانی نێوان تاکەکان و بەها کۆمەڵایەتییەکان ڕادەهێنێت؟ ڕۆڵی دایك و باوك و ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی چییە؟

لەڕاستیدا زۆر ئاسانە: بنچینەی فێربوونی کۆمەڵایەتی ئامادەباشییە زگماکییەکەی منداڵەکە خۆیەتی بۆ لاسایی کردنەوە و فێربوون لە تاکەکانی تر. منداڵ چ هەڵسوکەوتێك و چ ڕەوشتێك وەردەگرێت لەسەر نموونەکانی وەستاوە. دایك و باوکی لە زۆر منداڵییەوە کە شتێکی لێوەردەگرن پێی بڵێن "سوپاس" یان "دەست خۆش" ئەوا منداڵەکەش لەخۆیەوە فێردەبێت "سوپاس" یان "دەست خۆش" بڵێت کاتێك لە دایك و باوك یان لەکەسانی تریشەوە شتێك وەربگرێت. ڕەوشتێکی کۆمەڵایەتی تایبەت لە منداڵدا لە خۆیەوە گەشە ناکات. چاو لەو کەسانەدەکات کە لەدەورین و لاسایان دەکاتەوە و بەو شێوەیە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لێ دروست دەبێت.

تەنانەت ساوای تازە لەدایك بوو بە شێوەیەکی سنوردار توانای لاسای کردنەوەیان هەیە. لە هەفتە و مانگەکانی سەرەتادا دەست دەکات بە ئاشنابوون بە مرۆڤەکانی دەوروبەری. ئەم پرۆسەیە لە یاری منداڵەکەدا دەردەکەوێتەوە. لە تەمەنی ٢ساڵیدا منداڵەکە کە یاری بە بوکەشوشەو ورچەکەی دەکات بەهەمان شێوە هەڵسووکەوت دەکات کە دایك و باوکی لەگەڵ خۆی کردویانە. لەکاتی یاریکردن لەگەڵ منداڵی تر و بینینی ڕۆڵەکان دەست دەکات بە لاسایی کردنەوەی کەسانی تر بۆ نموونە لە بینینی رۆڵی دکتۆردا لاسایی دکتۆری منداڵانەکەی خۆی دەکاتەوە. لە ساڵانی یەکەمی تەمەنیاندا منداڵان فێری ئەوەدەبن چۆن دەبێت هەڵسوکەوت بکەن و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی چی لێچاوەڕێ دەکەن. ڕادەی ئامادەیی منداڵ لە ساڵانی سەرەتای تەمەنی بۆ فێربوونە کۆمەڵایەتییەکان زۆرە. لە تەمەنی پێش قوتابخانەدا پێویستییەکی زۆریان بەوەیە

چاو لە نموونەیەك بکەن و هەڵسوکەوتی کەسانی تر وەربگرن. توانایەکی زۆر فراوانیشیان هەیە لە فێربوونی هەڵسوکەوت. بۆیە ئەو شتانەی کە فێری دەبن وەك بنەمایەکیان لێدێت بۆ رەفتاری کۆمەڵایەتی مناڵەکە لە داهاتووشدا. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و لە تەمەنی قوتابخانەدا ئەم ئامادەییە بەرەو کزی دەڕوات، بەڵام هەتا تەمەنی گەورییش هەر بەکەمی دەمێنێت.

لەلای پزیشک

نموونە بۆ مناڵ تەنها دایك و باوك نین بەڵکو تا تەمەنی مناڵەکە گەورەتربێت کەسانی تری وەك نەنك و باپیر یان دادەی داینگەکان و دایەن و دراوسێ و کەسانی تری نزیك تەنانەت مناڵی تری باخچەی ساوایانەکەشی لەوانەیە ببنە نموونە. مناڵ پێویستی بە چەندین کەسی نزیکە کە لە ڕەفتاردا جیاواز بن بۆی فێری ڕەفتاربێت لێیانەوە. بەو شێوەیە فێریش دەبێت بەرامبەر ڕەفتاری جیاوازیش مامەڵە بکات. زۆر گرنگە مناڵ تێکەڵی مناڵی تری تەمەنی خۆی و گەورەتر ببێت. زۆر شت هەیە کە گەورە وادەزانێت دەبێت فێری مناڵی بکات، بەڵام لە ڕاستیدا مناڵ بەباشترین و خێراترین شێوە لە مناڵی ترەوە فێری دەبێت. توانای ئەوەی ڕەفتار لەگەڵ کەسێکی تر بکەن و لە هەست و ویستەکانیان

تێبگەن مناڵ لا منالّی تر بەڕاستەوخۆ تر فێردەبێت لەچاو ئەوەی لە گەورەوە فێری ببێت. بۆیە گرنگە منال بەلایەنی کەمەوە لە تەمەنی دوو ساڵییەوە تێکەڵی منالّی تەمەن جیاوازی تر ببێت و ئەزموون لە ناویاندا پەیدا بکات. لە زۆر وولات گروپی جیاواز هەیە بۆ تێکەڵ بوونی منال وەك گروپی دایك و منالّەکان یان گروپی یاریکردن یان گروپی و داینگەکان و پێش باخچەی ساوایان. دروستکردنی ئەو گروپانە و بردنی منالّەکان بۆ ناو ئەو گروپانە زۆر گرنگی دەبێت بۆ سەر فێربوون و تێکەڵبوونی منالّەکە بە کۆمەڵگا. ڕادەی فێربوونی منال لە نموونەکانی دەوروبەری و ڕۆلّی لە بەکۆمەڵگابوونی تا پێش ماوەیەك بەکەم سەیر دەکرا. ئەگەر بمانەوێت منال لەسەر چەند کلّێشەیەك و بە ڕەخنەگرتن و دارِشتنی یاسا بمانەوێت فێری بکەین ئەوە کات بە فیرِۆبردنە. منال ئەوەندە فێرنابێت لەوەی کە دایك و باوك و کەسانی نزیکی داوای لێدەکەن لەچاو ئەوەی کە لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ئەوکەسانەوە فێردەبێت. واتە زۆر گرنگترە ئەو کەسانە ئاگاداری ڕەفتاری خۆیان بن لەبەردەمی منالّەکەدا و بزانن کە منالّەکە ئەوان وەك نموونە دەبینێت. دایك و باوکە بە بەردەوامی لەبەردەمی تەلەڤزیۆن دابنیشن منالّەکە لاساییان دەکاتەوە. خیزانەکە هەمیشە خواردنی نادروست و ئامادەکراو بخوات منالّەکە فێری ئەو شیوازە ژیانە دەبێت. دایك و باوك پەرتوك نەخوێننەوە منالّەکەش هیچ هاندەرێکی نابێت بۆ ئارەزوو کردنی خوێندنەوە.

درکی کۆمەڵایەتی

توانای درکی کۆمەڵایەتی مرۆڤ وای کردووە ئێمەی مرۆڤ بتوانین ڕەفتاری کۆمەڵایەتیمان هێندە پێناسەکراو و پێشکەوتووبێت. درکی کۆمەڵایەتی ئەو توانایەیە کە ڕەفتاری خۆیی و هەستی خۆیی و بیری خۆیی - بە شێوەیەکی سنوردار - خۆویستانە بەهێند وەربگرین و بتوانین کاردانەوەمان هەبێت. دەتوانین بەبیری خۆمانی بهێنینەوە هەستمان بەچی کردووە لە بارێکی ژیانی دیاریکراودا و خۆمان بەتەما بکەین لە داهاتوودا چۆن ڕەفتار بکەین. جگەلەوە توانای ئەوەشمان هەیە خۆمان بخەینە بری کەسانی تر. دەتوانین هەستەکان و بیرکردناوەکانیان و هاندەرەکانیان و لەوەشەوە رەفتارەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر تێبگەین. زۆر کاتیش دەتوانین پێشبینی بکەین کەسەکان لە بارێکی تایبەتدا چۆن رەفتار دەکات.

لە گیانلەبەرە پێشکەوتووەکانی تری وەك مەیموون دا توانای درکی کۆمەڵایەتی هەیە. بەڵام ئاستی تیگەیشتنیان لە ئاستی تێگەیشتنی منالێکی دوو تا سێ سالانی مرۆڤ تێناپەڕێت. درك بە ناخی خۆت یان ناخی کەسێکی تر دوو سیفەتن کە تەنها لە مرۆڤدا بە دیاری دەرکەوتوون.

کەی منال خۆی وەك تاکێك دەناسێتەوە؟ کەی دەست دەکات بە بیرکردنەوە لەخودی خۆی؟ کەی دەتوانن لەوە دەرببڕن کە تێگەیشتنیان هەیە بۆ هەستی بەرامبەر؟ نزیکەی دوو ساڵ دەخایەنێت تا منال بتوانێت لە خودی خۆی تێبگات. ئەوەش پشت دەبەستێت بە ڕادەی تێکەڵ بوونیەوە و پەیداکردنی ئەزموونەوە لەگەڵ کەسانی تر و چەند توانایەکی دیاریکراوی دەرونی. دەبێت

توانای بیرکەوتنەوە و هێنانەبەرچاوی بە پلەیەکی گەشەکردن گەیشتبێت. لەگەڵ گەشەکردنی کەسایەتی خۆیدا منداڵەکە بەرە بەرە زیاتر دەیەوێت ویستەکانی خۆی بەدەستبێنێت. هەستەکانی خۆی و کەسانی دەوروبەریشی بەرە بەرە باشتر بەهەند وەردەگرێت. دەست دەکات بە هەست کردن بە خۆشی و ناخۆشی کەسانی تر و بەسۆزەوە ڕەفتار دەکات. دیسان دوو ساڵی تر دەخایەنێت تا منداڵەکە دەتوانێت لە بیرکردنەوەی کەسانی تر تێبگات و بزانێت چۆن بیردەکەنەوە.
دایك و باوك زۆربەی جار چاوەڕوانی زۆر زیاتر لە توانای منداڵەکە دەکەن لە بواری تێگەیشتن و هەستیاری. کاتێك منداڵێکی سێ ساڵان لە منداڵێکی تر دەدات، لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەن. وادەزانن منداڵەکە دەزانێت منداڵەکەی تر هەست بە چی دەکات. بەڵام منداڵ تا تەمەنی ٤ ساڵی تەنها هەست بەخۆیان دەکەن. تەنها لە چاوی خۆیانەوە دنیا دەبینن. لە قۆناغی گەشەکردنی پێشکەوتوی توانای درك کردن ئینجا منداڵەکە دەتوانێت درك بە هەستی دەوروبەری بکات و لە چاوی ئەوانیشەوە لە شتەکان بڕوانێت و وەك ئەوان بیربکاتەوە. بەڵام ئەو درك کردنەش بە تەنها بەس نییە بۆ ئەوەی منداڵەکە بزانێت چی دەکات. چۆنێتی بەکارهێنانی توانای درك کردن لە منداڵەکەدا لەسەر نموونەکانی وەستاوە. ئەگەر منداڵەکە لەلایەن دایك و باوکی و کەسانی نزیکی بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت ئەوا منداڵەکەش فێر دەبێت بە سۆزەوە ڕەفتار بکات. بەڵام ئەگەر ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی بڕیارەکانیان بەسەر منداڵەکەدا بسەپێنن و هەستی ڕانەگرن ئەوا منداڵەکەش فێر دەبێت ڕای خۆی بەسەر کەسانی تردا بسەپێنێت.

چاودێری

چۆن دەتوانن دایك و باوك و دایەن مناڵەکە وا چاودێری بکەن کە

- مناڵەکە هەست بە ئاسودەیی و ئارامی بکات؟ پێداویستییە جەستەیی و دەروونییەکانی بەدەستهێنرابن، بەتایبەتی چۆن بتوانرێت پێویستی نزیکی و ناز بۆ منالەکە بەدەست بهێنن؟
- منالەکە توانا کۆمەڵایەتییەکانی گەشەپێبدات و خۆی لە کۆمەڵگەدا بگونجێنێت و بەشی پێویست ئەزموونی لەگەڵ گەورە و منالی تر پەیدابکات؟

لە ڕابودوودا دایك وەك نزیکترین کەسی پەیوەندیدار بە منالەوە سەیر دەکرا و دەگوترا کر دایك مانایەکی بێوێنەی هەیە لە بۆ ئاسوودەی دەرونی ساوا و منال. ڕاستە زۆربەی دایکان وەك کەسی سەرەکی نزیك لە منالەکەوە مانایەکی بێوێنەیان هەیە چونکە لە کەسەکانی تر زیاتر خەریکی منالەکەن و نزیکترن لێیەوە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تەنها ئەو دەتوانێت هەموو پێداویستییەکانی منالەکە بەدەست بهێنێت. باوك و نەنك و باپیر و دایەن و خزم و کاسوکاری نزیکیش دەتوانن هەریەکە و بە شێوازێك پەیوەندی لەگەڵ منالەکە دروست بکەن و ئاسوودەی ببەخشن بە منالەکە (لامپ، فیلْد، پارکە). مەرج ئەوەیە بەلام پەیوەندیەکان بەردەوام و بەشێوەیەکی ڕێکخراو بێت و منالەکە کاتی پێویستی هەبێت بۆ کۆکردنەوەی ئەزموونی جێگیر لەگەڵ ئەو کەسانەدا.

کەسێکی پەوەست کە بتوانێت ئاسودەیی بگەیەنێت بە منداڵەکە دەبێت ئەم مەرجانەی تیابێت:
کەسەکە ئاشنابێت بە منداڵەکە. بتوانێت پێویستییەکانی منداڵەکە دابین بکات و ئاشنای تایبەتمەندییەکانی تاکی منداڵەکەبێت. بتوانێت ئەوە ببەخشێت بە منداڵەکە کە چاوەڕێی دەکات و دەگونجێت لەگەڵ تەمەنی. منداڵەکە هەست بە ئاسودەیی و ئارامی بکات لەلای. منداڵەکە لەکاتی تەنگانەدا بتوانێت هانەی بۆ ببات و پارێزراوبێت لەلای.

نوستن لە ئامێزی باوکدا ئاشنایی بتەو دەکات

کەسەکە بەردەست بێت. ویستەکانی منداڵەکە بەهەند وەربگرێت و خێرابێت لە کاردانەوەیدا بۆیان. بەوشێوەیە منداڵەکە هەرگیز هەست بە پشتگوێ خراوی ناکات.
کەسەکە جێگەی متمانەی منداڵەکەیە. هەمیشە بەهەمان شێوە کاردەداتەوە بۆ ئەوەی هەستکردن بە جێگیری و متمانە بدات بە منداڵەکە.
کەسەکە لە ڕەفتاریدا لێهاتووبێت. بتوانێت بەشێوەیەکی لێهاتووانە مامەڵە لەگەڵ ویستە تایبەتەکانی منداڵەکە بکات.

مەرجێکی تر بۆ چاودێریکردنی باش ئەوەیە کە کەسە پەیوەستەکان چاودێریکردنێکی بێ بۆشایی دابین بکەن بۆ منداڵەکە. تەنها ئەگەر بەردەوامی لە چاودێریکردنەکەدا هەبێت منداڵەکە دەتوانێت هەست بە دڵنیایی بکات. بەوشێوەیە ژیانی ڕۆژانە بۆ منداڵەکە دیار دەبێت و هەست بە جێگیری دەکات.

دایك و باوك دەبێت چەند کات لەگەڵ ساواکەیان لە هەفتەکان ومانگەکانی سەرتەدا بەسەر بەرن بۆ ئەوەی ئاشنای بن؟ زۆربەی دایك لە سروشتەوە ئەو پێویستییەیان هەیە کە زۆرترین کات لەگەڵ ساواکەیان بەسەر بەرن تا هەست دەکەن: "ئێستا منداڵەکەم بەباشی دەناسم". هەندێك لە باوکانیش بەهەمان شێوە دەتوانن خۆیان ئەوەندە بە منداڵەکەوە خەریك بکەن و تەنانەت وەك پێویستیش تیایاندا سەرهەڵدەدات. هەشیانە شیردان و پاکردنەوەی منداڵیان لەلا ئەرکێکی گرانە. بەڵام بواری تر زۆرە هەر لە هەفتەکانی سەرەتاوە کاتی زیاتر لەگەڵ منداڵەکەدا بەسەر بەرن و لێوەی نزیك ببنەوە بۆ نموونە لەئامێزی بگرن یان بۆ ژێرکردنی منداڵەکە لە ئامێزی بگرن یان بیخەوێنن.

باوکانی ئازیز: کات تەرخان بکەن بۆ منداڵەکە. خۆتان لە منداڵەکەتان نزیك بکەنەوە و سەیربکەن بەرە بەرە پەیوەندییەکەتان لەگەڵیدا چۆن گەشە دەکات. وەك باوك بە دڵنیاییەوە هەستێك و ئەزموونێکی بێ وێنە دەبێت ئەگەر بتوانیت ڕۆژێك یان کۆتایی هەفتەیەك یان مۆڵەت وەرگریت لە کار و چەند ڕۆژێك تەنها لەگەڵ ساواکەتدا بەسەر بەریت و ئاسودەیی بۆ منداڵەکەت دابین بکەیت.

دایکی ئازیز: یارمەتی باوکی منداڵەکەت بدە لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ساواکەدا. بۆ باوکەکە ئاسان نییە خەریکی منداڵەکە بێت ئەگەر هەست بکات دایکەکە هەمیشە چاوی لەسەرێتی و سەیر دەکات بزانێت بە دروستی ماماڵەی منداڵەکە دەکات. باوکان جیاواز لە دایکان هەڵسوکەوت دەکەن لەگەڵ منداڵەکانیان. ئەوان جیاواز منداڵ پاك دەکەنەوە ئەوان جیاواز یاری لەگەڵ دەکەن و ئەوان جۆرێکی تر منداڵ دەخەوێنن بەڵام منداڵەکەش ئەو جیاوازییەی بەلاوە خۆشە.

وەك لە سەرەتادا بەسکرا بۆ زۆربەی دایك و باوك ئەرکێکی گرانە کات و ووزەیان بۆ خێزان و منداڵ و هاوسەر و کار و ئارەزووەکانیان بە بەردەوامی سەر لە نوێ بگۆڕن و بیگونجێنن. ئەگەر دایك و باوك دەیانەوێت منداڵەکەیان هەست بە پشتگوێ خستن نەکات، ئەوا دەبێت دایك و باوك پریۆرتییەکانیان بە بەردەوامی سەرلەنوێ داڕێژنەوە.

گرنگترین بە کورتی	
١	هۆی پەیوەستبوون دەگەڕێتەوە بۆ پێویستی بە ئارامی: مناڵ ناتوانێت بەتەنها بێت. بۆ ئەوەی ئاسودەبێت پێویستی بە نزیکی و مەیلی کەسانی متمانە پێکراوێتی.
٢	بەستراوی مناڵەکە بە دایك و باوك و کەسانی نزیکییەوە لەسەر ئەو ئەزموونانە وەستاوە کە لەگەڵیان پەیدای دەکات. مناڵەکە بەو کەسانەوە پەیوەست دەبێت کە خەریکی دەبن و متمانەیان پێدەکات.
٣	مناڵ لە ڕێگەی ڕەفتاری کارەکتەرییانەی وەك گەڕان بە دوای نزیکی و ترس لە دورکەوتنەوە و شەرم لە کەسانی نەناسراو هەڵەسێت بە دەربڕین لە پەیوەستبوونە دەرونی و جەستەیەکانی.
٤	ڕەفتاری پەیوەستبوون لە مناڵدا بە بەردەوامی لە گەشەکردندا دەبێت بە شێوەیەك کە لە هەر تەمەنێك و بە ڕادەیەك دەردەکەوێت.
٥	پەیوەستی دایك و باوك بە مناڵ و مناڵ بە دایك و باوکی لەسەر بڕی ئەو کاتە وەستاوە کە بەیەکەوە بەسەری دەبەن.
٦	شێوازی بەدیهێنانی پێویستییە دەروونی و جەستەیەکانی مناڵەکە لە لایەن دایك و باوك و کەسانی نزیکەوە ڕادەی ئاسودەیی مناڵەکە دیاریدەکات.
٧	مناڵ کاتێك لە لای کەسێکی تر هەست بە ئاسودەیی دەکات کە ئەو کەسە جێگەی متمانەی بێت و

بەردەستبێت لە کاتی پێویستدا و هەمیشە بە نەگۆڕی کاردانەوە بکات بۆ پێویستییەکانی.	
لە ساڵانی سەرەتادا مناڵ و دایك و باوك بە ڕادەی یەکەم لەڕێگەی هێما (زمانی جەستە) وە پەیوەندی دەکەن. پێکهاتە گرنگەکانی پەیوەندی نازارەکی بریتین لە: ڕوخسار، جوڵەی دەموچاو، سەیرکردن، ڕەفتار، جوولەی لەش، دەربڕین بە دەنگ و خۆدوور و نزیکڕاگرتن.	٨
فێربوونی کۆمەڵایەتی وەستاوە لەسەر ئامادەیی زگماکی مناڵەکە بۆ لاسای کردنەوەو لەبەرکردنی هەڵسوکەوتی کەسانی تر. بۆ گەشە دان بە تواناکۆمەڵایەتییەکان مناڵ پێویستی بە تێکەڵ بوونە بە کاسان و مناڵی تر وەك نموونە.	٩
شارەزایی کۆمەڵایەتی وا لە مناڵەکە دەکات بتوانێت هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی کەسانی بەرامبەری زوو تێبگات و کاردانەوەیان بۆبکات.	١٠
چاودێری کردنی باشی مناڵەکە لەسەر ئاستی ئەوکەسە وەستاوە کا چاودێری دەکات و لەسەر ڕادەی بەرداوامبوونی چاودێری کردنەکە.	١١

جووڵە

باوکەکە بە شانازییەوە یەکەم هەنگاوەکانی کوڕەکەی پیشانی نەنك و باپیری مناڵەکە دەدات. پێترۆ ی یانزدە مانگ دەخاتە سەر پێکانی و دەستەکانی دەگرێت و هێدی هێدی بەرەو پێشەوە بەڕێدەکەون. پێترۆ پێ یەکانی پاش و پێش دەخات. بەڵام لەوە ناچێت بە پەرۆش بێت. هەر ئەوەندە باوکەکە دەستی لێبەر دەدات پێترۆ دەکەوێتەوە سەر ئەژنۆ و بە گاڵگۆڵکێ دەڕوات. بەڵام باوکەکە دڵنیایە کە کوڕەکەی بەم زوانە پێدەگرێت.

دایك و باوك لە یەکەم ساڵدا لە ڕێگەی جووڵەکردنییەوە دەبینن منداڵەکە چەند کۆڵنەدەرە. ئەو کاتەی منداڵەکە بۆ یەکەم جار دەست دەبات بۆ یارییەکانی بە سەر جێگەکەیەوە هەڵواسراون یان ئەو ساتەی زۆر چاوەڕوان نەکراوانە لەسەر دەمەوە خۆی دەخاتە سەر پشت یان ئەو ڕۆژەی یەکەمین هەنگاوەکانی دەنێت لە بیری دایك و باوکدا دەمێننەوە و لە بیرەوەرییەکانی گەشەی منداڵەکەیاندا دەمێنێتەوە. خۆی لەڕاستیدا منداڵ لە یەکەم ساڵدا تەنها لە ڕووی جووڵەوە خێرا گەشە ناکات بەڵکو لە زمانگرتن و بیرکدنەوەشدا بەهەمان شێوەیە، بەڵام جووڵە کردنەکە زیاتر دەردەکەوێت.
لە ماوەی ساڵ و نیوی یەکەم لەو ساوە بێدەستەڵاتەی کە لە سەرەتادا هیچ جوڵەیەکی بەدەستی خۆی نییە بوونەوەرێك پێدەگات کە ووردە ووردە چالاکی جووڵانی ئاڕاستەکراو دەبێت. جووڵەکردن ڕێگەی دەدات کە بتوانێت بەرەنگاری هێزی کێشکردن ببێتەوە و بڕوات بۆ پێشەوە و دەست بەرێت بۆ کەلوپەل و بەکاریان بهێنێت بە شێوازی جیاواز. هەروەها ڕێگەی زیاتریش دەدات: بەیارمەتی جووڵەکردنەوە منداڵەکە داتوانێت هەست

دەربیبڕێت. جووڵەی دەموچاو و سەیرکردن و دەستجوولاندن و قسەکردن و هەروەها وێنەکێشان و نووسینیش بەهەمان شێوە کاری جووڵەن. هەرکات مناڵەکە بیەوێت کارێك ئەنجام بدات یان دەربڕینێکی هەبێت پێویستی بە جووڵەیە.

خۆشی بینین
لە جووڵە

جووڵە تەنها بۆ گەشەی مناڵ گرنگی نییە بەڵکو بۆ گەورەش مانایاکی زۆری هەیە. ژیانی ڕۆژانە و کارەکانمان پڕن لە کاری جووڵەیی. چ لە ناوماڵدا بێت یان لە ئۆتومبیل لێخوڕیندا یان لە نوسیندا. هەرچۆن وەرزش پێکهاتووە لە چەندین چالاکی جووڵەکردن کاری هونەریش چ وێنەکێشان بێت یان داتاشین یان سەماکردن یان نمایش هەمووی پێویستی بە جووڵەیە.

بەررەنگار بوونەوەی هێزی کێشکردن

مناڵ بە ٨ هەفتەیی لە سکی دایکیدا دەست دەکات بە جووڵە. ٨ تا ١٢ هەفتە پێش ئەوەی دایکەکە هەست بەجووڵەکە بکات. مناڵەکە لەناو ئاوی ناومناڵانی دایکیدا بەبێکێشانە دەجوولێتەوە. بۆیە لە ناو سۆنەردا جووڵەی منالەکە وەك جووڵەی ئەسترۆناوتەکانی ناو کەشتییە ئاسمانییەکان دەردەکەوێت.

بەشێوەیەکی سەربەست منداڵەکە بەهەر ٣ دووریەکاندا دەتوانێت بجووڵێت.
کاتێك منداڵەکە لە دایك دەبێت زۆر بێدەستەڵاتانە دووچاری هێزی کێشکردنی زەوی دەبێت و هەوڵدەدات بەرەنگاری بکات. پەلەقاژەی پێدەکەوێت و دەست و پەلەکانی دەجووڵێنێتەوە، بەڵام سەری پێ هەڵنابڕێت. چەند مانگێکی پێدەچێت تا بتوانێت بکەوێتە سەرپێی خۆی یان بڕوات. ئەگەر بیەوێت باری لەشی خۆی بگۆڕێت پێویستی بە یارمەتی دایك و باوکێتی.
لە ماوەی مانگەکانی سەرەتادا توانا جووڵەیەکانی منداڵەکە وا گەشە دەکات کە بتوانێت بەرەنگاری هێزی کێشکردن ببێتەوە. یەکەم شت دەتوانێت سەری ڕابگرێت، لە سەرەتادا بە پاڵکەوتووی پاشان بە دانیشتوویش. لە ساڵی دووهەمیدا کۆنترۆڵی هەموو لەشی خۆی پێدەکرێت. بە نزیکەی ٩ مانگان دەتوانێت بە سەربەخۆیی دانیشێت. چەند هەفتەیەك دوای ئەوە دەست دەکەن بەوەی بکەونە سەر پێی خۆشیان. لە تەمەنی دووساڵاندا دەتوانرێت بگوترێت کە: منداڵەکە لەسەر هەردوو پێی خۆی دەوەستێت و دەست و قۆڵەکانیشی بە هیچەوە نەگیراون.

دەستکردن بە گەڕان
ساوا زۆر جووڵەی خۆویستانە لەپێشدا تەنها بە دەستەکانی دەکات: بە ٤ تا ٥ مانگی دەست دەکات بەوەی بە ئاڕاستەکراوانە دەست بۆ شت بەرێت.
پاشان ٤ تا ٥ مانگ دواتر دەست دەکات بەیەکەمین هەوڵەکانی بۆ گەڕان. زۆربەی منداڵ چەند قۆناغێك دەبڕن وەك خۆ کێشکردن و

گاڵگۆڵکێکردن تا له دووەم ساڵی تەمەنیاندا بەتەواوەتی دەکەونە سەرپێ و دەڕۆن. بەڵام بەوە هێشتا قۆناغەکانی گەشەکردنی جووڵە تەواو نەبوون.

لە سێهەم ساڵی تەمەنیاندا مناڵان سواری پاسکیلی سێ پێچکە دەبن و دوای دوو یان سێ ساڵ سواری پاسکیلی دوو تایە دەبن. پەتپەتێن و سکەیت بۆرد و خلیسکێنەی سەربەفر و مەلەکردن و ژمارەیەکی زۆری تر لە چالاکییەکان سەر بە چەند پلەیەکی تری گەشەی جووڵەن کە لە قۆناغی باخچەی ساوایان یان قوتابخانەدا کاتیان دێت. جیاوازییەکان لە توانا جووڵەییەکاندا لە تەمەنی قوتابخانەدا کەمتر دەردەکەون و تا تەمەنی هەرزەکاری بەردەوامدەبن.

ڕاهێنان یان وازهێنان تا پێگەیشتن

کاتێك مناڵێك لە یەکەم جەژنی لەدایك بوونیدا پێدەگرێت ئەوە دیارییە بۆ دایك و باوك و کەسوکاری. ئەگەر مناڵەکە هەر لە ١٠ مانگییەوە پێ بگرێت ئەوە دایك و باوکەکە هەست بە شانازی دەکەن. بەڵام ئەگەر مناڵەکە بە ١٨ مناگیش هێشتا زۆر بەباشی نەڕوات ئەوا دایك و باوکەکە دڵیان دەکەوێتە ترسەوە، بەتایبەتی ئەگەر مناڵی دراوسێکە کە هاوتەمەنێتی چەند مانگێك بێت بە پێی خۆی بڕوات. بۆ ئەوەندە جیاوازی هەیە؟ ئایا پەیوەندی بە شێوازی گەورەکردنەوە هەیە؟

ساواکان لەسەر سکەوە خۆیان دەخەنە سەر پشت بەبێ یارمەتی دایك و باوکیان. بە خشکە و بە گاڵگۆڵکێ دەکەونە ڕێ بەبێ ئەوەی دایك و باوك شێوازی ئەوەی فێرکردبن. مناڵ هەیە کە بەهۆکاری پزیشکییەوە ١٠ تا ١٥ مانگی یەکەم پەلەکانیان دەبێت لە گەچ بگیرێت. کاتێك لەو گەچە رزگار دەکرێن دوای ماوەیەکی کورت

دەتوانن بڕۆن لەگەڵ ئەوەی بە قۆناغی خشکان و گاڵگۆڵکێدا نەڕۆشتون. نموونەکە ڕونی دەکاتەوە کە: گەشەکردنی جوولە زیاتر پرۆسەیەکی پێگەیشتنە کە بەپێی ڕێسایەکی ناوەکی دەڕوات. دایك و باوك ناتوانن هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر پێگەیشتنی کردارە جووڵەیەکان هەبێت. ئایا منداڵێك بە ١٠ مانگی یان بە ١٧ مناگی دەست دەکات بە ڕۆشتن تەنها پەیوەندی بە پێگەیشتنی ئەو کردارەوە لەو منداڵەدا هەیە. هەرچەند ڕاهێنان بە منداڵەکە بکرێت نابێتە هۆی خێراکردنی پرۆسەی پێگەیشتنەکە.

دایك و باوك پێویست ناکات منداڵەکەیان فێری گاڵگۆڵکێ و دانیشتن و ڕۆشتن بکەن. منداڵەکە خۆی خۆی فێر دەکات - بەمەرجێك ڕێگەی گەشەکردنی جووڵەی پێبدرێت.

بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە دایك و باوك و گەورەکردن و ئەو دەوروبەروی منداڵەکەی تیادا گەورە دەبێت هیچ مانایەکی بۆ گەشەکردنی جووڵەی منداڵەکە نەبێت. دایك و باوك ڕاستە کاریگەرییان نییە لەسەر تەمەنی منداڵەکە کە پێی تیایدا دەگرێت، بەڵام منداڵەکە ئایا دەتوانێت بڕوات یان نا لەسەر ئەوە وەستاوە دایك و باوك چەند ڕێگەی دەدەن ئەو توانایەی بەکاربهێنێت.

دایك و باوك دیاری دەکەن منداڵەکە چەند بتوانێت متمانەی بە توانای جووڵەی خۆی بێت. بواری جووڵەی منداڵەکەش بەهەمان شێوە سنووری توانای منداڵەکە دیاری دەکات. منداڵێك کە بتوانێت لە شوێنی یاریکردنی کراوەو فراوان و دەشت و دارستاندا بجووڵێت لێهاتوویەکی زیاتری دەبێت لە چاو منداڵێك کە سنووری جووڵەکەی تەنها لە نێوان چواردیواری ئەپارتمێنتێك بێت.



تا بەرزتر باشتر

گەشەی جوولەکردن بەڵام تەنها ئەو دەوروبەرەی منداڵەکە تیایدا دەجووڵێت کاریگەر نی یە لە سەری بەڵکو چۆنێتی گەورەکردنی منداڵەکەش لەلایەن دایك و باوکەوە کاریگەرە. ئەو منداڵانەی لە ماڵێکدا گەورە دەبن کە قادرمەیان تیادایە لەپێشدا بە گاڵگۆڵکێ پاشان بە ڕۆشتن بەسەر قادرمەکاندا هەڵدەگەڕێت – ئەگەر دایك و باوکی ڕێگەی پێبدەن. ئەگەر دایك و باوکە قادرمەکان بگرن و لێی قەدەغە بکەن سەربکەوێت ئەوا لەوانەیە منداڵەکە بە ٣ساڵیش نەتوانێت بە ئاسانی قادرمەیەك بەتەنها ببڕێت. خەمی دایك و باوك لەسەر منداڵەکەیان کە لەوانەیە لە چرکەیەکی غافڵکردندا بکەوێت و خۆی ئازاربدات لەجێ ی خۆیەتی. منداڵەکە باشتر وایە ڕێگەی لێبگیرێت بچێت بۆ قادرمەکان. بەڵام دەبێت دایك و باوکەکە لەژێر چاودێری خۆیان بهێڵن منداڵەکە ئەو ئەزموونە ببینێت و سەرکەوتن بە قادرمەکاندا تاقی بکاتەوە – دەبینن کە چەند بە پەرۆشیشەوە دەیکەن.

دایك و باوك چاوەڕوانی ئەوە دەکەن لە مناڵەکەیان کە لە تەمەنێکی دیاری کراودا گاڵگۆڵکێ بکات یان بڕوات. ئەگەر مناڵەکە هێواشبێت لە گەشەکردنی جووڵەیدا ئەوا دەکەونە دڵەڕاوکێوە. وەکو لە بەشەکانی داهاتوودا دەبینین جیاکەرەوەیەکی گەشەکردنی جووڵە ئەوەیە کە بەسەر مەودایەکی کاتی زۆر فراواندا دابەش بووە لە مناڵێکەوە بۆ مناڵێکی تر دەگۆڕێت. زۆربەی مناڵ دەتوانن بە ١٣ تا ١٥ مانگی بڕۆن. هەندێك مناڵە یەکەم هەنگاو بە ٨ یان ١٠ مانگی دەنێن و هەندێکی تر با ١٨ تا ٢٠ مانگی. نەك تەنها کاتەکەی بەڵکو تەنانەت شێوازی جووڵەکردنەکەش لە مناڵێکەوە تا مناڵێکی تر زۆر دەگۆڕێت. زۆربەی مناڵان لەسەر دەست و ئەژنۆ گاڵگۆڵکێ دەکەن. مناڵ هەیە گاڵگۆڵکێ ناکەن بەڵکو ڕاستەوخۆ هەڵدەستن و دەڕۆن یان بەدانیشتنەوە خۆیان دەخشکێنن تا دەتوانن بڕۆن.

بۆ پێشەوە

مناڵ نەکە تەنها لە کاتی دەستکردن بە جووڵە و شێوازی جووڵەدا جیاوازن بەڵکو ڕادەی چالاکیشیان جیاوازە. هەیانە ماوەیەکی زۆر

له یەك شوێندا دەمێننەوەو خۆیان بە یارییەکەوە خەریك دەکەن. هەیانە هەموو ڕۆژەکە لەسەر پێن و دەگەڕێن و پەرۆشی دۆزینەوەی شتی نوێن و دایك و باوکیان بەخۆیانەوە گیرۆدە کردووە.

ئەم جیاوازییە لە ڕەفتاری جووڵەکردندا خاسیەتێکی دەستورییە کە لەتەمنی گەورەیشدا هەر بەدی دەکرێت. گەورە هەیە لەشیان قورسە و هەموو جۆرێکی جووڵەکردنیان بەلاوە گرانە. گەورەش هەیە پێویستی بەوەیە هەموو ڕۆژێك بجووڵێت و چالاکییەك ئەنجام بدات، ئایا پیاسەکردنێك بێت یان لە یانەیەکی وەرزشی بێت یان لەناو ماڵەکەدا لەسەر ئامێرێکی ڕاهێنان. کەسانێکیش هەن کە بەشداری ماراسۆن خۆشترین هەستیان پێدەدات.

ئەگەر منداڵێك لە گەشەکردنی چووڵەیدا هێواش بێت دایك و باوك خەمی ئەوە دایاندەگرێت کە منداڵەکەیان لەهەموو بوارێکی تری گەشەکردندا لاوازبێت و لەساڵانی داهاتووی تەمەنیشیدا دواکەوێت لە گەشەدا. ئەم بۆچوونە بۆ زۆربەی ئەو منداڵانەی کە درەنگ دەست دەکەن بە جووڵە ڕاست دەرناچێت. بۆ نموونە هیچ پەوەندییەك نی یە کە شیاوی باسکردنبێت لەنێوان توانای گەشەکردنی جووڵە و زماندا. منداڵێك کە بە ١٨ مانگی یەکەم هەنگاو دەنێت لەوانەیە لە زماندا وەك هاوتەمەنێکی خۆی بتوانێت قسە بکات کە ئەو بە ١٠ مناگی پێی گرتووە. ئەو منداڵانەی بە هێواشی گەشە دەکەن لە جووڵەدا لە تەمەنی قوتابخانەدا کەمتر زیرەك نین لەوانەی خێراتر جووڵەیەن گەشەی کردووە. جووڵە کردن ڕاستە بەشێکی گرنگی گەشە کردنە بەڵام تەنها بەشێکە لە پرۆسێسێکی گەورە کە پرۆسەی گەشەکردنە.

گرنگترین بە کورتی	
گەشەی جووڵەکردن لە هەشتەم هەفتەی سکەوە دەست پێدەکات و تا هەرزەکاری بەردەوام دەبێت.	١
لە مانگانی سەرەتادا مناڵەکە فێری بەرەنگاربوونەوەی هێزیکێشکردن دەبێت و هەوڵی خۆڕاگرتن دەدات. لە نیوەی دووەمی یەك ساڵیدا دەست دەکات بە گەڕان.	٢
گەشەی جووڵەکردن پرۆسەیەکی پێگەیشتنە کە لە مناڵێکەوە بۆ مناڵێکی تر جیاواز تێپەڕدەبێت و جووڵەکردنەکەش شێوازی جیاواز لەخۆی دەگرێت.	٣
دەرکەوتنی توانایەکی جووڵەی وەك ڕۆشتن بە ڕاهێنان ناتوانرێت پێش بخرێت.	٤
کاتێك توانایەکی گەشەکردن پێدەگات ڕادەی لێهاتوویەتەکەی لەسەر بواری مناڵەکە وەستاوە و ئەو ئەزموونانەی ڕێگەی پێدەدرێت ببینێت. مناڵەکە پێویستی بە بواری جیاجیایە تیایاندا بتوانێت بۆخۆی بسەلمێنێت کە توانای هەیە لەو بوارە نوێیەدا لێهاتوو بێت و ببەستێتەوە بە تواناکانی ترییەوەو ڕابێت لەسەریان.	٥
هیچ پەیوەندییەك نییە لەنێوان خێرایی گەشەکردنی جووڵە و بوارەکانی تری گەشەکردن. مناڵێك کە هێواش لە جوولەدا گەشە دەکات لەوانەیە لە زماندا زۆر خێرا گەشە بکات و بە پێچەوانەوە.	٦

نوستن

لینوس خەوی لێکەوت. دایك و باوکەکە بە ماندوویەتی سەیری یەك دەکەن و هەناسەیەك دەدەن. زۆر بوو چاوەڕێیان دەکرت بنوێت. لینوس ئێواران ماندوو نابێت. دایکەکە باوەڕ ناکات ئەو تۆزە خەوە بەشی منالەکە بکات. لینوس ٣ ساڵە و تەنها ٩ کاژێر دەنوێت لە ڕۆژەکەدا. نزیکەی هێندەی دایکی. لە کاتێکدا باوکی ٤ کاژێر نوستن بەشی دەکات لە شەوو ڕۆژێکدا. دایك و باوکەکە سەیرێکی تری منالەکەیان دەکەن و گڵۆپەکە دەکوژێننەوە.

نزیکەی سێیەکی کاتی ژیانمان بە نوستن بەسەر دەبەین. نوستن لەلامان کارێکی زۆر ئاساییە، بەڵام ئەو پرسیارە بکەین بڵێین ئایا بۆ دەنویین هێشتا وەڵامێکی ڕوونی نییە. نووستن بۆ گەورە و منالْ هەڵگری زۆر نهێنییە. لە سەردەمی کۆنەوە تا کاتی ئەمڕۆشمان نووستن مانای قووڵ و پڕ نهێنی هەیە لە ژیانماندا. بۆچوونە سایکۆلۆجییەکەی زیگموند فرۆید دەربارەی خەون هیچی لە مانای نووستن نەگۆڕیوە.
سوکایی و قورسایی دەبەسترێنەوە بە نووستنەوە. لە نوستندا دەرباز دەبین لە ماندوویەتی ڕۆژگارمان لەکاتێکدا لە خەونەکانماندا ترسەکانی ژیانمان پێمان دەگەنەوە. نووسەرێك دەڵێت "نووستن تەنها دیارییە کە خوداوەند بە مرۆڤی بخشیوە بەبێ کارکردن لە بەرامبەری". پەندێکی پێشینانیش دەڵێت: "نوستن برا بچووکی مردنە". تۆزێك ئاسان نییە سەیری نوستن بکەین تەنها وەك دیاردەیەکی بایۆلۆجی. لەکاتێکدا چەندین هۆکاری دەرونی هەیە کە ڕونی دەکەنەوە لینوس بە ٣ ساڵان خەوی زۆر زیاتر پێویست نییە وەك لە دایکی. بۆ ئەوەی باشتر تێبگەین لە نووستنی منالْ،

دەمانەوێت باشتر ئاشنایی پەیدا بکەین لەگەڵ سیفەتەکانی ڕەفتاری نوستنی مرۆڤ. ترستان نەبێت، تۆزێك زانیاری لەسەر هۆکارە بایۆلۆجییەکان نابێتە هۆی دورخستنەوەی خەونەکانتان!

نوستن چییە؟

ئایا بۆچی ئەوەندە کاتی ژیانمان بە شێوەیەك لە بوورانەوە – ئەگەر بە سادەیی دەری ببڕین – بەسەر دەبەین؟ نوستن کاتی فەوتاو نی یە بەڵکو چاوەڕێکردنە تا ئەو کاتەی کە ژیان دەچێتەوە باری ئاگابوون. نوستن زۆر لەوە زیاترە کە بارێکی کوژاوەی وریابوون بێت. نوستن پێویستییەکی ژیانە: لە نوستندا سەرلەنوێ هێزە دەروونی و جەستەییەکانمان دەبووژێنینەوە بۆ ڕۆژی داهاتوو و تێبینییەکانی ڕۆژەکە شیدەکرێنەوە و سیستمی بەرگریکردنی لەش تیایدا پتەو دەکرێتەوە. لەلای مناڵ وا دەردەکەوێت کە نوستن کاریگەری زۆری لەسەر توانای فێربوونیان هەبێت. هەروەك چۆن هۆشداریمان بریتییە لە شێوازێکی ڕێکخراوی بەئاگابوونمان بەهەمان شێوە نوستن بریتییە لە بارێکی جیاواز و کارای مێشکمان. توێژەرەکان لە ٥٠ ساڵی ڕابردوودا لە نوستن کۆڵیونەتەوە لە تەمەنە جیاوازەکاندا. بەیارمەتی ئامێری **Electroencephalography** **EEG**، کە بۆ هێڵکاری کاری مێشك بەکاردەهێنرێت، و لەڕێگەی چاودێری کردنی کردارەجەستەیەکانی وەك هەناسەدان و جووڵەی چاوەکان و گرژبوونی ماسولکەکان. گەیشتوون بەو ئەنجامەی کە توانیویانە دوو باری کارکردن لە نووستندا لەیەك جیا بکەنەوە: نوستنی سوك (سوکەخەو) و نوستنی قووڵ (خەوی قووڵ) . لە نوستنی سوك، یان بە نوستنی چالاکیش ناودەبرێت، چالاکییەکی دەماریی تایبەتی دەبێت لەگەڵ هەناسەدانێکی ناڕێك و بارێکی

ناسایی ماسولکەکان و نائارامییەکی جووڵەی و جووڵەی خێرای گۆی چاو لەژێر پێڵوەکاندا. ئەو بارەی نوستن و ئەو جووڵانە خێراییەی چاو کە Rapid Eye Movement – REM ناودەبرێت. بەڵام نوستنی قووڵ بەوە جیادەکرێتەوە کە ئەو چاو جووڵاندنە قووڵەی تیادا نییە و بە نوستنی Non-REM ناودەبرێت. لەم بارەدا بە ئاسایی هەناسە دەدرێت و لەش ئارامە و ناجووڵێت. لە EEG دا نوستنی قووڵ دەکرێت بە چوار قۆناغەوە.

لە مناڵی تازەلەدایك بوودا لە سەرەتادا ئەو کایە گۆڕینەی نوستن و بەئاگابوون کەمترە. بەڵام نوستنی سوك و قووڵ هەر دەتوانین بەدی بکەین. لە نوستنی سوکدا ساواکە دەجووڵێت و هەناسەی ناڕێکە. لە دەمووچاویدا بەبەردەوامی گرژ بوون بەدی دەکرێت، زۆرجار وا هەست دەکرێت کە بەخۆیست دەیەوێت خۆی ناشرین بکات. کەمجار هەردوو سوچی دەمی بەرزدەکاتەوە: مناڵەکە بەدەم خەوەوە پێدەکەنێت. یان لەناو خەڵکدا پێ ی دەوترێت زەردەخەنەی فریشتەکان.



خەندە بەدەم
فریشتەکانەوە

له نوستنی قووڵدا مناڵەکە بە ئارامی دەمێنێتەوە زۆر کەم دەجووڵێت و بە ڕێکی هەناسە دەدات. دەمووچاوی ئارامانە دەدرەوشێتەوە و هیچ گرژی پێوە دیار نی یە. ڕادەی نوستنی سووك لەلای ساوا زیاترە وەك لەلای مناڵی گەورەتر و گەورە.

خول و ریتمەکان

کاری کۆئەندامەکانی لەشی مرۆڤ وەك هی ڕووەك و گیانەوەران دەیسەلمێنێت کە ریتمی بایۆلۆجی هەیە، کە بەزۆری بەپێ ی شەو و ڕۆژ دیاری کراون. بە شێوەیەك کە نوستنی مرۆڤ دابەش بووە بەسەر چەند خولێکدا. هەروەك کاتی بەئاگابوون چەند ریتمێکی هەیە (وینفری).

خولەکانی نوستن لە ڕێگەی گۆڕینی بەردەوام لە نێوان نووستنی سوك و نوستنی قووڵ و بەئاگابووندا پەیدا دەبن. سەرەتای خولی نوستن بەچەند ڕەفتارێکی وەك خەواڵووبوون و دەمووچاو خوران و باوێشکدان دەناسرێتەوە. نوستنەکە بە قۆناغێکی نیوئاگایی دەستپێدەکات، کە بە قۆناغی ڕۆژەخەون (یان سەرخەو) ناو دەبرێت، کە تیایدا توانای هۆشداریمان کەمدەبێتەوە. هەندێك جار هەست بەوە دەکەین کە دەکەوینە قووڵاییەکەوە. قۆڵەکان و ڕانەکانمان لەپڕ جووڵەی ئەوەندە توند تیایاندا دروست دەبێت کە دەبنە هۆی لە خەو ڕاپەڕاندنمان. زۆربەی جاریش بەئاگا نایەین بەڵکو لە قۆناغی سوکەخەوەوە دەچینە نوستنی قووڵەوەو بەوجۆرە هەر چوار قۆناغەکەی نووستن دەبڕین. لە قۆناغە قوڵەکانی نوستندا گوێمان لە هیچ نامێنێت، تەنانەت لەوانەیە هەورەگرمەش بەئاگامان نەهێنێت. لەم قۆناغەدا ئارەزوی بەئاگابوون ناکەین یان زۆر بە گران بە ئاگادێین. ئەگەر بێت و بە

توندی لە خەو ڕاپەڕێنرێین ئەوا زۆر گران دەبێت بۆمان یەکسەر بزانین لە کوێ و لە چ کاتێکداین و سەرلێتێکچوونێك لەلامان پەیدا دەبێت. کاتێکی درێژ دەخایەنێت تا دێینەوە سەرخۆمان و بە ئاسایی بیربکەینەوەو کاردانەوە بکەین. بەڵام ئەگەر نوستنەکەمان تێکنەدرێت کاتێکی کورت لە قوڵترین قۆناغدا دەمێنینەوە و پاشان وردە وردە دێینەوە نوستنی سوك.

پێش ئەوەی بەئاگا بێین لە نوستنی سوکدا دەمێنینەوە بۆ ماوەی ٢٠ خولەك. ئەم قۆناغە ئەوەیە کە زۆربەی خەونەکانمانی تیا دەبینین.

پاش نزیکەی یەك تا دوو کاژێر خەولێکەوتن خولێکی نوستن تەواو دەبێت. بۆ چەند خولەکێك بەئاگادێین -بە بێ ئەوەی بەیانی بیرمان بمێنێت- و پاشان دەچینەوە نوستنی قووڵ. لە شەوێکدا لەوانەیە تا ٥ جار بەم خولانەی نوستن و بەئاگابووندا تێپەڕین.

کەواتە لە شەوێکدا تەنها بەیەك پارچە نانوین بەڵکو چەند جارێك بۆ چەند خولەکێك بە ئاگا دێین. زۆر کەم ڕوەدەدات کە بۆ بەیانیدا بیرمانبێت. لە نیوەی دووەمی خەوی شەودا زیاتر قۆناغی خەوی سوکمان دەبێت. لە کاژێرەکانی بەرەبەیاندا زیاترین خەونەکانمان دەبینین و ئاسانتریش بە ئاگادێین لە چاو کاژێرەکانی سەرەتای دوای خەولێکەوتنمان. کاتێك بەئاگادێین تەنها دەنگ و بۆنەکان بەهەند وەردەگرین وەك دەنگی ئاوی دەسشۆرێك یان بۆنی قاوە. تا چاومان نەکەینەوە خەو لەوانەیە بتوانێت دوبارە بمانباتەوە.



ئاسۆیی: ماوەی خەوی شەو بە کاژمێر. ستونی: بارەکانی خەو – سوکە خەو *REM* کە تیایدا چاوەکان زۆر دەچوڵێنەوە و خەوی قورس *Non-REM* کە دەکرێت بە ٤ بەشەوە.

هەروەك نوستن بەئاگاییش پێکدێت لە چەند قۆناغێك، کە لەڕۆژەکەماندا لە شێوەی خولدا پیایاندا تێدەپەڕین. لەبەر ئەوە هوشیاریمان کوالیتییەکەی جیاوازە بەپێ ی ساتەکەی ڕۆژەکە. بەشێوەیەك کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هۆشیاریمان لەیەك ئاستدا نەبێت هەموو ڕۆژەکە. توانای تێبینیکردنمان لە کاژێرەکانی بەیانیاندا زیاترە لە پاش نیوەرۆیەکی زوو.
وەکو لە نەخشەکەی پێشوودا دەبینین هیچ تەمەنێك نی یە کە تیایدا خولەکانی نوستن بە کامڵ دەربکەوێت. نوستن بەبەردەوامی لەگەڵ زیادبوونی تەمەندا لە گۆڕاندان. لە منالّدا ئەمە زۆر دیارە. لە ساوادا خولێکی نوستن ٥٠ خولەك دەخایەنێت. لە سالانی یەکەمی تەمەندا زیاد دەبێت و لە گەورەییدا دەگاتە ٩٠ خولەك تا ١٢٠ خولەك. لە سالانی پیریدا خولەکانی نوستن شیرازەی نامێنێت و نوستنی سوك زیادەکات. هەربۆیە پیرەکان شەوانە چەندین کاژێر بەئاگایی لە جێگەدا بەسەردەبەن.
ساوا لەبەر کورتی خولەکانی نوستنیان لە هەفتەکانی سەرەتادا هەموو کاژێرێك بەئاگادێن. پاش ٣ یان ٤ خول بۆماوەیەکی درێژتر بەئاگا دەبن. تا ٣ مانگان ماوەکانی نوستن و بەئاگابوون زیاتر جیادەکرێنەوە و ماوەکانیان درێژتردەبێتەوەو ڕێکخراوتر دیاردەکەون. ئەمەش مەرجێکی فیزیۆلۆجییە بۆ ئەوەی منالّ شەوان سەرانسەر بتوانێت بنوێت. پاش ٣ مانگان خولەکانی نوستن و بەئاگابوون زیاتر و زیاتر وەك منالّی گەورەتر و گەورەیان لێدێت. خولەکانی نوستن و بەئاگابوون لە ریتمێکی ٢٤ کاژێریدا ڕێکخراون کە لە بنەڕەتدا درێژییەکەیان پەیوەندی بە گۆڕینی شەو و ڕۆژەوە هەیە. لەبەرئەوەی ریتمەکەش لە زۆربەی کەسەکاندا ٢٤ کاژێری

تەواو ناخایەنێت بۆیە باس لە ریتمێکی نزیکراوەی ڕۆژانە دەکرێت.

نەك تەنها نوستن بەڵکو هەموو کردارە جەستەییە ڕۆژانەییەکانی ترمان لە چوارچێوەی ڕیتمێکی ڕۆژانەدا ئەنجام دەدەین. دڵمان بە شەو بەهەمان خێرایی ڕۆژ لێنادات و بەیانیانیش وەك ئێواران نی یە. گورچیلەکانمان لە ڕۆژدا زیاتر میز دەردەدەن وەك لە شەو. ڕێژەرە دەرەکی و ناوەکیەکانی لەشمان بەپێ ی کاتی ڕۆژەکە جیاوازن لە چالاکیاندا. بەشێوەیەك کە ڕێژەرەکانی شیری دایك، واتە مەمکی دایکێکی شیردەر، لەشەواندا کاراترن وەك لە ڕۆژ. نینۆك و قژ بەشەوان خێراتر گەشە دەکەن. هۆرمۆنی گەشەکردن بەشێوەیەکی سەرەکی لەکاتی نوستندا دەردەکرێت بۆیە دەگوترێت: مناڵ بە نوستویی گەشەدەکات.

کاتێك مناڵ لەدایك دەبێت هێشتا ریتمی ڕۆژانەی نی یە. لە دووساڵی سەرەتایاندا بە هێواشی پەیدای دەکەن. لە خوارەوە گەشەکردنی خولی ٢٤ کاژێری بۆ پلەی گەرمی لەش دەخرێتەڕوو. لە چەند هەفتەی سەرەتادا پلەی گەرمی لەشی ساوا لە شەو و ڕۆژدا بەنزیکەیی یەکسانە. لە ٦ هەفتانەوە دەستدەکرێت بە دروستبوونی کلێشەیەك بۆ پلەیەکی گەرمی پەیوەست بە کاتی ڕۆژەکەوە بە شێوەیەك کە لەکاتی ڕۆژدا پلەی گەرمی کەمێك بەرزدەبێتەوە و ئێواران دەگاتە بەرزترین و پاشان نزم دەبێتەوە و تا بەرەبەیان دادەبەزێتەوە بۆ نزمترین. بە ٢ ساڵان ریتمی ڕۆژانەی پلەی گەرمی بەتەواوی دروست بووە. ئەو جۆرە ریتمانە لە مانگەکان و ساڵەکانی سەرەتادا بۆ هەموو کردارەکانی لەش دروست دەبن.



تەمەن: ١ مانگ



تەمەن: ٣ مانگ



تەمەن: ٦ مانگ



تەمەن: ٢٤ مانگ

ریتمی ڕۆژانەی بەئاگایی و نوستویی لە کەسانی هاوتەمەنیشدا لە درێژیاندا جیاوازن. چەند دەخایەنن لەسەر ئەوە وەستاوە ئێواران و بەیانیان چەند هەست بە ماندووی دەکەین:

- مرۆڤە هاوسەنگەکان. ریتمی ڕۆژانەیان ٢٤ کاژێرییە. کەسانێکی زۆر کەم سەر بەم گرووپەن. هەمیشە ئێواران بەنزیکەیی لە هەمانکاتدا ماندوو دەبن و بەیانیان لەهەمانکاتدا بەئاگا دێن.
- مرۆڤەکانی شەو (شەونخوونەکان). ریتمی ڕۆژانەیان زیاترە لە ٢٤ کاژێر. زۆربەی کەسەکان سەر بەم گرووپەن. ئارەزووی ئەوەن شەوان تا کاتێکی درەنگ بمێننەوە چونکە هەست بە ماندووی ناکەن. بەڵام بەیانیان بەگران دەتوانن لەخەوهەڵسن. دەیانەوێت تا دەتوانن درەنگتر هەستن.
- زوو بەئاگاکان. ریتمی ڕۆژانەیان لە ٢٤ کاژێر کەمتر دەخایەنێت. لەم گرووپەشدا کەسانێکی کەم هەن. ئێواران زۆر زوو ماندوو دەبن بەڵام خەویان کەمە و بەیانیان زوو بەئاگا دێن. ئەوەی زۆرجار جێگەی نائاسوودەییە بۆیان ئەوەیە کە لەوانەیە لەکاتی میوانداری ئێواراندا هەر زوو دەست بکەن بە باوێشکدان.

ئەگەر منالێك سەر بە گرووپی یەكەم بێت، ئەوا دایك و باوكی زۆر بەختەوەرن. منالەكە ئێواران هەمیشە لەهەمانكاتدا ماندوو دەبێت و بەیانیان بەنزیكەیی لەهەمانكاتدا بەئاگا دێت.

منالْ لە هەموو جێیەک دەتوانێت بنوێت



زۆربەی منالان شەونخونن: نایانەوێت ئێواران ماندوو بن. ئێوارە دوای ئێوارە دەیانەوێت درەنگتر بنوون. ئەمە لەوانەیە بۆ دایك و باوك كێشە دروست بكات بەتایبەتی ئەگەر هەمیشە ئارەزووی منالەكە بەجێ بهێنن و كۆڵبدەن. بۆ بەیانیدا منالەكە درەنگ هەڵدەستێت كە لەوانەیە بەلای زۆر دایكەوە خۆش بێت. بەڵام كێشەكە لەوەدایە: تا زیاتر بنوێت ئێوارە درەنگتر ماندوو دەبێت. بەوشێوەیە كێشەكە پەرە دەسەنێت.
منالەكانی كە زوو بەئاگا دێن بۆ دایك و باوك مایەی بەختەوەرین: منالەكان ئێواران خۆیان دەچنە جێگەوە لە كاتی یاریكردن خەویان لێدەكەوێت یان خۆیان شوێنەكی نوستن هەڵدەبژێرن. كێشە لەوانەیە كاتی بەیانیان دروست ببێت بۆ دایك و باوك. چونكە منالەكان زوو تێرخەو دەبن و دەست دەكەن بە چالاكییەكانیان لە كاتێكدا دایك و باوكەكە هێشتا تێر خەو نەبوون و دەیانەوێت تۆزێكی تریش بنوون.

منداڵەکە سەر بە چ گرووپێکە، واتە ماوەی ریتمی نوستن و بەئاگابوونی چەندە ئەوە سیفەتێکی زگماکییە و بەدایك و باوك ناگۆردرێت.

ماوەی نوستن

هەروەك ریتمی ڕۆژانە ماوەی نوستنیش لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێك دەگۆڕدرێت. لە ناو منداڵی تازەلەدایك بوودا منداڵ هەیە تەنها ١٤ کاژێر دەنوێت هەیانە تا نزیکەی ٢٠ کاژێر دەنوێت. لینوس منداڵێکە لەو بابەتانەی کە لە ساڵانی یەکەمی منداڵییەوە خەوی کەمە. جیاوازییەکان لەگەڵ تەمەندا ناگۆڕێن. زۆربەی گەورەکان پێویستیان بە ٧ تا ٨ کاژێر خەوە بۆ ئەوەی بۆ بەیانیدا ماندوییەتیان دەرچووبێت. بەڵام گەورە هەیە وەك باوکی لینوس کە تەنها ٤ تا ٥ کاژێریان بەسە لە شەوێکدا. بەڵام کەسانێك هەن وەك دایکی لینوس کە ٩ تا ١٠ کاژێر دەخەون. دەڵێن ناپلیۆن تەنها ٤ کاژێر نوستنی پێویست بووە و ئەلبەرت ئاینشتاین ١٠ کاژێر خەوتووە.



تێکڕای ماوەی نوستنی گشتی چ سوکەخەو *REM* بێت یان خەوی قوڵ *Non-REM*. لە کاتی لەدایك بوونەوە تا پیری. ئاسۆیی: تەمەن. ستوینی: تێکڕای کاتی نوستن وبڕی *REM* و *Non-REM*.

هەروەك چۆن خولی نوستن و بەئاگابون لەماوەی تەمەنێکدا چەندین جار دەگۆڕێت بەهەمان شێوە ماوەی گشتی نوستنیش و بەشێکی ماوەی خەوی سوك (REM) و قووڵیش (Non-REM) پەیوەستە بە تەمەنەوە. ماوەی نوستن لەگەڵ تەمەندا بەرە بەرە کەم دەکات. ڕێژەی خەوی سوك بەرامبەر خەوی قووڵ بە بەردەوامی دەگۆڕێت. تازەلەدایك بوو بەتێکڕایی ١٦ کاژێر دەخەون لە ڕۆژێکدا لەکاتێکدا تەمەن ٩٠ ساڵێك نزیکەی تەنها ٦ کاژێر دەنوێت. مرۆڤە پیرەکان بەوەوە دەناڵێنن کە تەنها چەند کاژێرێکی کەم دەتوانن بنوون بە شەوان.

ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان درێژی ریتمی نوستنەکان و ماوەی نوستن؟ نەخێر. مەرج نی یە ئەوەی شەونخونی ئەکات پێویستی بە نوستنی زۆر بێت. هەیانە ماوەی زۆری نوستنی پێویستە هەیانە کەم. هەروەك لە نێوان زوو بەئاگاهاتووکانیشدا هەیە کە پێویستیان بە تۆزێك نووستنە هەیانە پێویستیان بە زیاترە.

نووستنی باش

ریتمی رۆژانەی بەئاگابوون و نوستن و ماوەی نوستن بەشێکن لە مرۆڤ هەروەك باڵا و ڕەنگی چاوەکانی و تۆنی دەنگی. ئەگەر چۆنێتی خەومان بەهەند وەرنەگرین ئەوا لاواز دەبین لە ئاسودەیی جەستەیی و دەرونیماندا.

ئاسوودەترین و چالاکترین کاتمان ئەو کاتەیە کە:

- ریتمی نوستن و بەئاگابونمان ڕێکخراو بێت. کاتی کارکردنمان بگۆرێت و شەفتی نارێکی تیادابێت یان گەشتی ئاسمانی دوورودرێژ بکەین ئەوا هەست بە لەش قوورسی و نائاسوودەیی دەکەین. ئەگەر شەوان زیاتر لە ئاسایی بمێنینەوە و درەنگ بنوین و بەیانییەکەی زیاتر لە جێگەدا بمێنینەوە بەهەمان شێوە ڕۆژەکەمان لێتێکدەچێت و زۆر جار هەست بە ماندوییەتی دەکەین.
- بەپێی پێویستیمان بە خەو بنوین. ئەگەر زۆر کەم یان زۆر زیاد بنوین بەهەمان شێوە لە ئاسودەیی مان کەمدەکاتەوە. خەوی درێژتر دروست تر نی یە! تا ڕادەیەکی زۆر ئەمە منالانیش دەگرێتەوە.

گرنگترین بە کورتی	
١	نوستن پێکهاتووە لە دووقۆناغی سەرەکی، سوکە خەو و خەوی قووڵ
٢	لە شەوێکدا مرۆڤ یەك بەدوای یەك چەندین خول دەكات بە قۆناغەکانی سوکەخەو و خەوی قووڵ و بەئاگابوندا
٣	خولەکانی نوستن و بەئاگابون لەگەڵ هەموو کردارەجەستەییەکانمان بە ریتمێکی رۆژانەدا تێدەپەڕن کە نزیکەی ٢٤ کاژێر دەخایەنێت
٤	خولەکانی نوستن و بەئاگابوون و ریتمی رۆژانە و ماوەی نوستن لە تەمەندا لە سەرەتاوە تا پیری چەند جارێك دەگۆڕێن
٥	خولەکانی نوستن و بەئاگابوون و ریتمی رۆژانە و ماوەی نوستن سیفەتی بۆماوەیین وەك باڵا و ڕەنگی چاو. لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز دەردەکەون.
٦	ئاسوودەی و چالاکی لە بەرزترین ئاستدا دەبن، کاتێك کەسێك بەرێکخراوی و بەپێی پێویستی خۆی بۆ نوستن بنوێت. ئەمە مناڵ بەهەمان شێوەی گەورە دەگرێتەوە.

گریان و قیژاندن

لەسەر خوانێکی نیوەڕۆ لە ڕێستورانتێك. لەپڕ لەبەر قیژەی ساوایەك گوێت لە چرپەچرپی خەڵکەکان و دەنگی کەوچك و چەتاڵەکان نامێنێت. میوانەکان بۆ خولەکێکیش هەوڵەیەن بەردەوامبن لە خواردن و لە خۆیان تێکنەدەن. قیژەکە نامێنێت. ئافرەتەکان بە دەموچاویانەوە خەمخۆری دیارە و پیاوەکان تۆزێك بێزاری. قیژەکە تەنها وەستابوو بۆی سەرلەنوێ بە توندتر دەست پێبکاتەوە. تا دێت و خەڵکەکە بە خەمخۆرانەتر تەماشای ئەملاولا دەکەن. ئافرەتێك هەڵەسێت بچێت دەستی بشوات بەڵام بە پەرۆشیشەوە چاو دەگێڕێت بۆ مناڵەکەی دەگری. قیژەکە نامنێت و میوانەکان بە بارسوکییەکەوە دەست دەکەنەوە بە نانخواردن.

گریانی ساوا دەمان شڵەژێنێت. بەڵام قیژەی مناڵ بێزارمان دەکات و تا زیاتر بخایەنێت زیاتر بێزارمان دەکات. کەسانێکی گەورە هەن کە تەنها بۆ ماوەیەکی کەم دەتوانن گوێی خۆیانی لێ کەڕکەن. ئایا پیاوبین یان ئافرەت دەمانەوێت هەستین و بزانین مناڵەکە بۆ دەگری و دەمانەوێت ژیری بکەینەوە. ئەگەر ئافرەت لەویابێت ئەوا پیاوەکان چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە ئافرەتەکە بچێت بەدەم مناڵەکەوە. ئەگەر پیاو بەتەنها بن ئەوا دەچن بەدەمییەوە. ساوا بە گریان تیژەکەی پێویستییەکانی بە دەوروبەر ڕادەگەیەنێت و ئەمەش سروشت وا دروستی کردووە. هەروەك چۆن ئێمەشی وا دروست کردووە کە بەپەلە بتوانین کاردانەوەی بۆ بکەین بۆ ئەوەی مناڵەکە ژیربێتەوە و بێدەنگ بێت.



منالّی
ئاسوودە

گریانی منالّ بۆ دایك و باوك زۆر یارمەتی دەرە، بەتایبەتی ئەگەر بێ ئەزموون بن و بەتایبەتی لە بواری پاك و خاوێن ڕاگرتن:
منالّەکە ئاگاداریان دەکاتەوە. هەرچییەکی پێویست بێت بە ڕێگەیەك کە پشتگوێ نەخرێت پێیان ڕادەگەیەنێت. گریانکردن لە مانگەکانی سەرەتادا بۆ دایك و باوك لەوانەیە ببێتە ئەرکێکی گەورە: منالّ زۆر جار بەبێ هیچ هۆیەك دەقیژێنێت و ئەمەش بەپێ ی منالّ بۆ ماوەیەکی درێژ و بەدەنگێکی بەرز. وەك خوویەك ئارەزووی ئەوە دەکات ئێواران یان شەوان دایك و باوك و لەوانەیە دراوسێکانیشیان لەخەو بکات.
دەمانەوێت لەم بەشەدا سەرەتا باس لە هۆ جیاوازەکانی قیژاندن بکەین و لێکدانەوەیەکی بۆ ئەم هەڵسوکەوتە دیار و بێزارکەرەی منالّەکانمان بکەین.

بۆچی منالّ دەقیژێنێت؟
بە جۆری گریانی منالّەکەدا دەتوانرێت بزانرێت پێویستییەکەی چییە؟ کەسانێك کە بۆ ماوەیەکی زۆر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ منالّ کردووە، وەك دایکان و مامان و پەرستیاری منالّان لە

توێژینەوەیەکدا توانییان تا ڕادەیەکی زۆرباش ٣ جۆر قیژاندن لەیەك جیابکەنەوە کە لەسەر کاسێت تۆمار کرابوون (واتز-هویکەرت). توانییان گریانی لەدایکبوون و برسێتی و ئازار بناسنەوە. جۆری گریانەکە دەتوانێت وەك یاریدەدەرێك بێت بۆ دایك و باوك کە بزانن هۆی چی یە کە منداڵەکە دەقیژێنێت. بەڵام دایك و باوك بەپێ ی جۆری گریانکە کار نادەنەوە بەڵکو لە پێشدا هەوڵ دەدەن لۆژیکیانە گریانەوە ببەستنەوە بە هۆیەکەوە. بیرەکەنەوە ئایا ٤ کاژێر تێپەڕیوە بەسەر ژەمی خواردنی پێشوو، ئەگەر بەڵێ کەواتە لەوانەیە برسی بێت. بەڵام ئەگەر پێش نیو کاژێر تێربووبێت ئەوا برسی نی یە و لەوانەیە بڕی ئەو هەوایەی قوتی داوە بەباشی دەرنەچووبێت لە سکی و بای لە سکدابێت یان داییبیەکەی پڕ کردووە یان خەوی لێناکەوێت. کاتی قیژاندنەکە و بارەکەی و باش ناسینی سروشتی منداڵەکە یارمەتی دایك و باوك دەدەن بۆ ڕاست خوێندنەوەی گریانکەی و تێگەیشتنی. بەڵام ئەمە هەموو کات سەرناگرێت. ئەوەش یەکێکە لە کێشەکانی دایك و باوك.

بۆچی منداڵ دەقیژێنێت؟

هۆی جەستەیی	هۆی دەرونی	هۆی نادیار
■ لەدایکبوون ■ برسێتی ■ ماندووی	■ بەتەنها نەبوون ■ بەرکەوتنی	■ هیچ هۆیەك نەزانراوە

■ هەژاندن ■ دایبی تەڕ ■ ئازار ■ ئاو و هەوا و باری مانگ ■ نەخۆشی	جەستەی ی ■ یاری کردن ■ کەسانی متمانە پێنەکراو ■ شوێنی نەناسراو	

کەواتە چەندین هۆ لەوانەیە ببنە هۆی قیژاندن:

لەدایکبوون. گریانی لەدایکبوون یارمەتی مناڵی تازە لەدایکبوو دەدات سییەکانی بۆ یەکەمین جار پڕبکات لە هەوا. یەکەم گریان بۆ دایك و باوك و بۆ هەموو ئەوانەی لە دەوروبەرن سڵاوکردنێك و بەخێرهاتن کردنێکە کە ئەوە دەر دەبڕێت کە مناڵەکە دروست و زیندووە. ئەگەر مناڵێك دوای لەدایکبوون دەستبەجێ نەقیژێنێت ئەوا دایك و باوك و مامانەکە دەکەونە ترسەوە.

برسێتی. هەموو مناڵێکی ساغ دەقیژێنێت کە برسی بێت. ئەمەش لە یەکەمین هەفتەکانی مناڵدا هەموو ٢ تا ٤ کاژێرێك دەبێت. لە مانگەکانی دوایدا ماوەکە بەرە بەرە زیاد دەکات. ساوا لەوانەیە ٢ کاژێر دوای ژەمێك شیرخواردن بقیژێنێت ئەگەر بەباشی تێری نەخواردبێت (زیاتر لە بەشی "خواردنەوە و خواردن").

ئازار. ساوا و مناڵی تازەلەدایکبوو و تەنانەت ئەو منالانەی زۆر پێشکات لەدایك دەبن لەکاتی بوونی ئازاردا بە گریان و جووڵەی خۆنەویستانە کاردەدەنەوە. وەك ئێمە هەست بە ئازار دەکەن بەڵام ئەوان درەنگتر و کەمتر هەستی پێ دەکەن و بۆماوەیەکی زیاتر کاردانەوەیان دەبێت لەچاو منالی گەورە (پایپەر).
بێزاری. ساوا لەوانەیە بقیژێنێت کاتێك نەیەوێت لەوەزیاتر بەتەنها بێت بۆ نموونە بەیانیان کە بەئاگادێت. ساوا پێویستییەکی زۆری بەوەیە کە کەسانی متمانەپێکراو لە نزیکی بن، لە باوەشی بگرن، هەست بە باوەشیانبکات و دەموچاویان ببینێت و دەنگیان ببیستێت.
زیادماندوی. ئەگەر ساوایەك بە ڕۆژ زۆری شت بینی لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی سەرەڕای ماندویەتیش نەتوانێت بنوێت. لەبەر ئەوە هەست بە نائاسودەیی دەکات و دەقیژێنێت.
هەژاندن. لەناو ژینگەیەکی هەژێنەر و قەرەباڵغدا، بۆ نموونە لە سوپەرمارکێتێکدا ساوایەك لەوانەیە دەست بکات بە قیژاندن، چونکە هۆکارە زۆرهەژێنەرەکانی وەك دەنگی بەرز و تیشکی زیاد زۆر دەبن بۆی. ساواکە یان دەست دەکات بە قیژاندن یان ماندوو دەبێت و خەوی لێدەکەوێت.
کەسان و ژینگەی نەناسراو. ساوا لەوانەیە دەست بکات بە گریان کاتێك لەلایەن کەسێکی نەناسراو و متمانە پێنەکراوەوە لەباوش دەگیرێت. تەنانەت بۆنی نەناسراو و شوێنی نەناسراو و ڕەنگی نەناسراو یان تیشکی زۆر لەوانەیە بیهێننە گریان.
دەرچوونی ریخۆڵە و میزەڵان. تۆزێك پێش ئەوەی ساوا میزەڵانی یان ڕیخۆڵەی بەتاڵ بکات لەش و قاچەکانی دەجووڵێنێت و

لەگەڵیشیدا قیژەیەك دەكات. بە جوولەكەی و قیژەكەی هێمای ئەوە دەدات بە دەوروبەر كە سكی دەردەچێت. لەو كەلتورانەدا كە ساوا بە ڕوتی بەدایكیانەوە دەنووسێن ئەم هەڵسوكەوتە مانای زۆرە بۆ دایكەكە چونكە كاتێك مناڵەكە خۆی دەجووڵێنێت و قیژەكە دەكات دایكەكە مناڵەكە لەخۆی دوردەخاتەوە و پیسنابێت. مناڵی تازەلەدایكبوو لە هەفتەكانی سەرەتادا ئەو ڕەفتارە دەكەن بەڵام لەبەر ئەوەی لە كەلتوری ئێمەدا هیچ كاردانەوەیەك ڕوونادات ئەوا مناڵەكە واز لەو ڕەفتارە دەهێنێت.

هەستیاری كەش و هەوا و قۆناغەكانی مانگ. هەروەك چۆن گەورە هەیە كە خەویان بەهۆی كەش و هەواو بارەكانی مانگەوە تێكدەچێت، مناڵیش هەیە بەهەمان شێوەن. بە كەشێكی تایبەت لەوانەیە نائارامی جەستەیی و خەوی بۆ پەیدا ببێت و دەست بكات بە گریان و قیژاندن. كاتێك ئاو و هەواكە گەڕایەوە باری ئاسایی خەوی مناڵەكەش ئاسایی دەبێتەوە. هەندێك دایك و باوك باس لەوەش دەكەن كە مناڵەكەیان بە مانگەشەو نائارام دەبێت و درەنگ دەنوێت یان لەشەودا چەنجارێك بە قیژاندنەوە ڕادەبەڕێت.

قیژاندن بەبێ هیچ هۆیەكی دیار

لە مانگەكانی سەرەتادا مناڵ زۆر دەقیژێنێت بەبێ ئەوەی دایك وباوك بتوانن هۆكەی بدۆزنەوە. تا ڕادەیەك مناڵ بەبێ هۆیەكی دیار دەقیژێنن. لەم كۆمەڵگە رۆژئاواییەی ئێمەدا ئەم دیاردەیە لە یەكەم ٣ مانگەدا شێوازێكی تایبەت پەیدادەكات.

پاش لەدایکبوون هەموو ساوایەك لە هەفتەیەکەوە بۆ هەفتەیەکی تر زیاتر دەقیژێنێت. بە ٦ هەفتەیی ساوا بە زۆرترین ڕادە دەگرین. هەفتەکانی پاشی بەرە بەرە ماوەی قیژاندنەکان کەم دەبنەوە. لە تەمەنی ٣ مانگیدا زۆربەی منالەکان چی تر ناقیژێنن یان زۆر کەم دەقیژێنن. وەك لە خشتەکەی داهاتوودا دەردەکەوێت منالّ بەپێی تەمەنیان ڕادەی گریانیان دەگۆڕێت. هەندێك منالّ ڕۆژانە ماوەی قیژاندنیان سێ ئەوەندەی منالّی ترە. هەروەها تەمەنەکانیش جیاوازن کە تیایاندا ڕادەی قیژاندن بەرزترین دەبێت. هەندێك منالّ لە ٤ و ٥ هەفتەیدا دەبێت لەلای هەندێك منالّی تر لە ٧ و ٨ هەفتەیدا دەبێت.

نزیکەی ٥٪ ی منالّ ٣ تا ١٤ هەفتە پێش کاتی پێشبینیکراوی خۆیان لەدایك دەبن. لەو منالانەدا ئەو کاتانەی لە سەرەوە باسمان کردن لە ڕۆژی لەدایکبوونیانەوە ناژمێردرێت بەڵکو لە کاتی پێشبینی کراوی لەدایکبوونەکەیان. واتە ئەگەر منالێك ٦ هەفتە زووتر لەدایك بوو ئەوا بۆنموونە بەرزترین ڕادەی قیژاندنەکەی لە هەفتەی ٦ دا نابێت بەڵکوو لە ١٢ هەمین هەفتەی پاش لەدایکبوونی دەبێت.



ئاسۆیی: تەمەن بە هەفتە. ستونی: بڕی قیژاندنی ڕۆژانە بە کاژمێر.

ڕوبەرەکە بەشی بڵاوبوونەوە دەردەخات و هێڵەکانی ناوەند تێکڕای قیژاندن دەخاتە ڕوو

ئەوەی گرنگە لێرەدا بۆ دایك و باوکی ئەوەیە کە بزانن: ماوەی قیژاندنەکەی لە ٣ هەمین مانگدا کۆتای نایەت بەڵکو لە ٤،٥ مانگیدا دەبێت. واتە ئەو دایك و باوکانەی منالەکەیان زووتر لەدایك دەبێت دەبێت خۆڕاگر تربن. بەڵام پێویست ناکات بترسن چونکە منالەکەی ئەوانیش هەر واز لە قیژاندن دەهێنێت.

قیژاندنی بێ هۆ زۆربەی کات لە دوانیوەڕۆیەکی درەنگ یان لە کاژێرەکانی ئێواراندا دەست پێدەکات.

قیژاندنی بێ هۆ لە هەفتەکانی سەرەتادا لەوانەیە دایك و باوك زۆر نائارام بکات. چونکە نە دەتوانن هۆکەی بزانن و قیژاندنەکەش بەرە بەرە خراپتر دەبێت، وا بۆی دەچن کە کێشەیەك هەبێت یان

هەڵەیەك لە شێوازی مامەڵە و خزمەتکدنی ئەواندا هەبێت بۆ مناڵەکە. دایك لەوانەیە ئەوەندە نا دڵنیابێت تا ڕادەیەك کە واز لە شیردان بهینێت و شێوازی خواردنی تر تاقیبکاتەوە و لە کۆتایدا داوای یارمەتی لە هاوڕێیەك یان کەسێکی شارەزا بکات.
چ شیکردنەوەیەك هەیە بۆ قیژاندنی بێ هۆ؟

بای ناو سك. لە پێنج مناڵ مناڵێك ئازاری سکی هەیە و دەقیژێنێت. زۆر دایك و باوك و دایەن و تەنانەت پزیشکیش هۆی قیژاندن دەگەڕێننەوە بۆ بوونی بای سك. کاتێك ئەمە ڕاستە ئەگەر ببینین مناڵەکە لەگەڵ قیژاندندا خۆی ژێرِدەکاتەوە و پەستان ئەخاتە سەر سکی و باکەی لێ دەردەکات. بەڵام لەوانەشە باکە بەهۆی قیژەکەوە بێت، چونکە لەگەڵ قیژاندندا هەوا دەچێتە سکی مناڵەکەوە. هۆیەکی ئەندامی لە ڕیخۆڵەکاندا نەتوانراوە تائێستا بدۆزرێتەوە. ئایا بەهۆی پێنەگەیشتنی ئەنزیمێکە لە ڕیخۆڵەکاندا کە یارمەتی هەرس کردن بکات یان نا، تا ئێستا هۆکە دیار نییە و هیچ چارەسەرێکیش نەدۆزراوەتەوە. ئایا مناڵەکە تەنها شیری دایکی دەخوات یان شیری وشك دەخوات بە شیری مانگا یان بە سۆیا یان بەشتی تر، لەهەموو بارەکاندا دیاردەی باکردن هەر پەیدا دەبێت.
فاکتەری ژینگەیی. هەندێك نوسەر هۆی زیادبوونی قیژاندن لە ئێواراندا بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە ئێواران ئەندامانی خیزانەکە ماندوون و ئەوەش کاریگەر دەبێت لەسەر ساواکە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بۆ لەهەفتەکانی یەکەمدا قیژاندنەکە زۆرە و پاشان کەم

دەكات. ڕاستە ژینگە و دەوروبەر كاریگەری زۆری لەسەر قیژاندنی مناڵەكە هەیە. ئەمەش زیاتر دەردەكەوێت لەوەدا كە بۆ نموونە مناڵی نۆبەرەی دایك و باوكێكی ناشارەزا زیاتر دەقیژێنێت لە مناڵێك كە دواتر لەدایك دەبێت. گۆڕینی ژینگەش لە سەردانێكی چەند ڕۆژیدا بۆ ماڵی نەنك و باپیر قیژاندنەكە تەواو كەمدەكات.



دابەشبوونی سوڕی قیژاندن لە ٢٤ كاژمێردا لە مناڵێكی تەمەن ٦ هەفتە

فاكتەرێكی زۆر گرنگ جۆنێتی هەڵوێستی دایك و باوكەكەیە بەرامبەر قیژاندنی مناڵەكە. دایك و باوكی خاوەن ئەزمون زۆر كەمتر گوێدەدەن بە قیژاندنی مناڵەكە لەچاو دایك و باوكی نوێ و كەم ئەزمون. دایك وباوكی شارەزا زووتر تێدەگەن مناڵەكە چ پێویستییەكی هەیە. بۆ نموونە لەوانەیە هەندێ جار بتوانرێت مناڵێكی ماندوو كە دەقیژێنێت بە دەنگێكی نەرم و دواندنێكی

هێواش ئارام ببێتەوە و خەوی لێبکەوێت. بەڵام ئەگەر دایك و باوك نەزانێت چی بکات و بهێڵن منداڵەکە بەردەوام بێت لە قیژاندن، ئەوا لەوانەیە باشترین کاتی خەولێکەتنیان لەدەست بچێت. ئەگەر لە جێگەگەی دەری بهێنن و بیکەنە ئامێز و بیگەڕێنن ئەوا تەنها زیاتر دەهەژێنرێت و گریانکەی زیادەکات.

فاکتەری کەلتوری. لەوکۆمەڵگایانەدا کە ساواکە لەشی زۆر بە دایکییەوە یان بەکەسانی ترەوە نوساوە یان نزیکە، دیاردەی قیژاندنی بێ هۆ زۆر کەمتر بەدی دەکرێت. ئەوەی دەبێت بیرمان بێت ئەوەیە کە منداڵ لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا لە لایەن دایکەوە یان ئافرەتێکی ترەوە یان باوکەوە لە باوەش کراوە. لەبەر ئەوە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا منداڵ لە مانگەکانی سەرەتادا دەتوانێت بژی ئەگەر کەمتر پەیوەندی جەستەیی هەبێت و کەمتر لەباوەش بکرێت.

لەوانەیە هەندێك ساوا وەك لە کەلتوری ئێمەدا ١٥٠ ساڵە باوە کە بە چەندین کاژێر بە پاڵخراوی بەجێ دەهێڵرێن، بچنە بارێکی نا فیزیۆلۆژییەوە کە لەشێوەی گریانی بی هۆدا دەری دەبڕن.

چەندین توێژینەوە دەری دەخەن کە هەڵگرتن و لەباوەشکردنی زیاتر، بەلای کەمەوە ٣ کاژێر لە ڕۆژێکدا، دەتوانێت ببێتە هۆی کەمکردنەوەی قیژاندنی رۆژانە (هونتسیکەر). گرنگ ئەوەیە منداڵەکە کاتێك هەڵنەگیرێت کە دەگری، بەڵکو هەڵگرتنەوە بە ڕێکخراوی بەسەر درێژایی ڕۆژەکەدا دابەشکرابێت. وادیارە دووبارەکردنەوەی پەیوەندی جەستەیی و زۆر هاندانی هاوسەنگی کۆئەندامەکان و کۆئەندامی جووڵە کاریگەرییەکی ریتمی زۆریان لەسەر کاری لەش هەیە بەشێوەیەك کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی

دیاردەی قیژاندن. ئەو منالآنەی کە زیاتر لەباوەش دەکرێن وهەڵدەگیرێن زیاتر یان کەمتر نانوون بەڵکو خێراتر لەوانەیە بنوون. سەرەڕای ئەوە وریاتر و هۆشیارترن لە ژینگەکەیاندا.

لەو کۆمەڵگایانەدا کە منالّ کەمتر دەقیژێنن منالّەکان نەك تەنها زیاتر هەڵدەگیرێن لەچاو لای ئێمە بەڵکو زیاتر شیری دایکیشیان پێدەدرێت. لەلای میلەتی !کونگ کە وەك گەڕۆك لە بیابانی کالاهاری لە ئەفریکا دەژین منالّەکانیان بۆ نموونە هەموو ٢٠ خولەکێك شیری دایکیان پەدەدرێت (بار). شیردانەکە وەك ڕازیبونێکی ئۆرالی ڕۆڵ دەبینێت ولەگەڵ خۆراکپێدانە بەردەوامەکە ئەم دووکارە پێکەوە کاریگەری ئارامکەرەوەیان بۆ سەر منالّەکەو ڕیفتاری قیژاندنەکەی دەبێت.

ڕیتمی بایۆلۆجی. وەك هێلکارییەکەی پێشوو دەری دەخات، قیژاندنی بێ هۆ زیاتر لە سێ مانگی یەکەمدا دەردەکەوێت. لەم تەمەنەدا مێشك بە گەشەکردنێکی بایۆلۆجی خێرادا تێدەبەڕێت کە لە هەڵسوکەوتی منالّەکەدا کاردەداتەوە: منالّ بە هۆشدارانەتر لە دەوروبەر دەڕوانن و پەرۆشیان زیادەکات بۆ دەوروبەر. ئاسودە دەبن بە بیستنی دەنگ و بۆیەکەمجار هەوڵ دەدەن شتەکان بەدەستەکانیان بگرن بزە دێتە سەر ڕویان بۆ کەسانی دەوروبەریان. لەگەڵ گەشەکردنی ڕیتمە بایۆلۆجیەکانیان بەرە بەرە دیاردەی قیژاندن کەم دەکات. بۆ ئەوەی خوولی نوستن و بەئاگابوونی منالّ ڕێکبکەوێت و ڕەفتاری قیژاندنی بێ هۆی منالّ بەباشی تێپەڕێت مەرج ئەوەیە کە کۆئەندامەکانی منالّ ڕیتمێکی بایۆلۆجی ٢٤ کاژێری پەیدا بکەن. ئەومنالآنەی زوو چالاکی دەست و دەمیان و چالاکی تەماشاکردنیان و دواندنیان گەشەدەکات و ریتمێکی نوستن

و بەئاگابونی جێگیریان هەیە، کەمتر دەقیژێنن و زوتریش وازی لێ دەهێنن. ئەو منالانەی دوای ٣ مانگ هێشتا ریتمی نوستن و بەئاگابوونیان پەیدا نەکردووە زۆرتر و زیاتر دەقیژێنن.

مامەڵەکردن لەگەڵ قیژاندن

بەلام تەنها بەهرەی بەسۆزی بەس نی یە بۆ ئەم مەبەستە دایك و باوك پێویستیان بە ئەزموون و لێکدانەوەی زانستیشە.

چەند تێبینییەك دەربارەی ئەوە:

- قیژاندن هەمیشە یەکسەر مانای برسێتی نی یە. بە تایبەتی دایك و باوکی بێ ئەزموون بە شیردان یان بە مەمەی شیرەکە مامەڵە لەگەڵ قیژاندن دەکەن. خەمی ئەوەیانە کە مناڵەکەیان لەوانەیە بەشی پێویست شیری نەخواردبێت و تێر نەبووبێت.
- بەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە مناڵ چەند جیاوازن لە پێویستیەکان و تایبەتمەندیەکانیاندا کە دەبینین لە هەفتەکانی سەرەتاوە چەند جیاوازە هۆی قیژاندنەکانیان. هەیانە دەقیژێنێت چونکە ماندون و ناتوانن بخەون. هەیانە دەقیژێنێت چونکە دەوروبەریان قەرەباڵغە و هەشیانە دەقیژێنن چونکە داییبەکەیان پڕبووەو بێزارن بەو تەڕییەی پێیانەوەیە. نەك تەنها مناڵەکە بەڵکو دایك و باوکیش لە هەفتەکانی سەرەتادا بە قۆناغێکدا تێدەپەڕن کە تیایدا خۆیان لەگەڵ تایبەتمەندیەکان و پێویستییەکانی مناڵەکەیان دەگونجێنن. لەم قۆناغەدا باشتر وایە دایك و باوك کاتی

پێویست بدەن بە خۆیان و زۆر خۆیان نەخەنە ژێر فشارەوە و یەکتریش نەشڵەژێنن. هیچ ئامۆژگارییەك کاریگەری وەك ئەو ئەزموونە ڕاستەوخۆ یە نی یە کە دایك و باوکەکە لەگەڵ خودی مناڵەکەی خۆیان پەیدای دەکەن و بەشێوەیەك لێهاتوو دەبن کە دەتوانن کاردانەوەی گونجاویان بۆ پێویستییەکانی هەبێت.

- ساوای تازەلەدایکبوو کەمجار نەخۆش دەکەون. لە دایکەکەوە دژەتەنەکانیان وەرگرتووە کە لە چەند مانگی سەرەتادا بتوانن کاریگەرانە بەرەنگاری توشبوونی نەخۆشی ببنەوە. بەڵام لەوانەشە ڕووبات و مناڵەکە بەهۆی نەخۆشی ئازارداری وەك گیرانی ڕیخۆڵەکانیەوە بقیژێنێت. ئەگەر منالەکە هەرقیژاندی بەبێ هیچ هۆیەك کە دایك و باوکەکە بیزانن و شیری بۆ نەخورایەوە و پلەی گەرمی لەشی - تا - ی بەرز بوو و بێزار بوو ئەوا باشتر وایە سەردانی پزیشك بکرێت.
- منالی تازە لەدایکبوو هەر لەسەرەتاوە بە پەرۆشن و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بوونەوەری وریان ئەگەرچی بەشێوەیەکی دیاری کراویش بێت. لە منالێکەوە بۆ منالێکی تر دەگۆڕێت چەند پێویستی بە باوەش و نزیکی جەستەییە. منال هەیە هەمیشە ئارەزوی بینینی ڕوخساری دایکی دەکات. منال هەیە ئارەزوی بیستنی دەنگی دایکی دەکات. بەڵام دایك و باوك هەمیشە کاتیان وەك یەك نی یە لەگەڵ منالەکەیان خۆیان خەریك بکەن. لە کاتێکدا هەندێك باوك هەن لەناو ماڵەکەدا منالەکەیان دەهێنن و دەبەن و هەڵیدەگرن باوکی

تر هەیە لەوانەیە لەبەر ئەوەی دەبێت کاربکەن و لەدەرەوەی ماڵەکەن یان خەریکی منالی تریانن کەمتر کاتیان بۆ مناڵەکە هەبێت (هەروەك لە "سەرەتا" باسکرا). سروشت ئەوەی پێشبینی کردووە کە دایك و باوکەکان هەریەکە ی بە ڕادەیەکی جیاواز کاتی بۆ مناڵەکەی هەیە لەبەر ئەوە مناڵیش وا دروست بووە کە بتوانێت پێداویستیەکانی بەپێی دەوروبەرەکەی بگونجێنێت بەبێ ئەوەی ئەو جیاوازییە هیچ زیانێك بە گەشەیان بگەیەنێت.

- نوستنێکی ئارام.
- بیزار و وڕکاندن.
- قیژاندن بە هەموو توانایەک.

کاتێك قیژاندنەکە دەبێتە مایەی بێزارییەکی زۆر بۆ دایك و باوك کە پاش ٢٤ کاژێر مناڵەکە بەبێ وەستان هەر بەردەوامبێت لە قیژاندن و دایك و باوکەکە یان تەنها یەکێکیان پێویستە بۆ بەیانیدا زوو بچن بۆ سەر کار. دایك و باوکەکە

زۆربەی جار هەست بە بێدەسەڵاتی دەکەن بەرامبەر منداڵەکەیان و لەوانەیە بگاتە ڕادەیەك کە هەست بە نائاسودەیی ویژدانیان دەکەن و وادەزانن هەڵەیەکیان لە خزمەتکردنی منداڵەکەیاندا کردووە و دەگاتە ڕادەی تووڕەیی و بەدەستیانبێت منداڵەکەیان ڕاوەشێنن. بەڵام ئەو کارە بەهیچ شێوەیەك نابێت بکرێت چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی ئازاردانی سەری منداڵەکە! کە دایك و باوك هەستی کرد تورەبووەو کۆنترۆڵی خەریکە بەسەر کاردانەوەی خۆیدا نامێنێت باشتر وایە داوای یارمەتی کەسانی تر بکات. ئەگەرنەکرا باشترە منداڵەکە بخەنە جێگەکەیەوە و دەرگاکەی داخەن و منداڵەکە بقیژێنێت باشترە لەوەی ئازاری پێبگەیەنن. ئەگەر چەند ڕۆژێکی خایاند ئەوا دەبێت داوای یارمەتی بکەن.

بۆ هەندێك دایك و باوك وەك دڵدانەوەیەکە کە بزانن:

- قیژاندن لە هەفتەکانی یەکەمی منداڵدا زیادەکات و دایك و باوك هەرچیەك بکەن ئەوە ناگۆڕدرێت
- منداڵ چەند دەقیژێنێت پەیوەندی بە تایبەتمەندی منداڵەکەوەیە نەك بە چۆنێتی ڕەفتاری دایك و باوکەکە
- قیژاندن بە شێوەیەکی سەرەکی تەنها یەکەم سێ مانگی سەرەتا دەخایەنێت

لەوانەیە دایك و باوك بتوانن قیژاندنی بێ هۆی منداڵەکە کەمێك کەمبکەنەوە ئەگەر بە وردی لە ڕەفتاری ڕۆژانەی منداڵەکەیان بڕوانن و ئەم خاڵانە ڕەچاو بگرن:

- ئەو منالانەی لە ڕۆژەکەدا بە شێوەیەکی باش دابەشکراو و بەڕێکخراوی دەکرێنە باوەش کەمتر دەقیژێنن. منالەکە نابێت کاتێك بکرێتە باوەش کە دەقیژێنێت بەڵکو بە درێژایی ڕۆژەکە و بەشێوەیەکی ڕکخراو.
- ئەو منالانەی کە دایك و باوکیان لەکاتی خەبەرییاندا خۆیان چالاکانە لەگەڵیان خەریك دەکەن ئاسانتر خەویان لێدەکەوێت و کەمتر دەقیژێنن.
- ئەو دایك و باوکانەی کاتی خەوی منالەکە و خواردن پێدانی ڕێکدەخەن و هەوڵ دەدەن هەموو ڕۆژێك وەك یەك بێت بەوە ڕیتمێك لەلای منالەکە دروست دەکەن و خەوتنی بۆ ئاسانتر دەکەن و بەوشێوەیە ماوەی قیژاندنەکانیشی کەمدەبێتەوە.

چۆن منالێك کە دەقیژێنێت ژیردەکرێتەوە؟

تەنانەت منالی تازەلەدایکبوو و ساواش توانایەکی سنووردایان هەیە بۆ خۆژیرکردنەوە، یان باری کەوتنیان دەگۆڕن یان پەنجەکانیان یان مەمەووشك دەمژن. ئەو مژینە دەربڕین نییە لە برسێتی. بەڵکو ڕەفتارێکە کە دەبێتە هۆی هێور کردنەوە لەلای منالەکە. بەوشێوەیە منالەکە ئەگەرچی کەمیش بێت بەڵام کۆنترۆڵێکی هەیە بەسەر خۆیدا و ئاسوودەیی منالەکە تەنها لەدەستی داوروبەریدا نییە.

دایك و باوك ڕێگەیان زۆر لەبەردەستدایە بۆ هێورکردنەوەی مناڵەکە.
لیستەکە بەچەند ڕێگەچارەیەك دەست پێدەکات کە کەمتر کاریگەرن: تەماشای مناڵەکە بکرێت و بە هێواشی قسەی لەگەڵدا بکرێت. ئەگەر دەستبخێتە سەر لەشی مناڵەکە و دەست و قاچەکانی بگیرێن کاریگەرییەکی زیاتری دەبێت بۆ هێورکردنەوەی مناڵەکە. ئەگەر مەمەوشکێك بخرێتە دەمییەوە ئەوا لەوانەیە زیاتر کاریگەربێت. بەڵام کاریگەرترین ڕێگەجارە ئەمانەن: مناڵەکە لەباوەشبگیرێت ڕاژەنرێت یان بهێنرێت و ببرێت. ئەگەر بهێنرێت و ببرێت لەلای مناڵەکە هەستێك بەجووله و هاوسەنگی لەلەشیدا دروست دەبێت کە زۆر کاریگەری دەبێت لەسەر هێورکردنەوەی مناڵەکە.

لێنا خۆی خۆی ژێردەکات بە مژینی پەنجە گەورەی

ئەو دایك و باوکانەی مناڵەکەیان بە درێژایی چەند کاژێرێك لە شەودا دەقیژێنن چاریان نامێنێت لەوەزیاتر کە مناڵەکەیان ٢ تا ٣ کاژێر بە ئۆتومبیل بگەڕێنن. دایك و باوکی تر هەن مناڵەکە دەخەنە کاریکۆتێکەوەو پەتێکی پێوەدەکەن و جار جار دەیجوڵێنن و مناڵەکە بە جووڵاندنەکە هێور دەکەنەوە. جۆلانە یان واگنی

منالّیش لەوانەیە هەمان کاریگەریان هەبێت. جۆلانە لە هندستان و مەکسیك زۆر بە بڵاوی بەکار دەهێنرێت. لە هەندێك ناوچەی کوردستان جێگەی منالّەکە لە هەرچوارلاوە بە هەلّدەواسرێت و منالّەکە بەجووڵەی خۆی خۆی دەجووڵێنێت و خۆی ژیردەکات.

ساواکەم چۆن ژیرکەمە کاتی قیژاندن؟
▪ تەماشای بکە
▪ بەهێواشی بیدوێنە
▪ گۆرانی بۆ بڵێ
▪ دەست بخەرە سەر سکی
▪ قۆڵ و ڕانی بگرە
▪ مەمەوشك یان پەنجەی خۆی بخەرە دەمی بۆ مژین
▪ بیگرەباوەش
▪ لەئامێزی بگرە و ڕایژەنە
▪ لەئامێزی بگرە و ڕایژەنە و بیهێنە و بیبە

ڕێگەچارەیەکی دیاریکراو نی یە بۆ هێورکردنەوەی منالّ. لەوانەیە ئاسانترین ڕێگە منالّەکە یەکسەر ژیربکاتەوە. بۆ نموونە کاتێك منالّەکە خەوی لێنەکەوێت و دەستبکات بەقیژاندن، لەوانەیە تەنها بەهێواشی دەستی بۆببرێت و بەهێواشی قسەی بۆبکرێت خەویلێبکەوێت. بەلاّم ئەگەر هاتوو منالّەکە لە جێگەکەی دەرهێنرا و کرایەباوەش لەوانەیە ببێتە هۆی وریاکردنەوەی منالّەکە و

درێژکردنەوەی قیژاندنەکەی. باشترین ڕێگەچارە بۆ ژیرکردنەوەی مناڵ ئەوەیە کە سەیربکرێت لەو کاتەدا چی بۆ مناڵەکە گونجاوترین چارەیە.
هەروەك چۆن جیاوازی زۆر لە هۆکاری قیژاندندا هەیە بەهەمان شێوە جیاوازیش لە هێوربونەوەی مناڵەکاندا هەیە. لاکاتێکدا مناڵ هەیە بە هەڵگرتن هێوردەبێتەوە لەهەمانکاتدا مناڵیش هەیە تەنها پێویستی بەوەیە دایکی بانارمی دەست بێنێت بە دەستەکانیدا و بەوە هێوردەبێتەوە.


جۆلانە بۆ ژیرکردن

واز لەمناڵ بهێنریت بقیژێنێت؟ زۆربەی ساواکان دەتوانن لەوە زیاتر بقیژێنن کە لەتوانای دایك و باوکیاندا هەیە خۆیان ڕاگرن. زۆر جار دایك و باوك باس لەوە دەکەن کە ترسی ئەوەیان هەیە ئەگەر یەکسەر بچن بەدەم مناڵەکەوە لە کاتی قیژاندندا ئەوە ئەگەری ئەوە زۆر دەبێت کە مناڵەکە خوی پێوە بگرێت. ئەم بۆچوونە مانگەکانی سەرەتا ناگرێتەوە بگرە تەنانەت ئەو مناڵانەی لەسەرەتادا زوو ژیردەکرێنەوە لە مانگەکانی داهاتودا کەمتر

دەقیژێنن. لە پاش ٦ مانگییەوە خێرا چوون بەدەم گریانی مناڵەکە لەوانەیە ببێتە هۆی ڕاهاتن و خوگرتنی مناڵەکە بە قیژاندن و زیاد کردنی ڕادەی قیژاندن لەلای هەندێك مناڵ.

دراوسێکانیش گوێیان لێیەتی

زۆربەی خێزانە تازەکان لە خانوی خۆیاندا ناژین لەوانەیە لە ئەپارتمێنتێکدا بژین کە دیواری کەم ئەستور لە دراوسێی سەر و خوار و ئەملاو ئەولایان جیایان دەکاتەوە. دراوسێکان تەنها بە گریانی منالەکە لەخەو ڕاناپەڕن بەڵکو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشداری دەکەن لە ژیانی ڕۆژانەی خێزانەکەدا و ئاگادارن منالەکە چەند دەقیژێنێت و دایك و باوکەکە چەند زوو دەچن بەدەنگییەوە و ژیری دەکەنەوە و منالەکە بۆ ماوەی چەند بە ژیری دەمێنێتەوە؟ دایك و باوك خۆیان بە شەرمەزاری دراوسێکان دەزانن و وا دەزانن تەنها منالەکەی ئەوان ئەوەندە قیژەقیژ دەکات.

چارەی ئەمە چییە؟ زۆربەی دراوسێکان زۆر تێگەیشتنیان هەیە. کاتێك کە باسی ئەو بابەتەیان لەگەڵ دەکرێت خۆیان لە ئەزمونی خۆیانەوە لەگەڵ منالی خۆیان باس لەوە دەکەن کە لە بارودۆخاکە تێدەگەن و ئاساییە لەلایەن. بەڵام باشتر وایە دایك و باوك هەر زوو هەوڵ بدەن لەگەڵ دراوسێکانیان قسە بکەن و منالەکەیان پێبناسێنن باری منالەکایان بۆ باسبکەن. کاتێك دراوسێکان دایك و باوکەکە بناسن و منالەکەیان بینیبێت زیاتر دەتوانن لە بارەکە تێبگەن و دڵنیا دەبن لەوەی کە دایك و باوکەکەکە چی لە توانایاندایە دەیکەن بۆ هێورکردنەوەی منالەکە. تەنانەت زۆر کات ئامادەشن بە ئامۆژگاری یارمەتی دایك و باوکەکان بدەن و ڕێگەچارەیان پیشان بدەن.

گرنگترین بە کورتی	
١	دیاردەی گریان لە ٣ مانگی سەرەتادا شێوازێکی دیاریکراوی هەیە بە شێوەیەك کە لە ٦ هەفتەی سەرەتادا ڕوو لەزیادبوون دەکات و پاشان تا ٣ مانگی ڕوو لە کەمبوون دەکات. بۆ منالّی زوو لەدایك بوو ڕۆژی لەدایك بوونەکەی ئەژمار ناکرێت بەڵکو لەو کاتەی کە بۆ لەدایك بوون دیاریکرابوو ئەژماردەکرێت.
٢	بڕ و ماوەی گریانی منالّ لە منالّێکەوە بۆ منالّێکی دیکە زۆر جیاوازە. پەیوەندیشی بە سروشتی منالّەکەوەهەیە زیاتر لەوەی پەیوەندی بە شێوازی ڕەفتاری دایك و باوکەوە هەبێت.
٣	هەندێ گریان بەهۆی هۆکاری وەك برسێتی یان ماندویەتییەوە پەیدادەبێت. بەڵام زۆربەی جار هۆیەکی دیاری کراو نییە. ئەو قیژاندنە بێ هۆکارەش زۆربەی جار لە کاتی ئێوارەاندا پەیدادەبێت.
٤	دایك و باوك زۆرجار دەتوانن ماوەی قیژاندنەکە کەمبکەنەوە ئەگەر چی بەتەواویش نەتوانن نەیهێڵن ئەگەر: • منالّەکە بەشیوەیەکی ڕێکخراو و دابەشکراو بەسەر هەموو ڕۆژەکەدا لەباوەش بکەن • لەکاتی بەئاگایی منالّەکە یاری لەگەڵ بکەن

	• کاتی خواردن و خەواندن و پیاسەکردن لەگەڵ منالّەکە ڕێک بخەن و هەمیشە لە هەمانکاتدا دوبارەی بکەنەوە
٥	هەر لەسەرەتاوە قسە لەگەڵ ئەو دراوسێیانە بکرێت کە گریانی منالّەکەیان پێدەگات و لەوانەیە ببێتە هۆی وەڕەس کردنیان.
٦	لەهەمووی گرنگتر هیچ بێ ئومێد نەبن. لای هەموو منالّێك قۆناغی قیژاندن کۆتای دێت.

یاریکردن

پاش خواردن ماورۆ ی ٩ مانگان لەسەر کورسییە بەرزەکەی کە نانی لەسەر دەخوات دانیشتووە. دایکی چەند کەرەسەیەکی چێشخانەی بۆ یاریپێکردن بۆ داناوە. لەکاتێکدا دایکی خەریکی کۆکردنەوەی شتەکانی ناو چێشخانەکەیانە ماورۆ یاری بە ئەسکوێ و سەری تاوەکەی بەر دەستی دەکات و کەوچك و ئەسکوێکە دەکێشێت بەیەکدا. دوای تۆزك دەست دەکات بە هەڵدانە خوارەوای شتەکان لەسەر مێزەکەیەوە. زۆر بە پەرۆشیشەوە لەوە دەڕوانێت شتەکان چۆن دەکەونە خوارەوە. دەنگی جیاواز دروست دەکەن کە بەر ئەرزەکە دەکەون. هەندێکیان دەچەنە ژێر مێزی نان خواردنەکەوە. پاش تۆزێك هیچ لەسەر مێزەکەی خۆی نامێنێت و بەقیژاندن دایکی بانگ دەکات و بە سەیرکردنی شتەکان و بە نیشاندان دایکی تێدەگەیەنێت کە کەرەسەکانی دەوێتەوە. دایکی بە ئارامی شتەکان بۆ ماورۆ هەڵدەگرێتەوە و بۆی دەخاتەوە سەر مێزەکەی. یەکسەر ماورۆش دەست دەکاتەوە بە هەڵدانەخوارەوەی کەرەسەکان سەرلەنوێ.

لەم بەشەدا دەمانەوێت باس لە ڕەفتاری یاریکردنی مناڵ بکەین. ئایا ڕاستە لێکۆڵینەوە لەسەر ڕەفتارێکی وا سروشتی وەك یاریکردنی منال بکەین؟ ئایا دەسوەردان لە سروشت نی یە ئەگەر بمانەوێت لە هەموو ڕەفتارێك تێبگەین و لە هۆکاری ڕودانی بکۆڵینەوە و دیاری بکەین؟ باشتر نی یە واز لە منالەکە بهێنین یاری خۆی بکات؟ لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایدا دەمێکە بەبێ ئاگایانە ڕەفتار لەگەڵ یاریکردنی منالدا ناکرێت و لێکۆڵینەوەی لێدەکرێت. دایك و باوك کاتی هەڵبژاردنی دیاری کریسمس بۆ منالەکانیان زۆر بە وردی

بیرلەوەدەکەنەوە کام دیاری گونجاوترینە بۆ مناڵەکەیان. پەروەردەکاران و دەروونناسان و دکتۆری مناڵ بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر یاریکردنی مناڵ. لەڕوی جۆر و شێوازەوە گرنگ ئەوەیە کە ئایا مناڵەکە بەتەنها یاری دەکات یان بە گروپ و ئایا یارییەکە لەڕوی دەرونی و سۆسیال (کۆمەڵایەتی) و زمانەوە چەند پەرە بە توانای منالەکە دەدات. ئایا ئەم بۆچوونانە لەگەڵ پێداویستی منالەکە دەگونجێن؟



دەنگی کەرەستەکان کە دەکەون جۆنن؟

یاری منالان هیچ مانایەکی هەیە؟

ئەگەر بگەڕێینەوە لای ماورۆ: دایکی کەرەسەکانی دەداتێ بۆ یاری پێکردن چونکە تێبینی کردووە کە منالەکەی زۆر بەپەرۆشەوە خۆی پێیانەوە خەریك دەکات. چونکە ڕۆژانە دایکی دەبینێت کە مامەڵەیان پێدەکات.

ماورۆ کەرەستەکان دەکێشێت بەیەکدا و دەیان هێنێت بەسەر مێزەکەدا و یەك یەك فڕێیان دەداتە خوارەوە ئەمەش دەنگی زۆر دروست دەکات و بۆ ئێمەی گەورە وەك شێوازێك لە توڕەی و توندی مناڵەکە دەنوێنێت و دەمانەوێت ڕێگری لێبکەین. بەڵام ئەو کارە بۆ ماورۆ مانای هەیە و ئەمە گرنگە. ئەو کارە ناکات لەبەر ئەوەی بێزارە یان لەبەر ئەوەی بیەوێت دایکی بەو دەنگە بەرزە بێزاربکات. شتەکان هەڵنادات خوارەوە لەبەر ئەوەی نازانێت کات بەچی یەوە بەسەربەرێت. نەخێر. ئەو یاری کردنە بۆ منالەکە کارێکی ڕاستی یە. لە ڕێی چالاکییەکەیەوە ئەزموون پەیدادەکات کە مانای زۆری هەیە بۆ ماورۆ:

- لە ڕێگەی بەیەکدا کێشانی کەرەستەکان منالەکە شارەزایی لەگەڵ سیفەتە فیزیایەکانی تەنەکان پەیدا دەکات. هەست بە کێش و بارستە و شێوە و ڕەقی تەنێکی دیاری کراو دەکات. دەبیستێت کە کەوچکی تەختە دەنگێکی جیا دروست دەکات لە ئەسکوێیەکی پلاستیك یان سەرقاپی تاوەیەکی کانزایی کاتێك کە دەیانکێشێت بەیەکدا یان هەڵیان دەداتە خوارەوە. بە یەك جار فێرنابێت دەبێت چەند جارێك تاقیبکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت دەنگەکان لەیەك جیابکاتەوە.
- هەندێك لە یارییەکان کە دەکەون دەچنە ژێرمێزەکەوە. منالەکە لەتەمەنی ٩ مناگیدا بیری ئەوەندە گەشەی کردووە کە دەزانێت کاتێك شتێك لەبەرچاوی ون دەبێت دەتوانرێت بهێنرێتەوە و بەو شێوەیە چەند جارێك

دوبارەی دەکاتەوە بۆی بۆ خۆی بسەلمێنێت کە شتەکان دوبارە دەتوانن بدۆزرێنەوە.

- بێجگە لەوە یاریکردنەکە لایەنی کۆمەڵایەتیشی تیادایە. مناڵەکە دەیەوێت دایکیشی لە چالاکییەکەیدا بەشداربێت و لەگەڵیدا یاری بکات. دایکەکە خەریکی ئیشکردنە یان نا ئەوە هیچ گرنگ نی یە لەلای ماورۆ.

بەدڵنیاییەوە هۆی تری "بێ مانا" زۆرن بۆچی ماورۆ کەرەسەکان فڕێدەداتە خوارەوە. لەوانەیە بییەوێت لەڕێگەی ئەوەوە دایکی بێت و لەناو کورسییەکە دەری بهێنێت و ڕزگاری بێت. جاری واهەیە ئەو هۆکارانەش هەن کە بۆ دایك و باوك کەمتر مانادارن. بەڵام ئەم هۆکارانە کەمترن. ئێستا کە دەزانین هۆی چی یە ماورۆ ئەو یاری یە بە پەرۆشەوە دەکات و چ مانایەکی هەیە بۆ ئەو، بۆ ئێمەش ئاسانترە کە بۆچوونەکانی خۆمان بەرامبەر ڕەفتارەکە بگۆڕین و بە ئارامییەوە لێی بڕوانین و خۆمان دوربگرین لە بیرکردنەوەی نێگەتیڤ دەربارەی ڕەفتارەکە و بە تێکدەر و چوختییەتی نەیبینین. دەتوانین بیربکەینەوە جگە لەو کەرەستەی چێشتلێنانانە چی تر دەتوانێت هەمان ڕۆڵی یاری ببینێت بۆ مناڵەکە. بەم شێوەیە وشەی "یاری" مانایەکی فراوانتر وەردەگرێت لەوەی پێشتر وەك یاری سەیرمان دەکرد. کەواتە یاری تەنها ئەو ئامرازانە ناگرێتەوە کە لە دوکانی یاری فرۆشتن دەستمان دەکەون بەڵکو هەموو ئەو شتانەن کە لە تێڕوانینی مناڵەکەوە وەك یاری گونجاون. کاتێك باشتر لە هۆکانی یاریکردنی منالەکە تێبگەین دەتوانین باشتریش بتوانین بەشداری یاریکردنەکەی مناڵەکە بکەین. تێگەیشتن لە یاریکردنی مناڵەکە بەو شێوەیەی مناڵەکە

خۆی لێی تێدەگات وامان لێدەکات لە گرنگی یاریەکە تێبگەین و مانای نوێ ی بۆ دروست ببێت لەلامان کە پێشتر نەمانزانیوە. واشمان لێدەکات ڕێگری لە مناڵەکە نەکەین بەردەوامبێت تەنها لەبەر ئەوەی ئێمە لە یاریەکە تێناگەین و هیچ مانایەك نابەخشێت لەلامان.

یاریکردن چی یە؟
گەوەرە ئیش دەکات، مناڵ یاری دەکات. جیاوازی نێوان ئیشکردن و یاریکردن چی یە؟ دیارترین جیاوازی ئەوەیە یاریکردنی مناڵەکە مەرج نی یە بەرهەمێکی کۆتایی هەبێت. مانای یاریکردنەکە لە پرۆسەی یاریکردنەکە خۆیدایەتی. کاتێك ماورۆ بە چاند جۆرێکی جیاواز یاری بە کەرەسەی چێشتلێنانەکان دەکات لە هەرجارە و شتێکی نوێ فێردەبێت دەربارەی خاسیەتی کەرەستەکان و ئەوە بریتی یە لە ناوەرۆکی مانای یاریکردنەکە.
ئەمە مانای ئەوە نی یە کە یاری کردنی مناڵەکە بێ ئامانجە، بە پێچەوانەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئامانجی هەیە بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژە. ئەو شێوازی ڕەفتارکردنەی مناڵەکە لەکاتی یاریکردندا فێریان دەبێت لە داهاتوودا لە قۆناغەکانی گەشەکردندا ڕەنگدانەوەیان دەبێت و لە ئەنجامدا لێهاتووییەکانی مناڵەکە دیاری دەکەن. مناڵ گاڵگۆڵکێ و پێگرتنیش لەسەرەتادا هەر وەك یاریکردن فێردەبێت. کاتێك مناڵەکە تواناکەی پەیداکردن بەکاری دەهێنێت بۆ گەیشتن بۆ شوێنێکی دیاریکراو کە مەبەستێتی.

له پێکەوە یاریکردن
منداڵەکان شت له
یەکەوە فێردەبن

له تەمەنێکی دیاریکراودا منالّ فێری ئەوە دەبێت به بەردەوامی شتەکان هەڵبڕژن که لەناو کارتۆنێك یان سەتڵێك یان هەر تەنێکی تردان. لەو تەمەنەدا بۆی دەردەکەوێت که به قڵپکردنەوەی تەنێك دەتوانێت شتەکانی ناو تەنەکه دەبهێنێت و تەنەکه بەتاڵبکات. پاش ماوەیەك منالّەکه فێردەبێت تەنەکان تەنها کاتێك قڵپبکاتەوە که خۆی بییەوێت ناوەرۆکەکەی دەربهێنێت. واته پەرۆشییەکەی دیاریکراو دەبێت و قڵپکردنەوەکه ئامانجی نی یه بەڵکو لەسەر ئەوە وەستاوە تەنەکه چی تیایە.
بەشێوەیەکی گشتی یاریکردنی منالّ ئەم ڕاستیانەش دەخاته ڕوو:

تەنها ئەو منالّەی ئاسودە و هەست به دڵنیایی دەکات یاریدەکات. کاتی نەخۆشی منالّ کەمتر یاری دەکات لەچاو ڕۆژە ساغەکانی یان هەر نایکات. ئەگەر منالّ بێزاربێت یان ماندوبێت یان هەست بکات بەتەنها بەجێهێڵراوە ئەوا ئارەزوی یاریکردنی نابێت. کەواتە ئاسودەیی دەرونی و جەستەیی مەرجن بۆ بوونی توانای یاریکردن. دایك و باوکی وریا که دەبینن منالّەکه ئارەزوی یاریکردنی کەمترە بەوەدا دەزانن که منالّەکەیان هەست به نائاسودەییەك دەکات یان نەخۆشه.

یاریەکە قۆناغی گەشەکردنی منداڵەکە دەردەخات. منداڵ بەپێ ی تەمەنی خۆی لەشێوازی یاریکردندا خۆی بە دەوروبەرییەوە خەریك دەکات. یارییەکەشی خۆی لە خۆیدا ڕادەی گەشەکردنی منداڵەکە دەردەخات. قڵپکەدنەوە و بەتاڵکردنەوەی تەنەکان بۆنموونە ڕەفتاری منداڵێکی ۲ ساڵانە بەڵام نە ڕەفتاری منداڵی ۱ ساڵە نەهی ۳ ساڵیشە. ڕەفتاری جیاکەرەوە بەپێی تەمەن لە شێوازی یاریکردندا لە هەموو بوارەکانی گەشەکردندا دەبینرێت: لە جووڵەکردندا کاتێك منداڵە ۳ ساڵەکە لە پلەی یەکەمی قادرمەکەوە باز هەڵدەدات بۆ خوارەوە. لە زماندا کە کچۆلکە ۲ ساڵانەکە بەدەم خۆیەوە بە تەلەفۆنە یارییەکەی لاسایی دایکی دەکاتەوە لە قسە کردندا. یان لە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکاندا کاتێك کە منداڵێکی ۱۵ مانگ هەوڵدەدات بە کەوچك نان بخوات.

چۆنێتی یەکبەدوایەکی قۆناغەکانی یاریکردن لەلای هەموو منداڵەکان وەك یەکن. لەوانەیە لە منداڵێك بۆ منداڵێکی تر ڕەفتاری یاریکردن کەمێك لە تەمەنی جیاوازدا سەرهەڵبدەن بەڵام قۆناغەکانی کە یاریکردنەکانی پیادا دەڕوات یەك بە دوای یەك لە هەموو منداڵێکدا وەك یەك دەردەکەوێت. پاش لێکۆڵینەوە لە سەدەها منداڵ بینیمان کە لەیەکچوونێکی زۆر هەیە لە یەکبەدوایەك هاتنی ڕەفتاری یاریکردنەکەیاندا (Largo). هەموو منداڵێك بە نزیکەی ۱۲ مانگی شتەکان ڕۆدەکەن و کۆی دەکەنەوە و بە نزیکەی ۱۸ مانگی تاوەر بەرز دەکەنەوە و بە نزیکی ۲٤ مانگی شەمەنەفەر دروست دەکەن. لە هیچ منداڵێکدا بەدیمان

نەکردووە کە تاوەرێك دروستبکات پێش ئەوەی شتەکان قڵپ بکاتەوە بۆ ئەوەی ناوەرۆکەکانی دەربهێنێت یان شەمەندەفەرێك بە میکانۆ دروست بکات پێش ئەوەی بتوانێت تاوەرێکیان پێ دروست بکات.

لە هەموو کەلتورەکاندا یاریکردن هەیە. ڕەفتارەکانی یاریکردن کە باسمان لێوە کردن لە منالّی هەموو کەلتورێکدا دەبینرێنەوە. بەڵام چۆن دەخرێنە ڕوو بەپێ ی کەلتورەکانی کە منالّەکانی تیادا گەورەدەبن دەگۆڕێت. کاتێك منالاّنی ئەوروپا بۆ بەتاڵکردن و دەرهێنانی ناوەرۆکی شتەکان پەرداخی پلاستیك و ﻟ بەکار دەهێنن منالاّنی ئەفریقا تەنی لە گڵ دروستکراو و خۆڵ بەکار دەهێنن یان لە دورگەی بالی کولەکەی گەورەی هەڵکۆڵراو و دەنکەکانی بەکار دەهێنن. دەستەواژەی یاری بەستراوە بە سەردەم و کلتورەوە بۆیە لە نەوە بۆ نەوە و لە کۆمەڵگە بۆ کۆمەڵگە دەگۆڕێت. بەڵام یەك بەدوای یەکهاتن و ناوەرۆکی یارییەکە بەستراوە بە چۆنێتی گەشەکردنی دەرونی منالّەکە.

کۆنترۆڵ بەسەر یارییەکەدا. منالّ دەبێت لە یاریکردنەکەیدا خۆی بڕیاردەربێت. پێویستی بە کۆنترۆڵکردنی چالاکییەکانێتی بۆ ئەوەی بە پەرۆشەوە بەردەوامبێت و لە یارییەکە ئەزمونێکی بەسوود وەربگرێت.
گرنگی کۆنترۆڵکردن لەلایەن خودی منالّەکەوە چەندە لە توێژینەوەیەکدا خراوەتە ڕوو کە لەلایەن Waston ەوە کراوە (بڕوانە وێنەی داهاتوو). تیمە توێژەرەکە یارییەك کە بە "مۆبایل"

ناودەبرێت هەموو ڕۆژێك بۆ ماوەی ١٠ خولەك هەڵدەواسن بەسەر جێگەی چەند ساوایەکی تەمەن ٨ حەفتەیدا. گروپی A مۆبایلێکی ئاسایی بۆ هەڵدەواسرێت. گروپی B مۆبایلێکی بۆ هەڵدەواسرێت کە هەموو ١ خولەك جارێ بۆ ماوەی ٥ چرکە دەخولێتەوە. گروپی C مۆبایلێکی بۆ دادەنرێت کە چەند سێنسەرێکی جووڵەی لەگەڵە کە لەناو سەرینی مناڵەکەدان و بەجوولەی سەری مناڵەکە مۆبایلەکە دەخەنە جووڵە.



ڕەفتار	گروپی *A*	گروپی *B*	گروپی *C*
سەرجولآن	نەگۆڕاو	نەگۆڕاو	زۆر
پەرۆشی	کەم	ناوەند	زۆر
خۆشی	کەم	کەم	زۆر

***A*: مۆبایلێکی ئاسایی؛ *B* مۆبایلەکە بە سێوەیەکی ڕێکخراو لە کاتی دیاریکراودا دەسوڕێتەوە: *C* مۆبایلەکە بە جولآندنی سەری مناڵەکە دەکەوێتە جووڵە و سوڕاندنەوە. ڕەفتاری منالآنە پاش چاودێری کردن بۆ ماوەی ٣ هەفتە وەک لە خشتەکەدا هاتووە خراونەتە ڕوو.**

وەك لە وێنەکەدا دەبینین ڕەفتاری منداڵەکان پاش ٣ حەفتە لە زۆر ڕووەوە زۆر گۆڕدراون. کاتێك ساواکانی گروپی A و B ڕادەی جووڵاندنی سەریان بەنەگۆڕی دەمێنێتەوە، لە گروپی C دا بەڕونی زیادەکات. ساواکانی گروپی C لە چەند ڕۆژێکی کەمدا فێربوون کە جووڵاندنی سەریان کاریگەری هەیە لەسەر مۆبایلەکە. پەرۆشیان بۆ یارییەکە ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی دەکرد، بەڵام ساواکانی دوو گروپەکەی تر پاش چەند ڕۆژێك چی تر تەماشای مۆبایلەکەیان نەدەکرد. تێبینییەکی گرنگی تر ئەوەبوو کە منداڵەکانی گروپی C ئاسودەیی و خۆشیەکی زۆر بەڕوویانەوە دیاربوو لەچاو ساوای دوو گروپەکەی تر.

توێژینەوەکەی Waston ئەوە دەسەلمێنێت کە تەنانەت منداڵ لە تەمەنی ساوایدا توانای فێربوونی یاریکردنیان هەیە. دەتوانن بە توانای جووڵەکانی خۆیان بەهەند وەربگرن و بەپێ ی پێویست و بەپێ ی بواری ڕەخساو بەکاری بهێنن و کاریگەریان لەسەر دەوروبەر هەبێت. ساواکان لەڕێی ئەم توێژینەوە پێشکەوتووەوە توانیان بەو ئەزموونەدا بڕۆن. بەڵام ئەی منداڵانی تر کە سێنزەری جووڵەیان بەردەست نی یە؟ ئایا لە ژیانی ڕۆژانەدا ساواکان، کە هێشتا جووڵەکردن لە کۆنترۆڵی خۆیاندا نیی ە، بواری ئەوەیان هەیە کاریگەریان لەسەر دەوروبەریان هەبێت و ئەزمون پەیدا بکەن؟ لەبەر ئەوەی ساوا زۆر بە شێوەیەکی سنووردار دەتوانێت خۆویستانە توانا جووڵەیەکانی بەکاربهێنێت، بۆ یاریکردن پێویستیان بە کەسێکی ترە بەشداریانبێت لە یاریکردنەکەیاندا. دایك و باوك یان خوشك و برا و کەسانی پەیوەندیداری تر وەڵامی ساواکان دەدەنەوە لە چالاکییەکانیاندا. بۆ نموونە کاتێك ساواکە بە

قاچەکانی و دەکەوێتە پەلەقاژە و گریان لەبەر ئەوەی هەست بە نائاسودەییەك دەکات، دایکی دێت و هەڵی دەگرێت. یان کاتێك باوکی هەڵی دەگرێت ساواکە دەنگێك دروست دەکات، باوکەکە لاسایی دەنگی دەکاتەوە. یان کاتێك خوشك وبراکانی بە زەردەخەنەیەکەوە سەیر دەکات ئەوانیش وەڵامی زەردەخەنەکەی دەدەنەوە و دەیدوێنن. بەم شێوەیە ساواکە لە هەفتەکانی سەرەتادا لەڕێگەی ئەم ڕەفتارە یاریکردنانەیەوە ئەزموونی زۆر پەیدا دەکات لەسەر کاریگەری چالاکییەکانی لەسەر کەسانی نزیکی خۆی.

پەرۆشی بۆ یاری و خۆشی بینین لێ ی سیفەتێکی زگماکییە. توێژیەنەوەکەی Watson ئاماژە بە سیفەتێکی یاری منداڵان دەکات کە ئەویش بریتیە لەوەی کە منداڵەکە خۆی پەرۆشییەکی ڕاستەقینەی هەیە بۆ یاریکردن. دەتوانین وەك چاودێر تێبینی ئەوە بکەین کە منداڵەکە ئەگەر زۆر بە ڕاستیش بە یارییەکەوە خەریك بێت ئەوا لە ناخەوە زۆر بە سۆزیشەوە ئارەزوی یاریکردن دەکات. کۆنترۆڵکردن لەلایەن منداڵەکە خۆی و پەرۆشی و خۆشی بینین لە یاری زۆر جیاوازە لەو پرۆسەی فێرکردنەی ئێمەی گەورە نرخی پێدەدەین و ناوی دەنێین فێربون و ڕاهێنانی تواناکان. بە پێچەوانەی یاریکردنەوە ڕاهێنان و فێربوون منداڵەکە دەخەنە ژێر باری زۆرکارییەوە. زۆربەی جار منداڵەکە بە خۆنەویستانە بەشداری پرۆسەکە دەکات. کاتێك منداڵ بەیارییەوە فێری نانخواردن دەبێت بە کەوچك ئەو لێهاتوییە زیاتر وەك دەربڕینی ویستی خۆی هەستی پێدەکات. ئەگەر دایك و باوك بیانەوێت منداڵەکە "فێر"

بکەن چۆن بە کەوچك نان بخوات، نانخواردنەکە لەلای مناڵەکە دەبێت بە کاری زۆرکاری و مانای دەسکەوتێك نادات بۆی کە خۆی بە سروشتیانەو بە هەوڵی خۆی پێ ی گەیشتبێت. بەو شێوەیە لەوانەیە نانخواردنی ڕاهێنراو تا چەند ساڵێکیش بۆ منالّەکە مانای کردنی کارێکی هەبێت کە دایك و باوکەکە دەیانەوێت بەو شێوەیە بیکات و لە ژێر چاودێری ئەواندا دەبێت نەك وەك کردارێك کە پێداویستییەکانی خۆی بەچێدەهێنێت. نابێت لامان سەیربێت ئەگەر منالّەکە ئارەزوی نانخواردنی تێکبچێت ئەگەر نانخواردنی وەك ڕاهێنین فێرکرابێت و بوار نەدرابێت بە خۆی ئەزمونی خۆی لەو بوارەدا پەیدا بکات.

ئایا هەموو چالاکییەك لەلای منالّ مانای یاریکردنی هەیە؟ زۆربەی کردارەکانی منالّ شێوازێکی یاریکردن لەخۆدەگرن بەلاّم هەموویان نا. نابێت وا سەیربکەین کە هەموو کردارێکی منالّ یاریکردنە. زۆربەی کردارەکان بەشێوەی یاریکردن دەردەکەون لە سەرەتادا بەلاّم لەگەڵ کاتدا و بەپێ ی قۆناغی گەشەکردن ئەو شێوازە دەگۆڕێت. بۆنموونە کرداری مژینی گۆی مامکی دایك و شیرخواردنەوە لەسەرەتاوە لەلایەن ساوایەکەوە کردارێکی ئاڕاستەکراوە بۆ ئەنجامێکی دیاریکراو و یاریکردن نی یە. چەند مانگێك پێش لەدایکبوون منالّ لە سکی دایکیدا پەنجەکانی خۆی لەشێوەی یاریکردن دەمژێت. پاش لەدایك بوون دەبێت بە ڕاستی و دەبێت خۆی بژێنێت.

بۆ مناڵ یاری دەکەن؟

نەك تەنها منالی مرۆڤ بەڵکو بەچکەی زۆربەی گیانەوەرەکان، بەتایبەتی ئەوانەی ئاستی گەشەکردنیان بەرزە، یاری دەکەن. هەندێك شێوازی یاریکردن هەیە هاوبەشە لەنێوان منالی مرۆڤ و بێچوی گیانەوەرەکانی تر بەڵام هەندێك شێواز هەیە تایبەتە بە مرۆڤ.

وەك بەردەوامی لە کردنی ڕەفتاری زگماکی. ئەو جۆرە یاریکردنە لەناو زۆربەی بەچکەی گیانەوەراندا باوە. یاریکردنی بەچکەکان لەیەکچوونێکی زۆری هەیە لەگەڵ ڕەفتاری گەورەکان. بەچکەکان خۆیان ڕادەهێنن لەسەر شێوازە ڕاستەکەی گەورەکان. بەچکە پشیلەیەك بۆنموونە دوای تۆپەڵێك خوری دەکەوێت و دەەیخاتە نێوان دەستەکانی و لەپڕ قەپالی پیادەکات. خۆی فێری توانای ڕاوکردنی مشك دەکات و هەوڵ دەدات بە لێهاتوویانە بیگرێت و بیکوژێت، بۆ ئەوەی کە گەورەبوو بتوانێت خۆی بژێنێت.

ئەو ڕەفتاری یاریکردنە زگماکە. پشیلە بۆ فێربوونی پێویستی بە تەماشاکردنی دایك و باوکی نی یە. هەر شتێك چەند خاسییەتێکی جیاکەرەوەی مشکی تیادابێت وەك قەبارە و توکنی ڕوی دەرەوەی و کلکێك یان درێژکراوەیەك و بجولێت لەلای پشیلەکە رەفتاری گرتنی مشك کارا دەکات.

منالی مرۆڤیش رەفتاری زگماکی هەیە. بەشی زۆری جووڵە سەرەتاییەکانی منال بریتین لە رەفتاری کلێشەیی. منال دەست دەکات بە گاڵگۆڵکێ بە بێ ئەوەی پێویست بکات دایك و باوك ئەو رەفتارەی پیشانبدەن. خۆی بەیاریکردنەوە خۆی لەسەر ڕادەهێنێت. کاتێك یەکەم هەنگاوەکانی دەبڕێت بەهەمان شێوە

خۆی لەسەر شێوازێکی نوێ بۆ خۆبەڕێکردن ڕادەهێنێت. دەگەڕێت بەدەوری خۆیدا بۆ ئەوەی ڕۆیشتن تاقیبکاتەوە بەبێ ئەوەی هیچ ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت کە بییەوێت پێ ی بگات. گرتن بە بەکارهێنانی سەری پەنجەی دۆشاومژە و سەری پەنجەگەورە، کە ناو دەبرێت بە گرتنی مووکێشی، بەهەمان شێوە منداڵەکە بە یاریکردنەوە خۆی لەسەری ڕادەهێنێت لە ڕێگەی بەپەرۆش هەڵگرتنەوەی شتی وردی وەك وردە نان یان دەزوو پێیان.

کۆکردنەوەی ئەزموون لەسەر خاسییەتە فیزیکییەکانی کەلوپەلەکانی دەوروبەرمان. لە یەکەم ساڵی تەمەندا منداڵ بەو کەلوپەلانە ئاشنا دەبن کە ڕۆژانە لەبەر دەستیاندایە. ئەزموونەکانیان لە سەرەتادا زیاتر بە دەستیان و بە دەمیان کۆدەکەنەوە زیاتر لەوەی بە چاویان.
شتەکان دەبەن بۆ دەمیان بە لێوەکان و زمانیان هەستی پێدەکەن بە دەستیان ئەم دیو و ئەودیوی پێدەکەن و دەیانکێشنەوە بەبەردەمی خۆیاندا. ئەمانەش لەو ڕەفتارانەن کە منداڵ خۆیان دەیکەن و پێویستیان بە لاسایکردنەوەی کەس نی یە. ئاشنابوون لەڕێگەی دەم و دەستەوە لە منداڵدا تا چەند مانگێك بەردەوام دەبێت و بە یاریکردنەوە لەسەر هەر کەلوپەلێك ئەنجامی دەدەن کە بۆیان بگیرێت. لە کۆتایی یەکەم ساڵ ئاشنابوونەکە زیاتر و زیاتر لە ڕێگەی تەماشاکردنەوە دەبێت.



پشکنینی تەنەکان بە
بەرکەوتنی لێو و زمان

بەو شێوەیە لە ڕێگەی دەم و دەست و چاوەوە مناڵ ئاشنای کەلوپەلەکان دەبێت لەڕوی سیفەتە فیزیکییەکانی وەك شێوە و قەبارە و کێشیان و فیردەبێت لەیەکیان جیابکاتەوە.

فێربونی لێهاتوویەکان لەڕێگەی لاسایی کردنەوە. لە مرۆڤایەتیدا پێکهاتنی پەیوەستییەکان و پەیوەندییەکان و تەکنیکە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەندە ئاڵۆزبوون کە مناڵێك ١٠ تا ٢٠ ساڵی پێویستە بۆ ئەوەی بە لاسایی کردنەوە فێری ڕەفتارە گرنگەکان ببێت. ویستی مناڵەکە بۆ لاسایی کردنەوە و بوونی نموونە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لەم فێربوونەدا.
لاسایی کردنەوەکە لە شێوازی یاریکردن دەبێت لە زۆربەی بواری گەشەکردندا:

- یاری کۆمەڵایەتی ڕەفتارێکی یاریکردنە کە لە پێش هەموو ڕەفتارەکانی ترە و لە مانگەکانی یەکەمدا دەردەکەوێت. تەنانەت مناڵی تازە لەدایکبوو ئارەزوی ئەوە دەکات لاسایی

چەند جووڵەیەکی ئاسانی دەمووچاومان بکاتەوە. مناڵ لە ٢ مانگی سەرەتادا بە یاریکردنەوە فێری هەڵسوکەوت و جووڵەی پەلەکانی و دەمووچاوی دەبێت بۆ دەربڕین کە هەڵسوکەوتی تایبەتن بەناو خیزانەکەی خۆی یان کۆمەڵگاکەی. کەلتورەکان لە ڕووی ڕەفتاری کۆمەڵایەتییەوە جیاوازیان زۆرە. کەلتور هەیە لە کاتی سڵاو لەیەکتری کردن لە چاوی یەکتری دەڕوانن کەلتور هەیە بە سەر دانەواندن خۆیان دووردەگرن لەوەی چاویان بچێتە سەریەك. ئەو جۆرە ڕەفتارە باوانە مناڵ لە ڕێی لاسایی کردنەوەوە فێریان دەبێت.

- لە گەشەی سەرەتایی زمانگرتندا لاسایی کردنەوە ڕۆڵێکی هەمە لایانی هەیە. لە یەکەم ساڵی تەمەندا مناڵەکە دەست دەکات بە لاسایی کردنەوەی دەنگەکان کە لەناو خیزانەکەیدا دەیبیستێت. دەربڕینەکانی بە دەنگ تابێت زیاتر خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ زمانی دەوروبەری. لە دووەم ساڵی تەمەنیدا مناڵ دەستدەکات بەوەی لە یاریکردنەکانیدا لاسایی شێوازی قسەکردنی دایك و باوك و خوشك و براو کەسانی دەوروبەری بکاتەوە. کە تەلەفۆنی یاریکردنەکەی دەگرێت بەدەستیەوە وەك دایکی قسە دەکات یان کە بوکەکەی دەگرێت بە دەستیەوە وەك خوشك و براکانی ئامۆژگاری دەکات.
- لە کۆتای یەکەم ساڵدا مناڵ هەوڵ دەدات بەدەستەکانی لاسایی چەند دەربڕینێکی وەك بەیبای و چەپڵەلێدان بکاتەوە. زۆر بە وریاییەوە دیقەت دەدات لە گەورەکان و مناڵی گەورەتر لە

خۆی چۆن کەلوپەلەکان بەکاردەهێنن. بەلاسایی کردنەوە مناڵەکە بەرە بەرە فێردەبێت کەلوپەلەکان بەشێوەیەکی کارا بەکاربهێنێت. هەوڵ دەدات بە کەوچك بخوات یان شانەکە دەهێنێت بە سەریدا. لە دووساڵیدا مناڵەکە بە یاریکردن لەگەڵ وورچەکەی یان بوکەکەی لاسایی ڕەفتارە ئاسانەکان دەکاتەوە. لە ساڵەکانی دواتری تەمەنیدا ڕۆڵەکانی لە بابەتەکانی تری بەسەرهاتە ڕۆژانەکان دەبێت وەك شتکڕین و سەردانی دکتۆر و شایی ژنهینان و بەلاسایی کردنەوە دەیانکات بە بابەتی یاریکردنەکەی.

بە پێچەوانەی ڕەفتارە زگماکییە سەرەتاییەکانی یاریکردنی مناڵ، شێوازی یاریکردنەکانی کە لە لاسایی کردنەوەوە سەرهەڵدەدەن چەند دیاردەیەکی جیاواز لەخۆیان دەگرن. دەربڕینەکان بە جووڵەی دەموچاو بۆ نموونە لە سوید و ئەڵمانیا و ئیتالیا جیاوازن لەیەك. تەنانەت گروگاڵ کردن لە ساوای گەورەدا جیاوازە لە ناوچەوە بۆ ناوچە. لە ئەوروپا مناڵ بە کەوچك نان دەخۆن لە هندستان بە دەست و لە چین بە چیلکەکان. هەڵسوکەوت کردنیش کە مناڵ بە لاسایی کردنەوەی گەورەکان فێری دەبێت بەپێ ی کەلتورەکانی تیایدا گەورەدەبن دەگۆڕێت.

کاتی نوستنی بووکەشووشەکەیە

شێوازی یاریکردنەکانی کە لەلاسایی کردنەوەوە سەرهەڵدەدەن لە گیانەوەرە شیردەرە پێشکەوتووەکانیشدا دەردەکەوێت بۆ نموونە لە مەیموندا. شەمپانزی ڕاوی تێرمیت (مێروویەکە هاوشێوەی مێلووره) دەکات لە ڕێگەی بردنەناوەوەی چڵێك لە کونی شاری مێرووەکان و چاوەڕێکردنی تا مێروویەك گاز لە چلەکەدەگرێت و پاشان شەمپانزیەکە چڵەکە بە هێواشی دەردەهێنێتەوە. بەچکەکانیان بە دووساڵی دەستدەکەن بە لاسایکردنەوەی ئەم کردارە. بەیاریکردن و لەڕێگەی تاقیکردنەوەوە بۆیان فێردەبن کە چڵەکە دەبێت چەند ئەستور و درێژبێت بۆ ئەوەی بە کونی شاری تێرمیتەکاندا بچێت و چەند دەبێت چاوارێبکات تا مێروویەك دەگرێت و چۆن بەهێواشی چیلکەکە دەربهێنێتەوە بەبێ ئەوەی مێرووەکان بکەونە خوارەوە. نزیکەی ٣ ساڵیان دەوێت کە بتوانن بە لێهاتوویانە مێرووەکانیان سەربەخۆیانە ڕاو بکەن.



شەمپانزێک خەرکی دەرهێنانی مێرووەیە بە چیلکەیەک و ئەویتر خەریکی شکاندنی گوێزهیندێکە بە بەرد.

لە ڕێگەی لاسایی کردنەوەوە بەچکەکان فێری ئەوەش دەبن کە چۆن گوێزهیندی بشکێنن. گوێزەکە دەخرێتە سەر شوێنێکی ڕیق و بە دارێك یان بە بەردێك پیایدا دەکێشرێت. بەچکەکان زۆر بە وریایی لە پرۆسەکە دەڕوانن و هەوڵ دەدەن لاسایی بکەنەوە. لەسەرەتادا زۆربەی جار سەرکەوتوو نابن چونکە بۆ نموونە نازانن ئاگاداری ئەوەبن کە گوێزەکە لەسەر شوێنەکی ڕەق دابنێن. بەڵام بە ئەزموون فێری ئەوە دەبن کە شوێنێکی وەك سەر بەردێك یان سەر ڕەگی دارێك بۆ ئەو مەبەستە گونجاوە.

کۆکردنەوەی ئەزموون لەگەڵ شوێندا. لە دووەم ساڵی تەمەندا منداڵەکە خۆی خەریك دەکات بە پەیوەستی یە شوێنی یەکانی کەلوپەلەکانەوە. تەنەکان بەتاڵدەکات بۆئەوەی ببینێت چەند شوێن دەگرن یان تاوەرەکان دروست دەکات بەهەمان مەبەست.

گەڕان بەدوای پەیوەستییە جۆری و چۆنییێتییەکان. بە یاریکردنەوە منداڵ فێری ئەوە دەبێت، چۆن تەنەکان کار لەسەر یەك دەکەن. منداڵ لە تەمەنی ٨ مانگی دا فێری ئەوە دەبێت کە ئەگەر پەتی بۆکسی موزیکە کە ڕابکێشێت دەزگاکە موزیك لێدەدات. هەر بەیارییەوە تێگەیشتووە منداڵەکە کە نە پیاکێشان نە هەڵدان نە خستنەدەم دەزگاکە ناهێنێتە موزیك لێدان تەنها ڕاکێشانی پەتەکە ئەو کارە دەکات.

لە کۆتایی ٢ ساڵیدا منداڵ دەست بەوە دەکات کە تەنەکان بە پێ ی سیفەتە دیاریکراوەکانی وەك شێوە و ڕەنگ لەیەك جیا بکاتەوە. ئەوەی بۆ دەرکەوت کە تەنەکان لەیەك بچن یان لەیەك نەچن دەتوانرێن بە پێ ی سیفەتی تر پۆلێن بکرێن و بکرێن بە گروپێك.

ئەو لێهاتوویەی کە بتوانێت تەنەکان بە پێ ی سیفەتی دیاریکراو لەگەڵ یەکدا ڕێکبخات بنەمایەکی سەرەتاییە بۆ توانای بیرکردنەوەی ژیرانە (لۆژیکانە). ئەم لێهاتوویەش مناڵ لەسەرەتادا وەك یاری کردن پەیڕەو دەکات: بۆنموونە کەوچك و چەتاڵەکەی بە جیا دادەنێت.

ئەم جۆرە یاریکردنە لەناو گیانەوەرە زۆر پێشکەوتوو لە گەشەکردنەکانیشدا دەگمەنە. مەیموون دەتوانێت کەرەسەکان بۆ مەبەستێك بەکاربهێنێت: لە سروشتدا بۆ نموونە وەك باسمان کرد لە ڕێگەی چڵێکەوە دەتوانن مێرووەکان دەربهێنێت یان لە باخچەی گیانەوەران دەتوانێت بە چڵێکی دار مۆزێك رابکێشێت بۆ خۆی کە لەدەرەوەی خانەکەی بێت. توانایان بۆ بەیەکەوەبەستنەوەی پەیوەستییە چۆنێتی و جۆریەکان زۆر سنوردارە لەچاو مرۆڤدا. مناڵ لە تەمەنی ٣ساڵیدا باشتر ئاشنا دەبێت بە تەنەکانی دەوروبەری پەیوەستییەکانیان لە مەیموونێکی تەواو پێگەیشتوو.

منالان هەموو وەك یەك یاری دەکەن؟

ئەو دایك و باوکانەی کە زیاتر لە یەك منالیان هەیە دەزانن کە هەر منالەو بە شێوەیەك یاری دەکات. جیاوازییەکان لە دوو ڕووەوەن.

جۆرە یاریکردنێکی دیاریکراو دەکرێت لە تەمەنی جیاوازدا سەرهەڵبدات. کاتێك منالێك بە ٨ مناگی دەستدەکات بە ووردی تێڕوانین لە تەنەکان لەوانەیە منالێکی دیکە بە ١٠ مانگی دەستبکات بەو رەفتارە.

ڕەفتارێکی یاریکردنی دیاریکراو لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر جیاواز ئاشکرا دەبێت. هەموو منداڵەکان تەنەکان دەبەن بۆ دەمیان، بەڵام هەندێکیان زیاتر و هەندێکیان کەمتر ئەم ڕەفتارەیان تیادا بەدیدەکرێت. منداڵ هەیە چەندین هەفتە بەبەردەوامی دۆڵابەکان هەڵدەوەشێنێت و هەیانە - خۆشبەختانە بۆ دایکیان- پاش چەند ڕۆژێك واز لەو چالاکییە دەهێنێت.

کچ و کوڕ وەك یەك یاری دەکەن؟

کچ و کوڕ لە یاریکردندا لە ٢ ساڵی سەرەتادا جیاوازییەکی زۆر کەم لە نێواندا بەدیدەکرێت. لە توێژیەنوەکانماندا لەسەر یاریکردنی منداڵ لە ١٨ مانگی سەرەتادا هیچ جیاوازییەکمان تێبینی نەکرد (Largo). بوکەشووشە و مەمەی شیر و شانەمان خستە بەر دەستی کوڕەکان بە هەمان شێوەی کچەکان شیریان دەدا بە بوکەکان و قژیان شانەدەکردن. ئەمە لەکاتێکدا زۆربەی کوڕەکان پێشتر یارییان بە بوك نەکردبوو.

کوڕەکانیش ئەگەر بواریان هەبێت بە هەمان شێوە یاری بە بوك دەکەن وەك کچەکان. کچەکانیش بەهەمان شێوە تەنەکان دەبەن بۆ دەمیان وەك کوڕەکان. کوڕەکانیش بەهەمان شێوە ئارەزوی بەتاڵکردن و دەرهێنانی ناوەرۆکی تەنەکان هەیە وەك کچەکان یان یارمەتی دایکیان بدەن لە ئیشی ناوماڵدا وەك کچەکان.

لە کۆتایی ساڵی دووەمی منداڵدا جیاوازییەکان لە شێوازی یاریکردندا دەست دەکەن بە دەرکەوتن: کوڕەکان زیاتر ئارەزووی ئاشنابوون بە دەوروبەریان دەکەن لە کاتێکدا کچەکان زیاتر خۆیان بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و لاسایی کردنەوەی دەوروبەرەوە خەریکدەکان. بۆ نموونە ئەم تێبینییانەمان کرد: لەناو کەلوپەلی

بوکەکەدا کە خستبوومانە بەر دەستی منداڵەکان چێشتلێنەرێکی تیادا بوو. لەکاتێکدا کچەکان چێشتیان بۆ بوکەکە لەسەری لێدەنا، کوڕەکان دەیانویست ئامێرەکە هەڵوەشێنن. کچەکان لەیاریکردنەکەیان لاسایی ئەوەیان دەکرد کە لەدەوروبەریان فێربوون، بەڵام کوڕەکان دەیانویست بزانن شتەکە لەچی پێکهاتووەو چۆن کاردەکات. توێژینەوەکانی کە لەسەر منداڵی ٣ساڵان تا ٦ ساڵان ئەنجامدراون دەریدەخەن کە جیاوازییەکان لەنێوان کوڕ و کچ لە شێوازی یاریکردندا لە دوای تەمەنی ٢ ساڵیدا ڕوولەزیادبوون دەکەن.

خوشک و برا
یاری بە هەمان
شت ناکەن



ئەوجیاوازییە جێندەرییانەی کە لەنێوان کچ و کوڕ بەدی دەکەین لەڕێگەی دایك و باوکیشەوە زیاتر پەرەی پێدەدرێت: ئەوان ئارەزوی ئەوەدەکەن کە بۆ کوڕەکانیان ئۆتۆمبیل و شەمەندەفەر و فرۆکە بکڕن و بۆ کچەکانیان بوك و کەرەسەی ئارایش و ماڵداری.

یاری

مناڵ لە مێژەوە یاری بە هەموو کەرەسەیەك کردووە کە لەبەر دەستیدا بووبێت. زیاترین پەرۆشییان بۆ ئەو کەرەسانە هەبووە هەمیشە کە گەورەکان بەکاریان هێناوە وەك قاپی لە قوڕ دروستکراوەو کە زۆر بە ئاسانی دەشکێن یان چەکەکانی کە بۆ مناڵ مەترسیدارن. لەوانەیە یاری لەلایەن گەورەکانەوە بۆیە لەسەرەتادا دروست کرابێت وچونکە ویستویانە ڕێگری ئەوە بکەن کە مناڵەکان زیان بە کەرەسەی گەورەکان بگەیەنن یان خۆیانی پێ برینداربکەن. دایك و باوك لە دێرزەمانەوە ئامراز و قاپوقاچاغی گونجاو بۆ مناڵیان بەتایبەت بۆ مناڵەکانیان دروست کردووە. بۆ نموونە لە کاتی دۆزینەوەی جێشوێنی نیشتەنی قەراغی دەریاچەی زیوریخ لە سویسرا لەگەڵ قاپوقاچاغەکان مەنجەڵۆکەی زۆر بچووکی یاریکردنیش دۆزراوەتەوە کە لە قوڕ دروستکراون. لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا کارگەی یاریدروستکردنەکان هاوشێوەی دانیشتوانی ئەو نیشتەنییە کۆنە یاری بچووك لەشێوەی کەرەستەی چێشتلێنان و ناوماڵی هاوچەرخدا بۆ مناڵان دروست دەکەن.

پێکەوە یاریکردن

مناڵی هەموو تەمەنێك دەتوانن خۆیان خەریك بکەن. بەڵام مناڵ دەیانەوێت لەگەڵ مناڵی تر یان دایك وباوکیان یاری بکەن. پرسیارەکە ئەوەیە گەورەکان چۆن مامەڵە دەکەن لەگەڵ مناڵەکانیان لەکاتی یاریکردنەکەدا؟

تا مناڵەکە وردتربێت ئێمەی گەورە دەتوانین خۆمان باشتر بگونجێنین لەگەڵ ئارەزوی مناڵەکە و تا مناڵەکە تەمەنی زیاتربێت هەوڵ دەدەین زیاتر منالەکە فێری شێوازی یاریکردنەکە بکەین و بۆی ڕونبکەینەوە چی بکات و چی نەکات و بەجۆرێك کە منالەکە ئارەزوی یاریکردنی نامێنێت. دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت کە ئەزموونی کاتی یاریکردنەکە گرنگە بۆ منالەکە و نەك ئەنجامی یاریکردنەکە. کاتێك ئیڤا هەوڵی لەپێکردنی بووتەکانی دەدات گرنگ ئەوەنی یە لەلای بووتەکانی چۆنە لە پێیدا بەڵکو دەیەوێت بزانێت دەتوانێت لەپێیانبکات. ئەگەر هاتوو ویستمان یارمەتی ئێڤا بەین - ئەگەرچی مەبەستیشمان باش و یارمەتی دانبێت - ئەوا دەبینە هۆی بێ ئومێد کردنی ئێڤا. هیچ باشەیەکمان لەگەڵ نەکرد و تەنها یارییەکەمان لێ تێکدا.

کاتی بەشداریکردنمان لە یاری لەگەڵ منالێکدا شێوازی یاریکردنمان چەند جۆرێکی جیاواز کاردانەوەی دەبێت لەسەر منالەکە:

- ئەگەر لەو ئاستەوە دەست پێبکەین کە گەشەی منالەکەی پێگەیشتووە و بەپێی ئارەزووەکانی منالەکە مامەڵە بکەین. بۆ نموونە لەگەڵ مارتینادا، دروستکردنی تاوەرێك ئەو ئاستەیە کە منالەکەی تیادایە، بۆیە بە پەرۆشییەکی زۆر و ڕوویەکی خۆشەوە بەردەوام دەبێت لە یاریکردن.
- ئەگەر هاتوو بمانەوێت منالەکە زیاتر بکات لەوەی لە توانایدایە بەو شێوەیە ڕەفتارێك دەکەین کەلەگەڵ ئاستی گەشەی منالەکە ناگونجێت چونکە مارتینا دوای تەمەنی

٢٤ مانگی دەتوانێت خشتەکەکان وەك شەمەندەفەر بەدوای یەکدا ڕیز بکات، واتا زیاتر لە توانای داوا دەکەین. هەر مناڵەو لەوانەیە بە شێوەیەکیش کاردانەوەی هەبێت یان ئەوەتا هەموو خشتەکەکان فڕێدەدات و ڕیزکراوەکان تێکدەدات و واز لە یارییەکە دەهێنێت یان بەردەوام دەبێت لەسەر شێوازەکەی خۆی دەیەوێت وەك مارتینا.

- ئەگەر هاتوو هەوڵماندا یارییەك لەگەڵ مناڵەکە بکەین کە مناڵەکە لە تەمەنێکی مناڵتردا ئارەزوی ئەو یارییەی کردووە، بۆ نموونە لەگەڵ مارتینا خشتەکان بخەینە ناو تەنێکی تر و دەریان بهێنینەوە ئەوا بەهەمان شێوە بێزاری بە دەمووچاویەوە دەرەکەوێت و واز دەهێنێت چونکە ئەو یارییە مناڵ لە تەمەنی ٩ تا ١٢ مانگی بە پەرۆشەوە دەیکات.

کەواتە ئەگەر بمانەوێت یاری لەگەڵ مناڵ بکەین دەبێت بزانین لە چ ئاستێکەوە دەست پێبکەین. باشترین نیشانە بۆ ناسینەوەی ڕادەی ئارەزووی مناڵەکە بۆ بەشداریکردنمان لە یارییەکەیدا باری دەروونی مناڵەکەیە. ئەگەر هاتوو بەدڵی بوو ئەوا خۆشی بە دەمووچاویەوە دەبینین و ئەگەر هاتوو ئێمە زیاتر یان کەمتر لە ئاستی گەشەیمان داوا کردن ئەوا بێزارانە و نائومێدانە مناڵەکە بەرپەرچمان دەداتەوە. و ئەگەر نەمانزانی ئاستی مناڵەکە لە کاتی ئێستادا چۆنە ئەوا باشترین ڕێگە ئەوەیە کە ڕێگەی مناڵەکە بدەین خۆی دەسبکات بە یاریکردن و ئێمە هەوڵ بدەین چیکرد بەدوایدا بیکەینەوە. لاسایی کردنەوەی یاری مناڵ خۆشییەك بە مناڵ دەبەخشێت و هەست بەوە دەکات کە سەرنجمانی ڕاکێشاوە و

ئەگەر بیەوێت یاری لەگەڵ بکەین خۆی بانگمان دەکات و تێماندەگەیەنێت کە دەیەوێت یاری لەگەڵ بکەین.

مارتینا بە پەرۆشەوە تاوەرێک دروست دەکات. شەمەندەفەرەکە تۆزێک گرانە بۆی.

ئەگەر چی ئێمەی گەورە بەلامانەوە نابەجێ بێت ڕێگە بدەین مناڵ پێشڕەوی بکات بەڵام هەندێك جار پێویستە. ئەگەر لەکاتی یاریکردندا ئێمە تەنها بۆ پشتگیری کردنی باری دەروونی لەگەڵیدا بەشداری یارییەکەی بکەین و ڕێگەی بدەین خۆی پێشڕەوی بکات و سەرزەنشتی نەکەین ئەوا بۆ ئێمەی گەورەش لەوانەیە ئەزموونێکی زۆر خۆشبێت و مناڵەکە سەرسامان بکات بە کردەوەکانی و لەهەمانکاتدا منالەکەش زۆر بەختەوەر دەبێت.

هەروەك چەند پێویستە هاوبەشی بکەین لە یاریکردنی منداڵەکەدا ئەوەندەش گرنگە کە بەشێوەیەکی نموونەیی ڕەفتار بکەین. لە تەمەنی ٢ ساڵانەوە منداڵ زیاتر بەپەرۆشە بۆ ئەوەی دایك و باوك یان خوشك و براکانی و گەورەی تر لە کردەوە ڕۆژانەکانیاندا ڕێگەی پێبدەن سەیریان بکات و هاوبەشییان بکات. دەیەوێت لاسایی کردەوەکانیان بکاتەوە. لەبەر ئەوە دەیەوێت زۆرترین کات لەگەڵ گەورە بەسەرببات و بەشدارییان بکات بۆ ئەوەی بواری زیاتری هەبێت بۆ چاولێکەری کردنیان. زۆر بوار هەیە کە دەتوانرێت ڕێگە بە منداڵ بدرێت بە شێوەیەکی ڕێکخراو و گونجاو بەشداری بکات لە جێبەجێ کردنی کردارە ڕۆژانەکاندا "یارمەتیمان بدات" بۆ نموونە: لەکاتی دانانی سەر مێزی خوان، لەکاتی ئاودانی باخچە یان لەکاتی شتکڕین دا. کاتێك دایك و باوك بە پەڕەو پێنوسەوە خەریکن منداڵەکە لەژێرچاودێریدا دەتوانێت بە پێنوسێك و پەڕەیەکەوە خەریك بکرێت. کاتێك دراوسێکە لە گەراجەکەیدا کار دەکات منداڵەکە دەتوانێت لەژێرچاودێریدا برغوو بزمارەکان جیابکاتەوە و چەکوش و پلایس بەکاربهێنێت. لەوانەیە خۆشترین کاتیش بۆ منداڵەکە ئەوەبێت کە لەگەڵ نەنکی یاری ماڵەباجێنە بکات و پێکەوە بەگاڵتە چایەك یان قاوەیەك بخۆنەوە.

باشترین پێشڕەو و نموونە بۆ منداڵ منداڵی هاوتەمەنی خۆیان یان کەمێك گەورەترن. منداڵەکە ئاشناترە بە هەڵسوکەوتەکانی ئەوان لەچاو هەڵسوکەوتی گەورەکان وە دەتوانێت بە شێوەیەکی ئاسانتر چاویان لێبکات. لە شوێنی یاریکردندا منداڵەکان زۆربەی کات پێکەوە یارییناکەن باڵکو سەیری هەڵسوکەوتی یەکتری دەکەن و هەوڵدەدەن لە بیریاندا هەڵیبگرن و پاش ماوەیەک یان چەند

ڕۆژێك هەمان كردار دوبارە بكەنەوە. كەواتە خوشك و برا یان منالی تر باشترین مامۆستان بۆ منال.



کۆکردنەوەی ئەزمون لە سروشت سا لەگەڵ باوک.

ئاگاداری!

زۆر كەرەستە هەن كە مەترسیدارن وەك چەقۆ و مەقەست. ئەركی سەرشانی دایك و باوك و گەورەكانە ئەو كەرەستانە دوور لەدەستی منال دابنێن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك جار دەتوانرێت لەژێر چاودێری گەورەكاندا ڕێگە بدرێت كە منالەكان ئەوكەرەسانە بەكاربهێنن، چونكە تەنها بەو شێوەیە دەتوانن فێر بن چۆن بە وریایانەوە بەكاریان بهێنن. بەڵام ئامێرێكی وەك ئوتوو نابێت بەهیچ شێوەیەک بدرێتە دەستی منال.

لەكۆتایدا چەند كەرەسەیەك هەن كە مەترسیدار نین بەڵام تایبەتن بە دایك و باوكەكان و نابێت منالەكە دەستیان بۆ بەرێت. بۆ نموونە ئەلبوومی وێنەكان. دەكرێت جار جار لەگەڵ منالەكە ئەلبوومەكە دەربهێنرێت و تەماشای وێنەكان پێكەوە بكرێت. بەڵام دەبێت منالەكە بزانێت كە بۆی نی یە بەتەنها دەستكاری بكات. زۆر گرنگە

کە شتەکان دیاری بکرێت و جیابکرێنەوە و منداڵەکە بەو شێوەیە فێری ڕێزگرتن لە موڵکی تایبەت دەبێت فێر دەبێت کە هەندێك شت هەن تەنها موڵکی یەك کەسن. نە ئەم بەشە لەم پەرتوکە و نە بەشەکانی داهاتوو دەتوانێت هەموو بوارەکان و شێوازەکانی یاریکردنی منداڵ لەخۆی بگرێت. تەنها چەند گۆشەیەکی تێڕوانین دەخەنە ڕوو. منداڵ یاری بە زار یان بە بووك دەکەن بەڵام منداڵ یاری بە ئاو و خۆڵ و ئاویش دەکەن. خۆیان بە گیانەوەرەکان و ڕووەکەکانەوە خەریك دەکەن. دایك و باوك چەندین شێواز بەدیدەکەن لە مامەڵەکردن و شێوازی یاریکردنی منداڵەکانیاندا کە لەم پەرتوکەدا باسی لێوە نەکراوە. یاریکردن شتێکی زۆر تایبەتە و لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێك دەگۆڕێت و هەر منداڵەو خۆی جیهانی یاریکردنی خۆی دروست دەکات. نابێت ڕێگەی لێبگرین و بەپێی بۆچونەکانی خۆمان ڕێگەیان بۆدابنێین. تەنها منداڵەکە خۆی دەزانێت یاری کردن لەلای ئەو مانای چی.

	گرنگترین بە کورتی
١	لە یاریکردندا مناڵ چەندین ئەزموونی جیاواز کۆدەکاتەوە کە لەڕووی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و دەروونی و زمانی مانای زۆریان دەبێت.
٢	مەبەستی مناڵ لە یاریکردن گەیشتن بە ئەنجامێك نی یە بەڵکو پرۆسەی یاریکردنەکە خۆی گرنگە بەلای مناڵەکەوە
٣	یاری لەلایەن مناڵەکەوە بەڕێوەدەبرێت و بە پێی ئارەزوی نەك بەمەبەستی خۆ فێرکردن و ڕاهێنان
٤	یاریکردنی منال بەپێی تەمەنێتی: واتا ئاستی گەشەکردنی مناڵەکەی تیادا ڕەنگ دەداتەوە
٥	چۆنێتی هاتنی جۆری یارییەکان یەك بەدوایەک لە هەموو مناڵێکدا وەك یەکە بەڵام تەمەنەکەی کە تیایدا دەست پێدەکات و ڕادەی پەرۆشی مناڵەکە بۆ جۆری یارییەکە دەگۆڕێت
٦	کوڕ و کچ لە شێوازی یاریکردندا لە ٢ ساڵی سەرەتادا زۆر کەم لەیەك جیاوازن بەڵام لە دوای ئەوە جیاوازی دەردەکەوێت
٧	مناڵ یاری دەکات بۆ: • بەردەوام بوون لەسەر کردنی ڕەفتارە زگماکییەکان • کۆکردنەوەی ئەزموون دەربارەی سیفەتە فیزیایەکانی تەنەکانی دەوروبەری • ئاشنابوون بە چۆنێتی مامەڵە کردن و نەریتەکان • فێربوونی زمان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێگەی لاسایی کردنەوە • دۆزینەوەی پەیوەندییە شوێنی و کاتی و چۆنێتیەکانی ڕوداوەکان
٨	ڕۆڵی گەوەرەکان لەوەدایە کە:

	• وەك نموونە ڕەفتار بکەن بۆلاسایی کردنەوەیان • خۆڕاگرانە و بە پەرۆشەوە بەشداری یارییبکەن بەڵام ڕەوتی یارییەکە لە منداڵەکە نەسەنن • کەرەسەی یاریکردن بخەنە بەردەست منداڵەکە
٩	ئەگەر بمانەوێت بەشداری بکەین لە یاریکردنی منداڵەکەدا دەبێت بەپێی ئاستی منداڵەکە دەست پێبکەین. ئەگەر لە ئاستی ئەو بەرزتر یان نزمتر بووین منداڵەکە چیتر ئارەزوی یاریکردنی نامێنێت

زمانگرتن

"دەگێڕنەوە دەڵێن فریدریشی دووەم (١١٩٤- ١٢٥٠) سیزەری هۆهنشتاوفن کە بەلای کەمەوە ٧ زمانی دەزانی زۆر پەرۆشی ئەوەبوو لە زمانی مۆرۆڤی کۆن بکۆڵێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە هەستا بە جیاکردنەوەی چەند مناڵێکی تازە لەدایك بوو لە دایك و باوکیان و بەخێوکردنیان لەلایەن چەند دایەنێکەوە کە بۆیان نەبوو مناڵەکان بدوێنن. سیزەرەکە دەیویست بزانێت ئایا مناڵەکان فێری کۆنترین زمان دەبن کە عبری یە یان یۆنانییە یان لاتاینە یان عەرەبییە یان فێری زمانی دایك و باوکیان ئەبن چونکە لەوان بوون؟. تاقیکردنەوەکە بێ ئەنجام بوو چونکە مناڵەکان مردن." – ئێرنست کانتۆرۆڤیچ

سیزەر فریدریشی دووەم لەڕاستیدا کەسێکی ڕۆشنبیر بوو لە سەردەمی خۆیدا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تاقیکردنەوە نا مرۆڤانەیەی لەسەر ئە منالانە ئەنجامدا بەمەبەستی لێکۆڵینەوەلە ڕەچەڵەکی زمانەکان. سەرەڕای ئەوەی نموونەیەکیش هەبوو: هێرۆدۆت (مێژووناسی یۆنانی سەدەی ٥ی پێش زاینی) باس لە تاقیکەدنەوەیەکی لە هەمان بابەت دەکات کە لە لایەن فرعۆن پسامێتیکی یەکەوە ئەنجامدراوە لە سەدەی ٧ ی پێش زاینی. زمان وەك جیاکەرەوەیەکی مرۆڤ هەر لە زووەوە جێگەی سەرسوڕماندن بووە. هیوای ئەوەمان هەیە کە باشتر لە بوونەوەری خۆمان تێبگەین ئەگەر ڕەچەڵەکی زمان بدۆزینەوە.

مناڵ بۆ ژیان پێویستی بە مەیل و ڕووپێدانە. ئەگەر کەسێك نەبێت ڕوپیپێبدات و خەمخۆری بێت ئەوا دەمرێت. لە هەوڵەکەی سیزەر فریدریشی دوودا مەبەست ئەوەبوو کە مناڵەکان خۆیان لە خۆیانەوە زمانی ڕەچەڵەکی مرۆڤایەتی فێربن و فەرمان بە

دایەنەکان درابوو نەیاندوێنن. دەبوو بەباشی خواردن بە مناڵەکان بدەن بەڵام بەهیچ جۆرێك لەڕوی جەستەیی و دەروونیەوە ڕویان پێنەدەن و نەیان دوێنن. بۆیە مردن و هیچ زمانێکیش فێرنەبوون لە خۆیانەوە. یەکێك لە ڕەگەکانی زمان لە ڕەفتاری پەیوەندییەکانی مرۆڤەکاندایە بۆیە لە منالٔیشدا زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە سەرەتاییەکانەوە گەشە دەکات.

مەرجێکی تری زمان پێکهاتە بایۆلۆجیەکانی مرۆڤە لە مێشکدا. گرنگترین بەش لە کاراکردنی توانای زمان بە وتنی وشەکان دەست پێناکات. مناڵ بە کۆئەندامێکی کارای زمانەوە یەتە ژیانەوە کە پێکهاتووە لە دوو سەنتەری نزیک لەیەکەوە لە مێشکدا. سەنتەرێکیان زمان شیدەکاتەوە ئەویتریان زمان دروست دەکات. لەکاتی تووشبوونی کەسێکی پیر بە وەستانی کتوپڕی مێشك دەبینین لەکار کەوتنی یەکێك لەم سەنتەرانەی زمان یان هەردوکیان چ بەدواهاتێکی گەورەیان هەیە. ئەگەر لەکاتی وەستانی مێشکەکە یەکێك لە سەنتەرەکان زیانی پێگەیشت کەسی تووشبوو ناتوانێت ووشەی بیستراو تێبگات یان ناتوانێت بدوێت. ئەگەر هاتوو هەردوو سەنتەرەکە لەکار کەوت ئەوا نە دەتوانێت تێبگات جیتر و نە دەتوانێت بدوێت.

ڕەگێکی تری گرنگی توانای مرۆڤ بۆ ئاخافتن لە توانای بیرکردنەوەیدایە. زمان تەنها ئەوە نی یە کە ئەوەی دەبیسترێت تۆماربکرێت و بەدەنگ ووشە دروست بکرێت. دەبێت لە مانای ووشەکان بگەین و بیرەکانی خۆمان دەربڕین. ئەگەر دایکێك بە مناڵە ٢ ساڵانەکەی گووت "بوکەکەت لەسەر قەنەفەکەیە" مناڵەکە نابێت تەنها بوك و قەنەفە بزانێت چییە بەڵکو دەبێت بزانێت

ووشەی "لەسەر" مانای چی. ئەمەش پێویستی بە بوونی توانای هێنانە بەرچاو و دیاریکردنی شوێنی شتەکان هەیە. تەنها بە بوونی ئەو توانایە دەتوانێت منالّەکە تێبگات کە پەیوەندی نێوان بوکەکە و قەنەفەکە چی یە. دەبێت بتوانێت جیایبکاتەوە کە بوکەکە لەژێر یان لە پشت قەنەفەکە نی یە بەڵکو لەسەریێتی.

پێش ئەوەی زیاتر باس لەم سێ ڕەگەی زمان بکەین. دەمانەوێت تۆزێك زیاتر لە ووشەی "زمان" بکۆڵینەوە. ئاسان نی یە بتوانرێت: بە یارمەتی زمانەوە هەوڵ بدەین لە زمان تێبگەین. ئایا ئەمە بابەتێکی بێ چارە؟

زمان چی یە؟

با هەوڵ بدەین زیاتر بیر لە ووشەی زمان بکەینەوە. یەکێك لە هۆکانی بەکارهێنانی زمان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکانە. بە وتراو و نوسراوەکان هەوڵ دەدەین کەسانی تر لەخۆمان بگەیەنین. ساوایەکیش کە دەقیژێنێت نامەیەکی گرنگی هەیە کە دەیەوێت بیگەیەنێت پێمان: برسییەتی. بەڵام لەوانەیە گریانەکەی بە زمان لەقەڵەم نەدەین. قیژاندن شێوازێکە لە شێوازەکانی پەیوەندی کردن کە لە ئاژەڵەکانی تریشدا بڵاوە. سەگێك بە سەگێکی تر دەوەڕێت بۆی دوری بخاتەوە لە شوێنەکەی خۆی. باڵندەیەکی نیرینە دەجریوێنێت بۆ نزیکخستنەوەی باڵندەیەکی مێینە لەخۆی. لەلای منالّەکە برسێتی و لەلای سەگەکە هەستکردن بەخاوەنداریێتی و لەلایەن باڵندەکە ئارەزوی زاوزێکردن دەبێتەهۆی هەژاندنی توانای پەیوەندی کردن. منالّەکەش و سەگەکەش و باڵندەکەش نامەیەکیان هەیە کە دەیانەوێت هەستێك یان پێویستیەکیان بگەیەنن. بەکارهێنانی زمان بەڵام لە گەیاندنی نامەیەك زیاترە.

پیاگێت (دەرون ناسێکی سەدەی بیستەم) ئاماژەی بە جیاکەرەوەیەکی گرنگی زمانی مرۆڤ داوە. دەڵێت: زمان ئەو توانایەمان دەداتێت کە لەڕێگەی ووشە و ڕستەوە بەیانێك بگەیەنین کە بەهیچ هۆکارێکی دەرەکییەوە نەبەستراون. منداڵە ٢ ساڵانەکش لە پێشەوێنی "لەسەر" تێدەگات بەهەموو مانا جیاوازەکانییەوە. منداڵەکە تێدەگات کە بوکەکە لەسەر قەنەفەکەیە مانای چی هەروەها دەشزانێت کڵاوەکە لەسەر سەرییەتی یان هیلانەکە لەسەر دارەکەیە. منداڵەکە پێشەوێنکە تەنها بەو شێوەیە بەکار ناهێنێت کە لە دایك وباوك و خوشك وبراکانی دەیبیستێت بەڵکو دەتوانێت لە دەرەوەی ئەو بازنەیەش پێشەوێنکە بەکاربهێنێت و ماناکەی ببەستێتەوە بە پەیوەندی ڤێرتیکالی/ نێوان تەنەکان.

لەبەر ئەوەی زاراوەکان لە زمانەکاندا بەبەردەوامی دەتوانن لە پەیوەندی نوێدا بەکار بهێنرێن. ئەمە وا لە زمانی مرۆڤ دەکات کە بێسنور لە گەشەکردندا بێت. ئەگەر بهاتایە زمانی مرۆڤ وەك "زمانی" گیانەوەران بوایە کە تەنها بۆ دەربڕینێکە و لەڕێگەی لاسایی کردنەوەوە فێربوینایە ئەوا کەلتوری مرۆڤایەتی دروست نەدەبوو.

بەڵام ئایا تەنها مرۆڤ وەك پیاگێت باسی لێوەدەکات زمانی بەو شێوەیەیە؟ هەموو ئاژەڵە ئاست بەرز و نزمەکان بەیەکەوە پەیوەندی دەکەن. بە ئاڵوگۆڕکردنی ژیاکەرەوەی تەیبەت پێکەوە ژیانیان ڕێکدەخرێت. ئاژەڵە ئاست بەرزەکان دەربڕینی نازارەکییان هەیە کە ئێمەی مرۆڤیش پێیان ئاشناین و لێیان تێدەگەین و بۆ پێکەوە ژیانمان گرنگە. پێویستییەکانیان بە جووڵەی ئەندامەکانیان

و جووڵەی دەموچاویان و دروستکردنی چەند دەنگێگ دەردەبڕن بۆمان. پشیلە پشتی دەکات بە کەوانێك و خۆی گڤ دەکاتەوە لەبەردەمی سەگێکدا وەك هەڕەشەکردن. سەگ کلکی دەلەقێنێت بۆ دەربڕینی مەیل یان دانی جیڕدەکاتەوە بۆ دەربڕینی تووڕەیی و نیازی پەلامار دان.

لە ئاژەڵە ئاست بەرزەکان مەیمونی سیفەت نزیك بە مرۆڤ لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و دەرکەوتووە کە توانای فێربونی زمانی هێمایان هەیە (پرێماك). بە شێوەیەك کە دەتوانن بە زمانی هێما و ئاماژەکردن ڕستەی بەسوود دروست بکەن. بەڵام بۆ ئەمە پێویستیان بە فێرکردنە لەلایەن مرۆڤەوە. تێبینی ئەوەش کراوە کە ئەو جۆرە مەیمونە ئەگەر گیرابن و ڕاهێنانیان پێکرابێت دەتوانن ئەو توانایە بدەن بە بێچووەکانیشیان بەڵام لەو مەیمونانەی کە ئازادن تێبینی ئەو بەهرەیە نەکراوە. بەڵام ئەم توانایە دوای چەند ساڵێك ڕاهێنانیش زۆر بە سنورداری دەمێنێتەوە. توانای تێگەیشتن لە زمان و دەربڕین بە هێما لەلایەن گۆریلا و شەمپانزیەوە ئەوپەڕی هێندەی توانای منالێکی ٢ تا ٣ ساڵان دەبێت (تۆماسیلۆ).

مانای پەیوەندی بۆ زمان

زمان بەو مانایەی کە پیاگێت باسی لێوەدەکات و توانای تێگەیشتنی زاراوەکان لەچەند ڕوانگەیەکەوە دوای تەمەنی ٢ ساڵی دەست پێدەکات. پێش ئەوە منالەکە پێویستی بە پەیوەندی نی یە. منالی ساوا بە چەند ڕێگەیەک پەیوەندی بە دەوروبەری دەکات لە یەکەم ڕۆژی تەمەنییەوە. ئەو شێوە سەرەتاییەی پەیوەندیکردن بنەمایەکە بۆ گەشەکردنی توانای زمانی منالەکە. لە پەیوەندی ڕۆژانەماندا

لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوروبەرمان دەمانەوێت مانای وشەکان زۆر بەرز بخەملێنین. لەڕاستیدا هەستمان چۆنە بۆ بەرامبەرمان و تا چ ڕادەیەك دەگونجێین لەگەلیاندا زیاتر بە جوڵەی دەست و دەمووچاو مان و بە شێوازی ڕەفتارمان دەری دەبڕین لەوەی بە زمان دەری ببڕین. واتە بەشێوەیەکی نازارەکی. تەنها بە بەرزکردنەوەی زوچێکی لیومان بۆ سەروە بەسە بۆ ئەوەی بەرامبەرمان تێبگات: ئێمە لێ ی تێدەکەین. ئەگەر کەسێك تەماشای دەموچاومان نەکات ئەوا دەزانین کە نایەوێت ئێمان دوێنێت. ئامرازەکانی دەربڕینمان لە پەیوەندیمان لەگەڵ کەسانی بەرامبەر ووشە گوتراوەکان و جوڵەی لەش و شێوەی تەماشا کردنمان و ڕادەی بەرزی دەنگمانە. بۆ تێگەیشتنمان لە دەوروبەرمان پێش هەموو شتێک پێویستمان بە چاوەکانمان و بە هەستی بەرکەوتن و گوێمان و هەستی بۆنکردنمانە. لە کاتی قسەکردن ووشەکان کەمترین نرخیان هەیە لەچاو چۆنێتی گوتنییان. ئایا ووشەی "ساختەچی" بە مەبەستی توانجگرتن بەکار دێت یان بەمانای قسەخۆش دەگوترێت تەنها لەڕێگەی چۆنێتی گوتنییەوە بۆمان دەردەکەوێت.

لە یەکەمین ٢ ساڵدا مناڵ لەگەڵ دایک و باوکیدا زیاتر بەشێوەیەکی نازارەکی و بە هێما پەیوەندی دەکات. کە دایکێك ساواکەی دەدوێنێت مانای ووشەکانی کە دەیڵێت هیچ نرخێکیان نی یە بۆ ساواکە بەڵکو بەرزی دەنگی دایکەکە و میلۆدییەکەی و چۆنێتی دەربڕینی دەنگی دایکەکە گرنگە. ساواکەش هەستی خۆی بە جوڵەی دەموچاو و شێوەی سەیرکردن و گریانی دەردەبڕێت بۆ دایکەکە. زمانی نازارەکی پەیوەندییەکی زۆر قووڵ لەنێوان مناڵەکە

و دایك و باوکی دروست دەكات (زیاتر لە بەشی پەیوەندییەکان).
پاشان توانای زمانگرتن لەسەر بنەمای ئەم پەیوەندییە دروستبووە گەشەی پێدەدرێت.

زمانی جەستەیی و نازارەکی

دەربڕین	هەست پێکردن	نموونە
هەڵسوکەوت	بینین	خۆدورگرتن
جووڵە	بینین	هەنگاوی خێرا
جووڵەی دەموچاو	بینین	دەربڕینی خۆشی بە دەموچاو
دەربڕین بە چاو	بینین	تەماشا نەکردن
دەنگ	بیستن	دەنگێکی هێمن کەرەوە
بەرکەوتن	هەستی بەرکەوتن	دەست بەسەرداهێنان
بۆنی لەش	بۆنکردن	بۆنی کەسێکی نائاشنا

مەرجە بیۆلۆجییەکان بۆ زمانگرتن

مێشکی مناڵ تواناياکەی بێهاوتای گەشەکردن و خۆگونجاندنی هەیە. ئەم توانایەش بە شێوەیەکی دیار لە زمانگرتندا دەردەکەوێت. مناڵ هەر لەسەرەتاوە بە پۆتێنشەڵ و توانایەکی شاراوەی گەورەی فێربونی زمانەوە دێنە دنیاوە کە ئەمەش وای لێدەکات لە ساڵانی سەرەتایدا گەشەکردنێکی سەرسوڕمێنەر لە توانای قسەکردندا بەخۆیەوە ببینێت. گەشەکردنی زمان لەگەڵ پێگەیشتنی مێشکدا دەست پێدەکات، کە ئەمەش پێش لەدایکبوون بە زۆر ڕوودەدات و لەتەمەنی کامڵبووندا کۆتای پێدێت (لێنبێرگ).

وەکو بیستمان مێشك لەخۆیەوە ناتوانێت زمانمان پێ بگرێت. پێویستی بە ئەزموونێکی بەرفراوانە لە پێکەوەژیان لەگەڵ مرۆڤی تر.

مناڵ لە تەمەنی پێش کامڵبووندا بە شێوەیەکی تر فێری زمان دەبن وەك لە زۆربەی گەورەکان. زمانێك بەوە فێردەبن کە گوێدەگرن و شتە بیستراوەکە پەیوەست دەکەنەوە بە کەسانێك یان هەڵسوکەوتێك یان شتێک لە ژینگەکەیاندایە. دایک و باوك پێویست ناکات مناڵەکانیان فێری زمانیان بکەن. تەنها ئەوەنەی کە ڕێگەیان بدەن کە ئەزموون پەیدا بکەن لەگەڵ زمانەکە بەسیانە بۆ ئەوەی زمان بگرن و فێری زمانەکە ببن. بە پێچەوانەی گەورەکانەوە مناڵ زمانی دووەم یان سێهەم زۆر بە ئاسانی فێردەبن. زمانێکی تر لە ماوەی ٦ بۆ ١٢ مناگدا بەجوانی و بەبێ هەڵەی ڕێزمانی دەتوانن فێرببن.

زمانگرتن لە ڕێی گوێگرتن و بینین

لە تەمەنی کامڵبوون وەرچەرخانێکی گەورە لە توانای زمان فێربووندا ڕوودەدات. زۆربەی گەورەکان ناتوانن زمانێك وەك مناڵەکان فێربن بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی شیکارکردن و ڕاهێنانەوە

فێری بن. دەبێت ووشەکان لەبەرکەن و چەندین ڕێسای ڕێزمانی فێربن و مانای دەستەواژەکان و دروستکردنی ڕستە فێربن.
لە تەمەنی ٢٠ ساڵ بەرەو ژوور کەم گەورە دەتوانن زمانێکی تر بە پێرفێکتی فێربن و وەك زمانی دایکیان پێی بدوێن. بێگومان گەورە هەیە کە لێهاتوویان هەیە بۆ زمان و دەتوانن تەنها بە بیستنی زمانێك زمانەکە وەك منالٚ فێربن. لێهاتووی زمان فێربوون و شیکارکردنەوەی و دروستکردنی ڕەچەڵەکی بیۆلۆجی هەیە وهەر لە ساواییەوە کارایە.
ئەم گریمانە ئەم تێبینیانە دەسەلمێنێت:
سەنتەرەکانی زمان مرۆڤ تەنها توانایەکی بیستنی زۆر بەرزی نی یە بگرە لە لەشیدا ئەندامێکی زمانیشی هەیە. لە پێش ١٠٠ ساڵەوە ئەوە زانراوە کە لە مێشکی مرۆڤدا دوو سەنتەری تایبەت بە زمان هەیە. ئەم سەنتەرانەش بریتین لە بەشی تایبەت لە مێشك کە هەڵدەستن بە مامەڵە کردن لەگەڵ زماندا. یەکێك لەم سەنتەرانە بەناوی دۆزەرەکەیەوە ناو دەبرێت بە بۆشایی ڤێرنیك. لەم بۆشاییەی مێشکدا ووشە بیستراوەکان شیدەکرێنەوە و لەگوێی ناوەندەوە دەگەیەنرێن بۆ دەمارەکانی بیستن و پاشان بۆ ناوەندی مێشک. سەنتەری دووم لە پێشەوەیەو تایبەتە بە دروست کردنی وشەی گوتراو و بەناوی دۆزەرەکەیەوە ناو دەبرێت بە بۆشایی برۆکا. ئەم دوو سەنتەرە پەیوەندی زۆر توندیان هەیە لەنێوان خۆیان و لەگەڵ سەنتەری تری ناو مێشکدا.
لە مرۆڤی ڕاستەدا ئەم دوو سەنتەرە دەکەونە لای چەپ و لە مرۆڤی چەپەدا دەکەونە لای نیوەی ڕاستی مێشك. سیگنالە

بیستراوەکانی تر کە هیچ زمانێك نین بۆ نموونە میوزیك لە نیوەکەی تری مێشکدا شیدەکرێتەوە.
لە ساڵانی یەکەمدا سەنتەرەکانی زمان لە بەشێکی دیاریکراودا نین. ئەگەر لەم تەمەندا منالێك ڕوداوێکی بەسەردا بێت و بەشێکی مێشکی بریندار ببێت ئەوا زۆر بەباشی دەتوانێت تواناکانی زمانی بگوێزێتەوە بۆ بەشەکەی تری مێشکی کە زەرەری پێنەگەیشتووە. لە کاتێکدا ئەگەر گەورەیەکە بەهۆی جەڵتەوە بەشێکی مێشکی زیانی پێبگات زۆری پێدەچێت تا چاك دەبێتەوە یان تەنانەت لەوانەیە هەر نەشتوانێت دووبارە چاکببێتەوە. مێشك لە منالدا نەك تەنها توانای وەرگرتنی زیاترە بەڵکو توانای خۆ گونجاندنیشی زیاترە.

مامەڵەکردنی تایبەتی دەنگ و دروست کردنی لە پەرەسەندندا هەندێك بۆشایی تەنها تایبەتمەندی ئەوەی پەیدا نەکردووە کە توانای قسەکردن پەیدا بکەن بەڵکو تواناکان بەرە بەرە زیاتر گونجێنراوە لەگەڵ پێداویستیەکانی مرۆڤ بۆ پەیوەندیکردن (Godnik, Miller). ووشە بیستراوەکان بەجۆرێکی جیاواز لەمێشکدا شیکاردەکرێن لەچاو ئاواز و ژاوەژاوەکان (Eimas).
ئەم جیاوازییەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بۆچی ساواکان کاردانەوەیان بۆ ئاوازاکان جیاوازە لەگەڵ کاردانەوەیان بۆ ووشە بیستراوەکان.
گشتگیری لە شیکارکردنی ووشە بیستراوەکان ووشە بیستراوەکان لەهەموو مرۆڤەکاندا بەپێی هەمان یاسای فۆنۆلۆجی شیکار دەکرێن و دروست دەکرێن. بەبێ بوونی هیچ پەیوەندییەك بەوەی

بە چ زمانێک دەئاخافترێت. Lisker و هاوکارەکانی لێکۆڵینەوەیان لەسەر یانزدە زمانی زۆر جیاوازی وەك ئیتاڵی و ئەڵمانی و فینلەندی کرد و بۆیان دەرکەوت کە دروستکردنی دەنگەکان لە هەموو زمانەکاندا بەپێی هەمان ڕێسای فۆنێتیکین. ئەگەرچی لە جیهاندا مرۆڤەکان چەندین زمانی جیاوازیان هەیە بەڵام هەموویان هەمان بنەمای بایۆلۆچیان هەیە. ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە بۆچی هەموو مناڵەکانی جیهان لەیەکەم ساڵی ساواییاندا دەنگی لەیەکچوو دەتوانن دروست بکەن (Weir).

کاتی دیاریکراوی بایۆلۆجی بۆ دروستکردنی زمان کاتی توانای شیکردنەوەی مانای زمانەکان و دروستکردنی ڕستە لە مناڵێکەوە بۆ مناڵێکی تر دەگۆڕێت. هەندێك مناڵ دەتوانن ڕستەی دوو ووشەیی لە نێوان ١٥ مانگی بۆ ٢٤ مانگی دروستبکەن و هەندێکیشیان لەنێوان ٣٠ مناگی بۆ ٤٢ مانگی ئەو توانایەیان دەبێت. بەڵام جگە لەکاتەکە هەموو هەنگاوەکانی تری پرۆشەکە لە هەموو مناڵەکاندا وەك یەکە (Szagun).

ڕستەیەکی وەك "سوزی گۆرانی دەڵێت." کە بۆ ئێمە زۆر سادەیە بۆ مناڵێکی کە تازە زمان دەگرێت پێویستی بە لێهاتوویەکی زۆرە بۆ گوتنی. چونکە واتا مناڵەکە فێری دوو جۆر وشەی جیاواز بووە کە جۆرێکیان ناوە وەك "سوزی" و "گۆرانی" ئەویکەشیان فرمانە وەك "دەڵێت". جگە لەوە فێریش بووە لە گەڵ ناوی سوزیدا کە بکەری ڕستەکەیە فرمانەکە چۆن لەڕووی ڕێزمانەوە بەڕاستی بڵێت. مناڵ - زۆربەی جار بۆ دڵخۆشکردنی دایك و باوکیان - وشەکان بە شێوەیەکی نامۆ پێکەوە دەنێن یان ڕستەی سەیر دروست دەکەن. ئەمە ڕودەدات چونکە مناڵ لەسەر بنەمای ئەوەی دەیبیستێت

هەوڵ دەدات خۆنەویستانە ڕێسا دروستبکات بۆ وشەکان و پەیوەندیان بەیەکەوەو شێوازی بەکارهێنانیان لە ڕستەکاندا. لە سەرەتادا ڕێساکانی خۆیان دروستیانکردووە بە شێوەیەکی گشتی بەکاری دەهێنن و لە ئەنجامدا ڕستەی ناباو دروست دەبێت. بۆ ئێمەی گەورە ئەرکێکی خۆشە بیربکەینەوە و تێبگەین منداڵەکە بۆ وا قسە دەکات و چ هەڵەیەکی ڕێزمانی دەکات. ڕێسای زۆر سەرەتایی وەك دروستکردنی ڕستە لە بکەر و فرمان و ئاوەڵناو ناتوانێت بەباشی بەکار بهێنێت. بۆ نموونە منداڵەکە دەڵێت: "سوزی گۆرانی" و فەرمانەکە ناڵێت و وشەی "دەڵێت" بەکارناهێنێت یان بکەری ڕستەکە بەکارناهێنێت و دەڵێت: "گۆرانی دەڵێت". بەڵام سەیر ئەوەیە کە منداڵەکە چەند خێرا فێر دەبن ڕستەکان بەڕاستی بڵێن و چەند زوو فێری قسەکردن بە ڕاستی دەبن بە بێ ئەوەی بەمەبەست دابنیشن و خۆیان فێری ڕێسا ڕیزمانییەکان بن. بەوەدا کە منداڵ لەسەرەتادا ئەو هەڵانە دەکات بۆمان دەردەکەوێت کە منداڵەکە وردە وردە خۆی فێر دەبێت ڕێزمانی زمانەکە بەتەواوی بەکابهێنێت و لەسەرەتاوە زمان بە لاسایی کردنەوەی کەسانی تر فێرنابێت. ئەگەر وا نەبوایە ئەوا دەبوو منداڵەکە هەرچی ڕستەیە یەکجار گوێی لێبووبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بیانڵێتەوە، کە ئەمەش نابێت. کەواتە منداڵ زمان لەڕێگەی لەبەرکردنی ڕستە و وشەکانەوە فێرنابێت بەڵکو ئەزمونەکان کۆدەکاتەوە و خۆی گەشە بە توانای زمانی خۆی دەدات. Chomsky زمانەوانێکی ئەمریسکی سەدەی بیست ئاماژەی بەوا داوە کە منداڵ بەشێوەیەکی زکماکی بنچینەیەکی سەرەتایی لە شێوازی پێکهاتنی زمان هەیە. ئەم ئاشناییە سەرەتاییە وای لێدەکات ئاسان فێری زمانەکە ببێت و لێی

تێبگات. کەواتە دەتوانن بڵێین مناڵەکە خۆی لەخۆیدا ویستێکی زگماکی هەیە بۆ فێربوون و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی زمانی.

زمان و بیرکردنەوە

ئایا کامیان پێش کامیان دێت بیرکردنەوە یان ئاخافتن؟ بۆ بەشی زۆری گەورەکان ئاستەمە بتوانن بیربکەنەوە بەبێ زمان زانین دەڵێن: "چۆن بتوانم بیربکەمەوە ئەگەر هیچ زاراوەیەکی زمانی نەزانم؟" ووای بۆدەچن کە لە گەشەکردنی مناڵیشدا زمان هەمان ڕۆڵدەبینێت و زانینی زمان مەرجبێت بۆ بیرکردنەوە. Jean Piage لە پاش لێکۆڵینەوە درێژخایەن و وردەکانی گەیشتە ئەو بۆچونەی کە لە مناڵدا لە سەرەتادا بیرکردنەوە ماوەیەکی زۆر پێش زمانگرتن دەستپێدەکات.   گەشەکردنی دەروونی مەرجێکی زۆر بنەڕەتی یە بۆ باش گەشەکردنی زمان لە مرۆڤدا.

دەتوانرێت کاتی گەشەکردنی دەرونی و زمانی لە ساڵی یەکەمی مناڵدا بەم شێوە کورتکراوەیە بخرێتە ڕوو: لە سەرەتادا گەشەکردنی دەرونی دێت پاشان گەشەکردنی توانای تێگەیشتن دێت و بەدوایدا توانای زمانگرتن و دەربڕین دێت.

لەو گرافیکەی خوارەوەدا ئەو پەیوەندییەی کاتییەی نێوان گەشەکردنەکان لەسەر نموونەی وشەی "خواردن" خراوەتە ڕوو. لە کۆتایی ساڵی یەکەمدا لە مناڵەکەدا تێگەیشنێک بۆ کرداری "خواردن" پەیدا دەبێت. مناڵەکە هەوڵدەدات بە دەستەکانی و پاشان بە کەوچک نان بخوات. ماوەکی کەم پاش ئەوە مناڵەکە دەست دەکات بەوەی تێبگات کە کردارەکە بە "خواردن" ناو دەبرێت. کاتێک دایکەکە مناڵەکان بۆ نان خواردن بانگهێژ دەکات

ساواکەش لە مەبەستی دایکەکە تێدەگات. بەڵام لەلای زۆربەی مناڵەکان لەوانەیە چەند هەفتەیەك یان مانگێك بخایەنێت تا ئەوکاتەی منالّەکە خۆی بتوانێت وشەی "خواردن" بەباشی بڵێت و بەکاری بهێنێت.

لەسەرەتادا منالّەکە لەناو خۆیدا وێنەیەک بۆ هەڵسوکەوتی "خواردن" دروستدەکات پاشان لە مانای وشەکە تێدەگات و پاشان بەکاری دەهێنێت.



پەیوەندی نێوان گەشەکردنی دەروونی و ئاستی تێگەیشتن لە گوتراو و دەربڕین. هێڵەکان نیشانی دەدەن چەند منالّ (بە ڕێژەی سەدی) دەتوانن کەوچک بەکار بهێنن، لە ووشەی "خواردن" تێبگەن و بەکاری بهێنن.

مرۆڤ لە هەموو تەمەنێکی ژیاندا زیاتر تێدەگات لەوەی کە دەتوانێت بە زمان دەری ببڕێت. ئەم دیاردەیە مناڵ بەشێوەیەکی دیار دەگرێتەوە بەڵام گەورەش بەهەمان شێوە. توانای تێگەیشتنمان گەورەترە لە توانای دەربڕینمان. لە نوسینەکانی نوسەرە بەرزەکانی وەك Goethe دەتوانین تێبگەین کاتێک دەیخوێنینەوە بەڵام کەم کەس دەتوانێت نوسینی وەک نوسینەکانی ئەو دابڕێژێت.

بێگومان هیچ ڕێسایەك نی یە بە بێ بواری نامۆ و لە گەشەکردنی زمانیشدا بەهەمان شێوە زاراوە هەیە پێوستی بە ئاستێکی بەرزی توانای بیرکردنەوە هەیە. بۆ نموونە لۆگیك و ماتماتیك پێویستیان بە ئاستێکی بیرکردنەوەی بەرزە. بەڵام بۆ ساڵانی یەکەم دەتوانرێت بە گشتی بگوترێت لەپێشدا بیرکردنەوە پاشان تێگەیشتن و دەربڕین دێت.

ڕۆڵی دایك و باوك

مناڵ ئەگەرچی خۆی زمان فێری خۆیدەکات بەڵام پێویستیان بە ئەزمونێکی زۆر چڕ و بەردەوامە لە زماندا لەگەڵ دایك و باوك و دەوروبەریان. دایك و باوك پێویست ناکات زمان فێری منالەکەیان بکەن بەڵام ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە گەشەکردنی زمانی منالەکە. ڕێگە بۆ منالەکە سازدەکەن زمانبگرێت.

لێکۆڵینەوەکان لە بواری پەیوەندی نێوان شێوازی پەروەردەکردنی منال لەلایەن دایك و باوکیان و ئاستی گەشەکردنی زمانی منالەکان ئەم ئەنجامانەیان (Caden, Nelson) هەبووە: دایك و باوك دەتوانن گەشەکردنی ئاستی زمانی منالەکە پەرەپێبدەن بەوەی کە

شێوازی دەربڕینی مناڵەکە لەوڕوی ناوەڕۆکەوە ڕاستبکەنەوە بەڵام نەك لە ڕوی جۆری دەربڕینەکەوە. ئەگەر وتەیەکی مناڵەکە ڕاست نەبوو دایك و باوك دەتوانن بابەتەکە بەشێوەیەکی ڕون و بە دەستەواژەی گونجاو دوبارەبکەنەوە. چونکە بۆ منالەکە بەهیچ جۆرێك سودبەخش نابێت ئەگەر بێت و دایك و باوکەکە ڕستەکەی بۆ ڕاستبکەنەوە و داوای لێبکەن بەڕاستی دووبارەی بکاتەوە و بۆی ڕونبکەنەوە هەڵەکی چی بوو. نابێت لەبیری بکەین کە مناڵ زمان بە دوبارەکردنەوە و لاسای کردنەوەی گەورە فێرنابێت. هەر بۆیە دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکان ڕاستن و دایك و باوك تەنها ڕۆڵی پەرەپێدەر دەبینن. منالەکە خۆی دەبێت ڕێزمانەکان بە ئەزمونی بەکارهێنانی زمانەکە فێرببێت. کەواتە هیچ سودێکی نابێت ئەگەر هەوڵبدەین منالەکە لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی ڕستەکانەوە فێری زمانەکە بکەین. گرنگتر ئەوەیە هەوڵبدرێت بواری ئاخافتنی زۆر بە منالەکە بدرێت لە بوار و بابەتە جیاوازەکاندا. مناڵ ئارەزوی ئەوە دەکات وشەیەکی نوێ بەردەوام دوبارە بکاتەوە و بەشێوەی جیاواز. دڵخۆشدەبێت دەنگ و دەنگدانەوەی وشەکان تاقیبکاتەوە و ئێمەی گەورەش دەتوانین لەپاڵیدا فراوانی زمانەکەمان ببینین.

بەو شێوەیەکی فراوان دایك و باوك دەتوانن هاندەری گەشەی زمانی منالەکە بن بەوەی دڵفراوانانە لەگەڵ هەڵەکانی منالەکە مامەڵە بکەن و ڕێگەی پێبدەن پرسیارەکانی ئاڕاستەیان بکات و بیبینن چۆن لە دنیا دەڕوانێت. شێوازێکی فێرکاری ڕاستەوخۆ بەپێچەوانەوە هۆکاری باشی نابێت چونکە زمان بریتییە لە شێوازێکی دەربڕینی تایبەت بە مرۆڤەکە و ئەو ڕوداوانەی پیایدا

تێدەپەڕێت. بە زۆرلێکردن مناڵەکە ناتوانێت ووشەکانی باشتر بدۆزێتەوە و هەستەکانی دەرببڕێت.
باشتر وایە دایك و باوك چۆن لەگەڵ منداڵەکانیان بئاخڤێن؟ ئاخاڤتن بە زمانی مناڵ سودی هەیە؟ دایك و باوك نابێت لە شێواز و ناوەڕۆکی قسەکانیاندا لەگەڵ منداڵەکە خۆیان بخەنە ئاستی توانای دەربڕینی منداڵەکە و بە زمانی ئاو بئاخڤێن بەڵکو دەبێت خۆیان بخەنە ئاستی تێگەیشتنی منداڵەکە بەڵام وشەکان بەڕاستی بڵێن.
کاتێك مناڵ بەباشی لە دایك و باوك تێدەگات کە ئەوان بە ڕونی و ڕاستەوخۆ لەڕوی ناوەڕۆك دەربڕینەوە لەگەڵ منداڵەکە بئاخڤێن. زمانەکەیان دەبێت لەگەڵ ئاستی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی منداڵەکە بگونجێت و لەهەمان کاتدا لەگەڵ ئەو ڕوداوەی منداڵەکە لەو ساتەدا دەیبینێت و تیایدایە.

خواردن و

خواردنەوە

داپیرە و باپیرەی بەسەردان هاتوون. بوتڵێک شەرابیان بۆ باوکی جین هێناوە و چەپکێک گوڵ بۆ دایکی و پارچەیەک چۆکلێتی گەورەش کە لە شێوەی کەروێشکدایە بۆ جینی تەمەن ٢ ساڵان. داپیرە و باپیرە زۆر بە دڵخۆشیەوە سەیری کچەزاکەیان دەکەن کە چەند بە پەرۆشەوە چۆکلێتەکە هەڵدەپچڕێت و دەست دەکات بە خواردنی. زیاتر دڵخۆشدەبن بەوەی کە دەبینن جین چەند بە سوپاسەوە سەیریان دەکات و دەم و چاوی خۆی لە چۆکلێت هەلدەسوێت.

خواردن و خواردنەوە پێویستییەکی فیزیۆلۆجین هەروەک هەناسەدان و نوستن. برسێتی و تینویەتی زۆرمان لێدەکات پێداویستییە جەستەییە بنەڕەتییەکامنان بەدیبهێنین. بەڵام لە چۆنێتی و شێوازی خواردن ئازادین. چی دەخۆین و چۆن دەیخۆین و خواردن چ مانایەکی کۆمەڵایەتی هەیە لامان لە کەسێکەوە بۆ کەسێک لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێک و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت. لەکاتێکدا گۆشت لە لای هەندێک کەس بەشێکی سەرەکییە لە ژەمی خواردن مرۆڤ هەیە تەنها بەخواردنی ڕووەکی دەژین. هەندێک خێزان کاتێکی زۆر بۆ خواردن ئامادەکردن تەرخان دەکەن و جۆری زۆر خواردن لەسەر خوانەکانیان دادەنێن خێزان هەیە تەنها خواردنی ئامادەکراو دەخوات.



زمانگرتن لە ڕێی گوێگرتن و بینین

تەنانەت لە ناو مناڵی ساواشدا جیاوازی هەیە لەشێوازی خواردنەوەدا و ئارەزوی خوارنی جۆرێک خواردن لە منالێکەوە بۆ منالێکی تر دەگۆڕێت. خواردن و مانای خواردن بۆ منال دوو شت دەردەبڕێت یەکەم منالەکە وەک تاک جۆنە دووەم چ ئەزموونێکی خێزانی لەو بوارەدا هەیە. دایک وباوک تەنها خواردن نادەن بە منالەکەیان لە ڕێگەی شێوازی خواردن پێدانەوە منالەکە فێری ئەوە دەکەن منالەکە چۆن سەیری خواردن بکات و چ نرخێکی بۆ دابنێت. ئایا کاڤیار خواردنێکی نرخبەهایە یان بریتییە تەنیا لە هێلکەی ماسی پرسیارێکە جوابەکای دەگەڕێتەوە بۆ ئارەزوی مرۆڤەکە و شێوازی پەروەردەکردنی.

سێ شێوازەکەی خواردن

لە یەکەم سالی ژیاندا خواردن بە سێ جۆری جیاواز بە منال دەدرێت. هەر شێوازێکی خواردن بەپێی ئاستی گەشەی

ئۆرگانەکانی منداڵەکە گونجێنراوە. ئەم گونجاندنە پەیوەستە بە توانای کۆئەندامەکانی منداڵەکە بۆ وەرگرتنی خۆراکەکە بۆ هەرس کردنی بۆ ئاڵوگۆڕکردن بە ماددەکانی ناو خواردنەکە و بۆ دەرهاویشتنی.

خۆراکی شل. شیری دایك و شیری وشک باشترین خۆراکن بۆ ساوا لە ٤ مانگی سەرەتادا. ئاسان هەرس دەکرێن و هیچ پەستانێک ناخەنە سەر ئاڵوگۆرکردنی ماددەکانی ناو لەش و گورچیلەکان. شیری دایك بەدەر لەو سیفەتانە هەڵگری ماددەی بەرگریکەرە کە منداڵەکە لە مانگەکانی سەرەتادا دەپارێزن لە توشبوون بە زۆر نەخۆشی. لە تەمەنی ٥ ڕۆژان تا ١٤ ڕۆژان منداڵەکە توانای خواردن بە شێوەیەک پەیدادەکات کە ئەو خواردنەی دەیخوات بە تەواوی بەشی گەشەکردن و گەورەبوونی بکات.

خۆراکی نەرم و مڵ. پاش تەمەنی ٤ مانگی ساواکە بڕی پێویست لە مادده و وزەی تادێت کەمتر لە شیرەکەوە بەتەنها وەردەگرێت. کۆئەندامی هەرس و ماددەگۆڕکێی لەشی منداڵەکە هێندە گەشەی کردووە کە دەتوانێت خۆراکی نەرمیش هەرس بکات و دەربهاوێژێت. لەم تەمەنەدا منداڵەکە دەتوانێت خواردنی توندی وەک پارچە نانیش بگرێت بە دەمیەوە و بە هێواشی بیمژێت.

خۆراکی توند. لە تەمەنی ٢ ساڵاندا جووڵەی دەم و کرداری ڕیخۆڵەکان هێندە گەشەیان کردووە کە منداڵ دەتوانێت خواردنی گەورەکان بخوات. منداڵەکە هێندەی پێویست توانای گازگرتن و جوینی خۆراکی هەیە. لەشیشی توانای ئەوەی هەیە کە بە سەربەخۆیی لەسەر خوان دابنیشێت لەگەڵ گەورەکان.

شیردان دیسان باوه

تا سەدەی نۆزدە هەموو ساوایەک شیری دایکی دەدرایە. ئەگەر دایکێک توانای شیردانی نەبوایە ئەوا دایەنێک شیری بە ساواکە دەدا. نەریتی شیردان و کێشەکانی کاتی شیردان و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ منالّی ساوا دایکەکان و ژنان لەناوخۆیاندا نەوە بە نەوە دەیانگەیاند. لە کەم کاتدا تەنها بۆ ماوەیەکی کەم ساوا شیری مانگا یان مەڕ یان بزنی پێدەدرا.

لە ١٨٥٠ کاندا یەکەم شیری ووشک دۆزرایەوە. پاش ١٩٢٠ دەستکرا بە بەرهەمهێنانی شیر بۆ ساوا لەسەر بنەمای شیری مانگا. لەدوای ئەوە بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ شیردانی سروشتی و شیری وشک ڕکابەری یەکتریان دەکرد. شیری وشک دادەنرا بە باشتر و هەرزانتر. گۆڕانکارییەکانی سەردەم و ڕۆڵی ئافرەت و چەندین بەهانە زیاتر بوونە هۆی ئەوەی شیردان گرانبکەن لەلای دایکەکان. ئەمانە هندێک لەو بیانووە هەڵانەن: شیردان کارێکی ئاسان نی یە. شیردان منالّەکە ماندو دەکات. شیردان مەمکی دایکەکە تێکدەدات. شیردان دەستی دایکەکە لە کارکدن دەگرێت. شیردان ئازادی دایکەکە ناهێڵێت. شیردان لە شوێنە گشتییەکاندا ئەنجام نادرێت. شیردان نیشانەیە بۆ نزمی ئاستی کۆمەڵایەتی. بڕی شیرەکە بە مەمە باشتر دیاریدەکرێت وەک لە شیردانی سروشتی.

تەنانەت ئەو کێشەیەش هەبوو کە پزیشکەکان و پەرستیارەکان و مامانەکانیش ئامەدەنەبوون دایکەکان بۆ شیردان هان بدەن. تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش ئەم هەڵسوکەوتە بووە هۆی کەمبوونەوەی نەریتی شیردان لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا.

له پاش ناوەڕاستی سەدەی بیستدا و بەتایبەتی بە هەوڵی ڕێکخراوی نا حکومی la leche league کە بەردەوامیش لە هەوڵداندایە توانرا گۆڕانێک لە بیرکردنەوە سەبارەت بە شیردان سەرهەڵبدات. لە بواری پزیشکیدا سوودە بایۆلۆجییەکان و نرخە سایکۆلۆجیەکانی شیردان زیاتر و زیاتر دەردەکەوت. لەمڕۆدا ئامۆژگاریکاری شیردان یەن لە نەخۆشخانەکاندا پاش منالبوون بۆ لای دایکەکان و فێریان دەکەن چۆن شیربدەن بەساواکانیان بە شێوەیەکی دروست.

شیردان دیسان باوی هاتۆتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە دایکە گەنجەکان دووچاری کێشەدەبنەوە لە شیرداندا و بەدەسەڵات دەبن. زۆربەی جار کێشەی ئەوەشیان هەیە کە ناتوانن لە دایکی خۆیان یان کەسوکاریان داوای ئامۆژگاری بکەن لەبەر ئەوەی ئەوان شیریان نەداوە و ئەزموونیان نی یە. لەبەر ئەوە باشتر وایە داوای یەرمەتی لە کەسانی شارەزا و ئەو کەسانە بکرێت کە تایبەتمەندن لە ئامۆژگاری کردنی دایکان بۆ شیردان.

"ئەوساوایانەی شیری دایکیان دەخۆنەوە دڵخۆشترن" "شیردان مەرجە بۆ بەتین کردنی پەیوەندی نێوان دایك و منالەکە" ئەمەو چەند وتەیەکی تر ڕۆژانە لە گۆڤار و پەڕتوکەکاندا دەخێنرێنەوە. ئەم چەند خاڵەی باسیان لێوەدەکەین لە ڕوی سودی خۆراک و دەروونیەوە جێگەی باوەڕن:

شیردان باشترین شێوازی خۆراکە بۆساواکە. شیری دایك بە شێوەیەکی سروشتی زۆر بە باشی لەگەڵ فەسلەجەی پێداویستی منالەکە گونجێنراوە. هەر لەبەر ئەمەش بەداخەوە ئەم هۆیانە نزیکمان دەخاتەوە لەو بۆچوونەی کە دەڵێت: "دایکی باش شیری

خۆی دەدات بە ساواکەی". بەڵام هەموو دایکێک نایەوێت یان لە توانایدا نی یە شیربدات. هۆکار هەیە کە ڕێگە لە شیردان دەگرێت بۆ نموونە پێشکات لەدایك بوونی ساواکە یان نەخۆشکەوتنی ساواکە یان دەستگیرانی دایکەکە بەهۆی کارەوە. دایك هەیە بە هۆکاری جیاوازەوە توانای شیردانیان نی یە. بۆ ئەو دایکانە وتەی وەك "هەموو دایکێک توانای شیردانی هەیە" دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشەی دەروونی لەلایان و هەست بە کەمتەرخەمی دەکەن. هەست دەکەن کە بێ توانان و ناتوانن سەرەتایەکی باش بۆ مناڵەکانیان بڕەخسێنن.

ڕاستە شیردان باشتروایە ئامانجی دایك و مناڵەکەش بێت و هەوڵی بۆ بدرێت بەڵام تەنها شێوازی باشی خۆراک پێدان نی یە. ساوا دەکرێت بە شیری مەمەش بەباشی و وەک پێویست خۆراکی پێبدرێت. بەهەمان شێوەی شیردان دایکەکە دەتوانێت پەیوەستی خۆی لەگەڵ ساواکەدا پتەو بکات. هیچ توێژینەوەیەکی زانستیانە نی یە کە بەشێوەیەکی باوەڕپێکراو بیسەلمێنێت کە ئەو منالانەی شیری بوتڵیان خواردۆتەوە لە پەیوەندیەندا جیاوازن لەو منالانەی کە شیری دایکیان خواردۆتەوە.

شیری دایك یان شیری وشک؟

شیردەرەکان وەك مرۆڤ بێچووەکانیان لە هەفتەکان و مانگەکانی سەرەتادا بە شیری خۆیان گۆش دەکەن. شیری هەر شیردەرێک لەگەڵ پێداویستی ساواکەدا گونجێنراوە. شێوازی پێکهاتەی کاربۆهایدرەیت و چەوری و پڕۆتین و مادەکانی تری گونجێنراوە لەگەڵ گەشەکردن و چالاکییەکانی جووڵە و بەرهەمهێنای گەرمی

بێچووەکە. بێچوی جرج کێشیان لە ٦ ڕۆژی سەرەتادا دەبێت بە دووهێند. گوێرەکە بۆ دووهێندکردنی کێشی ٤٥ تا ٦٠ ڕۆژی دەوێت و ئێمەی مرۆڤ ١٥٠ ڕۆژمان دەوێت. پێکهاتەی شیرەکە لەگەڵ خێرایی گەشەکردنەکە گونجێنراوە. لە کاتێکدا شیری جرج ٤ ئەوەندە بڕی پرۆتینی و مادده بنچینەکانی زیاترە لە پێکهاتەکەیدا وەك لە شیری مانگا دەهێندی پێکهاتەی زیاترە لە شیری مرۆڤ. بڕی ووزەش بەهەمان شێوە لە شیری جرجەکەدا زیاترە لە بڕی ووزەی شیری مانگا و مرۆڤ. لەمەشەوە بۆمان دەرەکەوێت کە شیری مانگا و مەڕ و بزن بڕی ماددەکان و ووزەیان زۆر جیاوازە لە بڕی مادده و وزەی پێوسیت کە لە شیری دایکدا هەیە و بەهیچ شێوەیەک گونجاو ن ییە بۆ ساوای مرۆڤ. سودەکانی شیری دایك بەرامبەر بە شیری مانگا لەخوارەوە لە خشتەیەکدا دەخەینە ڕوو. خشتەکە ئەم بابەتانە لە خۆی دەگرێت: ئەو بڕە ووزە و ماددەخۆراکییەکانەی ساوایەک پێویستێتی لەگەڵ توانای ئاڵوگۆرکردنی مادەکان و بەرەنگاری کردنی بۆ نەخۆشیەکان و پاراست لە توشبوون بە ئەلەرگی/ هەستیاری وەك هەستیاری پێست و ئەزما و هەستیارییەکان بە دەنکە هەڵالەکان لە بەهاردا. شیردان تەنها بۆ ساواکە بەسوود نی یە بەڵکوو بۆ دایکەکەش. شیردان مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمک کەمدەکات.

سوودەکانی شیری دایک بەراورد بە شیری مانگا

- بەتەواوی گونجێنراوە بە پێداویستی ووزە و ماددەکانی ساواکە
- بڕی چەورییە ترشییە ناتێرەکانی زیاترە

- بڕی ئەو ڤیتامینانەی زیاترە کە لە چەوریدا دەتوێنەوە (بەدەر لە ڤیتامین د) و بڕی ئەو ڤیتامینانەی کەمترە کە لە ئاودا دەتوێنەوە
- ئەنزیمی لیپاس ی تیایە کە کە شیری مانگادا نییە
- بەتەواوی گونجاوە لەگەڵ کۆئەندامی هەرسی ساوای مرۆڤ بە بونی ئەنزیمی لیپاس و زۆری پرۆتینی ژەك و کەمی پرۆتینی کاساین.
- گونجێنراوە لەگەڵ توانا سنوردارەکەی دەرهاویشتنی گورچیلەی ساواکە (مادده کانزاییەکانی کەمترە)
- بڕێکی زۆر لە سوپەرئێلێمێنتەکانی (مادده بەهاکان) ی تیادایە و ڕێگە دەدات بەباش مژینی ئاسن.
- ماددەی بەرگریکەری تیادایە دژ بە توشکەرەکان:
  - ئیمون گلۆبولین (IgA) ڕێگە لەوە دەگرێت کە میکرۆبەکانی نەخۆشی لەسەر دیواری ڕیخۆڵە خۆیان جێگیر بکەن
  - ئەنزیمەکانی کە هەڵوەشاندنی توشکەر بە نەخۆشییەکان (لیسۆزیمەکان) خێرا دەکەن بەوەی کە ئاسنی توشکەرەکان دەردەکێشن و تێکیان دەشکێنن
  - خانەی بەرگریکەر (ماکرۆفاگ و گرانۆلۆزیت و لیمفۆزیتەکان)
- ماددەی لاکتۆزی تیادایە و لە لاکتۆزیشدا فاکتەری بیفیدوس هەیە بەهۆیەوە شلەیەکی ڕیخۆڵەکان

دروست دەبێت کە میکرۆبەکان لەناو دەبات کە بۆ گەشەکردن مەترسیدارن.

- ڕێژەی میکرۆبی زۆر کەمە
- هەمیشە بەردەستە
- پێویستی بە گەرم کردنەوە نی یە
- بێ بەرامبەرە
- پارێزەرە لە توشبوون بە هاستیارییەکان بەتایبەتی هەستیاری دژی پرۆتینەکانی شیری مانگا.

بەڵام شیری دایك تەنها سوودی نی یە بەرامبەر بە شیری مانگا بەڵکو چەنت لایەنێکی نەرینی مرۆڤکردەیشی هەیە بەداخەوە. پێشکەوترنی پیشەسازی بووە بەهۆی دروستکردنی پێکهاتەی کیمیایی کە بۆ سروشت نامۆن. مرۆڤ ڕۆژانە لە کێڵگەکان و سروشتدا بەکاریان دەهێنێت بۆ لاناوبردنی مێروەکان و کەڕووەکان. پرۆسەکانی وەک بەکلۆر کردنی ئۆکسیدی کاربۆن بۆ بەرهەمهێنانی پلاستیک و بۆیاغ لەکاتی هەڵوەشاندنی پێکهاتەکاندا دەچنە ناو هەوا و ئاو و خاکەوە. لەبەر ئەوەی سروشت توانای شیکردنەوەی ئەم پێکهاتانەی نی یە ئەوا لە ڕێگەی زنجیرەی خۆراکییەوە دێتە ناو لەشی مرۆڤ. لە بەر ئەوەی لەشی مرۆڤ توانای دەرهاویشتنی ئەو مادە ناسروشتیانەی نی یە لەناو چەورییەخانەکاندا بە نیشتویی دەمێننەوە. لەکاتی شیرداندا چەوریيە خانەکانی لەشی دایکەکە دەکەونە جوڵە وبەوشێوەیە ئەگەری ئەوە هەیە ئەو پێکهاتە ناسروشتیانە لە ڕێگەی شیرەوە بۆ مناڵەکە بگوێزرێنەوە. چڕی ئەو مادە کیمیایانە لە شیردا دەگاتە سەدەها ئەوەندەی

بوونیان لە ڕوەکدا. لەم دەیان ساڵانەی کۆتایدا ڕادەی بەکارهێنانی ماددە ژەهراوییەکان و دژەمێروەکان بە ڕێژەی پێنج تا دە هێندی ساڵانی پێشتر کەمی کردووە. چونکە بە بەردەوامی هەوڵی قەدەغەکردنیی ئەو پێکهاتانە دەدرێت. بەڵام مادەکانی وەک بەکلۆرکراوی ئۆکسیدی کاربۆن کە بۆ نەرمکردنەوە لە بابەتە پلاستیکییەکاندا بەکار دەهێنرێت هەر بەربڵاون و بڕی ئەم ماددە زیانبەخشانە لە شیری دایکدا زیاترە وەک لە شیری مانگا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر سوودی شیری دایك زیاترە و ئامۆژگاری بە شیردانی سروشتی دەکرێت. بەڵام شایەنی ئاماژەپێدانە ئەگەر هاتوو لە ساڵانی داهاتوماندا زیاتر گرنگی بە پاکی ژینگە نەدەین و بەردەوامبین لە خراپکردنی و ژەهراوی کردنی ئەوا نەریتێکی هێندە بنەڕەتی وەک شیردان دەتوانێت ببێتە هۆی مەترسی لەسەر مناڵەکانمان.

١٩٢٠ زانستی بایۆکێمستری هێندە پێشکەوتو بوو کە توانرا لە جیاوازی پێکهاتەکانی شیری دایك و شیری مانگا بکۆڵرێتەوە و بەراورد بکرێن. توێژینەوەکان دەریانخست کە شیری مانگا جۆری پرۆتینی زۆر جیاواز و رادەیەکی زۆر پرۆتینی تیادایە لە چاو شیری دایك و بڕی ترشەچەوریەکانی (بەتایبەتی ترشی لینۆل) زۆر کەم تیادایە و ڕێژەی ماددە کانزاییەکانی زۆر بەرزە. لەبەر ئەوە پیشەسازی هەستا بە گونجاندنی شیری مانگا لەگەڵ پێداویستی ساوادا بە ڕوونکردنەوەی و بە زیادکردنی مادە پێویستەکان. جیاواز لە شیری مانگا شیری دروستکراو بۆ ساوا ئەم پێکهاتانەی تیادایە:

- ڕێژەی گشتی پرۆتینی تیایدا کەمکراوەتە بەتایبەتی کاساین زۆر کەمکراوە وپرۆتینەپێویستەکانی ژەکی شیری بۆ زیاکراوە
- ترشەچەورییە ناتێرەکانی بۆزیادکراوە
- شەکری جۆری لاکتۆزی بۆ زیادکراوە
- ڕێژەی مادده کانزاییەکانی تیادا کەمکراوە
- ڤیتامینەکانی وەك ڤیتامین د بۆ زایدکراوە لەگەڵ ئاسن

شیری وشکی سەرەتا بەڕادەیەکی زۆر نزیك لە شیری دایك نزیککراوەتەوە. تەنها پێکهاتە کە تیایاندا نی یە مادده پارێزەرەکانن و بەپێی جۆری ئامادەکردن لەوانەیە نەتوانرێت هێندەی شیری دایک پاکژ و کەم لە میکرۆب ئامادەبکرێت. ڕادەی ڤیتامین و ئاسنی بەرزتر کراوەتەوە لە شیری دایك. شیری پاش شیری سەرەتا بڕی کاربۆهادراتی (گلوکۆز و مالتۆز ولاکتۆز) زیاترە بەڵام پرۆتینەکانی کەمتر هاوتا کراون (کاساین-ئەلبۆمینی بە ڕێژەی ٦٠:٤٠ نی یە بەڵکو تەنها ٨٠:٢٠ ە). شیری پاش شیری سەرەتا زیاتر لە گەدەدا دەمێنێتەوە و بەوشێوەیە هەستی تێری زیاتر بە مناڵەکە دەبەخشێت.

سەربەخۆیی

ساواکان لە خواردندا بەتەواوی بەستراون بە دایك و باوك و کەسانی دەوروبەریان. لە ناوەڕاستی تەمەنی یەکساڵیدا مناڵ دەست دەکات بەوەی وردە وردە لا خواردندا پشت بە خۆی ببەستێت. خۆی دەتوانێت مەمەکەی بەدەست بگرێت یان پارچە نانەکە

بەرێت بۆ دەمی. لە کۆتای یەکەم ساڵی تەمەنیدا مناڵ هەوڵی ئەوە دەدات لە پەرداخدا بخواتەوە یان کەوچک بۆ دەمی ببات. چیتر پێویست ناکات لە باوەشی ئەو کەسەدابێت کە خواردنی دەداتێت و خۆی دەتوانێت لەسەر کورسیەکەی دابنیشێت. لە تەمەنی دوساڵاندا مناڵ دەست بەوە دەکات فێری چەند تەکنیکێکی خواردن ببێت ئەویش بە لاسای کردنەوە کەسانی دەوروبەر.

هێزی کار لە کاتی کێک دروستکردندا

بەپێی ئەو کەلتورەی مناڵەکە تیایدا گەورەدەبێت یان بە کەوچک یان بە چیلکەدار یان بە دەست نان دەخورێت.

لە دوو ساڵی یەکەمدا لە ساوایەکەوە کە دەبێت خواردنی پێبدرێت مناڵەکە دەگۆڕێت بۆ مناڵێکی بچوک کە خۆی دەتوانێت و ئارەزوی ئەوە دەکات خواردن بە دەستی خۆی بخوات. هەندێک مناڵی "نەخۆر" کە ئارەزوی خواردنیان نەدەکرد کاتێک خواردن دەکرا بە دەمیانەوە لەپڕ لەوانەیە بگۆڕدرێن بۆ مناڵی "نەوسن و خۆرە" کاتێک خۆیان بەدەستی خۆیان خواردن دەخۆن. باشتر وایە ڕێگەی

مناڵ بدرێت ئەزمون لەگەڵ نانخواردن دا پەیدا بکەت و ڕێگیری لێنەکرێت تا فێر ببێت "وەک گەورەکان" نان بخوات.

نەریتەکانی سەرخوان

لەسەرخوان مناڵەکە دەبینێت دایك و باوک و ئەندامەکانی خێزانەکەی چۆن ڕەفتار دەکەن. دایك و باوك ڕێساکانی سەر خوان دیاریدەکەن. دەستخۆشی دەکەن لە کاتی نواندنی ڕەفتارێکی جوان و ڕەخنە دەگرن لە ڕەفتارە نابەجێکان. نەریتەلانی سەرخوان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر زۆر جیاوازە. لە کەلتوری ڕۆژئاوادا مناڵ فێردەکرێت لەسەرخوان قڕقێنە نەدات و لاکاتی خواردن ملّچە ملّچ نەکات و دەنگ دروستنەکات لەکاتێکدا کەلتوری تر هەیە لەسەر ئەم زەوییە کە ئەو نەریتانە بە دەستخۆشیکردن و نمایش دێت بۆ خاوەن خوانەکە.

